**برەو**

---

**٢**

# ژیانی خێزانی

برەو

٢

# ژیانی خێزانی

## چەندکورتە باسێك لەمەڕ پەیوەندی نێوان هاوسەران و پەروەردەی نەوەکانیاندا

نووسینی : د. عبدالکریم بکار

وەرگێڕانی : یاسین احمد زەنگەنە

ناوی کتێب بە کوردی: ژیانی خێزانی

نوسینـــــــــی: یاسین احمد زەنگەنە

بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر

نەخشەسازی نــاوەوە: ڕەوشت محەمەد

خـــە ت: نەوزاد کۆیی

بـــــــەرگ : أمين مخلص

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٤ک – ٢٠١٣ز

تــــــیراژ: ١٥٠٠ دانە



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر



لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە
گشتیەکان - ژمارەی سپاردن
(١٣٢٠) ساڵی (٢٠١٣)پێدراوە



نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر – شەقامی دادگا – ژێر تونێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

نوسین و بابەتەکانی دکتۆر (عەبدول کەریم بەکار) لەبواری پەروەردەو خێزان و گەشەپێدانی مرۆییدا ناسك و جوان ولێوان لێوە لەزانیاری بەسوود، چونکە هەڵقوڵاوی ئەزموون و شارەزایی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەیە، ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە کۆمەڵە وتەیەکی بە نرخ و زێڕینە و مشتێکە لەگەوهەرو مرواری، زۆر بەکەڵکە بە تایبەت بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان و بانگخوازان و پەروەردەکاران، دەکرێت سوودی باشی لێ ببینرێت گەر بەوردی بخوێنرێتەوەو دواتر پراکتیزە بکرێت.

هەر لەم سۆنگەوە بەچاکمان زانی ئەم کتێبە وەرگێڕینە سەرزمانی کوردی و پشتیوان بەخوا بە نیازین زنجیرە کتێبێکی تری ئەم زاتە بەرێزە وەرگێڕین و خوێنەرانی گەلەکەمانی پێ ئاشناکەین، تا تاك و خێزان و کۆمەڵگای کوردی بەئاراستەیەکی راست و تەندروستدا هەنگاو بنێت، ئەمەو سوپاس و دەست خۆشی لەنووسینگەی تەفسیر دەکەین کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبە بەنرخەی لە ئەستۆ گرت و پەروەردگاری مەزن و کاربەجێ سەرکەوتویان بکات و بەردەوام بن لەخزمەتی دین و ژین و ئاستی زانستی و رۆشنبیری گەلەکەمان.

**یاسین احمد زەنگەنە**

**کانوونی دووەمی ٢٠١٣ ـ سلێمانی**

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### پێشەکی نووسەر

**الحمد لله رب العالمين حمد الشاكرين، والصلاة والسلام على نبينا محمد المبعوث رحمة للعالمين، وعلى اله وصحبه اجمعين وبعد:**

جیهانگەرایی ئەمڕۆ بەکارێکی مەترسی دار هەڵدەستێت، کە بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان و دووبارە داڕشتنەوەی لەسەر بنەمایەکی مادی، لەم بوارەشدا ئەندازەیەك سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

خێزان لەم هەڵوەشاندنەوەدا پشکی گەوەری بەرکەوتووە، زۆرێك لە هاوسەران بەدووی چێژ و خۆشییە تایبەتیەکانی خۆیاندا دەگەڕێن لە دەرەوەی بازنەی خێزانیدا، لاوازی پەیوەندی لە نێوان باوکان و نەوەکاندا و هەست کردن بە دوورکەوتنەوە و مامەڵەی وشك لای خەڵکانێکی زۆر پەرەی سەندووە بڵاوبۆتەوە، زۆرێك لە باوکان و دایکان زۆر خراپ شڵەژاون لە پەروەردەکردنی نەوەکانیاندا، بەتایبەت لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەرزەکاراندا.

تەکنۆلۆژیای نوێ وای کردووە، هەموو جیهان لە خەڵاتەیەکی گەورە بچێت، منداڵان زۆرشت فێردەبن و زۆر رەفتار دەنوێنن کە پێچەوانەیە بە رێنماییەکانی ئیسلام و نەریتە چاکە بۆماوەکانمان، ئەمەش بارەکەی قوڵ کردۆتەوەو بە ململانێی نەوەکان ناودەنرێت، هەروەها ئاستەنگ و

بەروداوەستانێکی تازەلە ئارادایـە، پێشـتر دەترسـاین لـەوەی منداڵـەکانمان لەماڵ دەرچن و بەرەو شـەقامەکان بـڕۆن، بـەڵام ئـەمڕۆ ترسـەکان لـەنێو خودی ماڵەکانیشدایە،بەهۆی ئەو هەموو هۆکارە پەیوەنـدی و گەیاندنـەی کـە لـە بەردەسـتدان و نـەوەکانمان بـەکاریان دێـنن و ئاگـاداری رۆشـنبیری جیهانی و بوارە خراپ و گەمژەییەکانی دەبن.

لەبەر ئەم هۆیانـە گرنگـە دایبـاب زانسـت وشارەزایی پەیـدا بکـەن، تـا بتوانن دووبارە ئەندازەوشێوازی ژیانی خێزانیـان رێـك بخەنـەوە بـە پێـی رێنـوێنی ئیسـلام و کاریگـەرێتی ئـەو گۆڕانکاریـە جیهانیـە گەورانــەی روودەدەن لەسەر ئاستی حەز و خولیاو و دەرك پێکردن، وە لەسەر ئاستی پەیوەندیەکان و ئاسـتەنگە نوێیەکانـدا، بۆیـە پێویسـتە هـەموو دایبابێـك بەشێکی باش لە رۆشنبیری پەروەردەیی بەدەسـتبێنن، تـا بتـوانن هەسـتن بە ئەرکە پەروەردەییـەکانیان بکـەن، بەرامبـەر نـەوەکانیان بەشـێوەیەکی باش وگونجاو.

ئەوەی جێگەی سەرەنجە زۆرێك دوورکەوتوونەتـەوە لـە خوێندنـەوەی کتێبـی گـەورەو دوور و درێـژو حـەز لـە وتـاری کـورتی پـڕ زانیـاری و ئەزموونی دەوڵەمەند دەکەن، بێ گوێدانە ناسنامەی خاوەنەکەی،ئەمـەش گۆڕانکاریەکی تازە و هەڵوێستێکی باشەو دانایی جیهان سەبارەت بەکێشـە خێزانـــی و پەروەردەییـــەکان دەردەخـــات، ئەمـــەش پێشـــکەوتنێکی دڵخۆشـکەرە لەبـەر ئـەوەی هۆکـارو شـێوازە پەروەردەییـەکان سـیمایەکی جیهانی هەیە، شتێکی باشە سود لە ئەزموونی نەتەوەکانی تر وەربگرین.

ئـەم وتارانــەی ئـەمڕۆ دەیخەمـە بەردەسـتی خوێنـەرانی بـەڕێز، لـە میانــەی دوو ســاڵی رابــردوودا ناردومــە بــۆ ژمارەیــەکی دیــاریکراوی بەشداربووان لە ماڵپەڕی تایبەت بـە خێـزان و پـەروەردەی منـداڵان، ئـەم بابەتە سوپاس بۆ خودا مایەی قبوڵ و کاریگەرێتی بووە لەلایەن ئەوانەی پێیان گەیشتووە، بینیم بڵاوکردنەوەی لە کتێبێکی چاپکراودا سودەکەی فـراوانتر و گشـتگیر تردەکـات، لەکاتێکـدا خـەڵکی لـە دەرەوەی شانشـینی سـعودیە بـەم نامانــە ئاشـنا نەبوونـەو پێیـان نەگەیشـتووە بـە دەگمـەن نەبێت.

خوێنەری بەڕێز هەست بە نزیکی مانـای هەنـدێ دەسـتەواژەی خـولاو بەدەوری کێشەیەکی دیاریکراودا دەکات، وەك گونجان لەنێوان هاوسـەراندا یـان شـێوازی سـزادان یـان هانـدانی نـەوەکان،ئەمـەش روودەدات بـەهۆی چەقبەندی مانا یان چەمك و لێکدانەوەی زۆری ئەو دەستەواژانە.

ئـەم پەیامانــەم دابەشـکرد بـە دوو بەشـەوە،بەشـێکیان تایبــەت بـە پەیوەندی نێوان هاوسەران و ئەوی تـر تایبـەت بـە پـەروەردەی نـەوەکان، بەمەبەستی یارمەتیدانی خوێنەران تا بە شێوەیەکی باشتر تێی بگەن.

لەخوای گەوەرە داواکارم خوێنەران لێی سودمەند بن،و ببێتـە مایـەیی زەخیرە بۆم لە رۆژی دواییدا، انه سميع مجيب.

ا.د.عبدالكريم بكار

١٤٣٢/٢/١٢كۆچی

# بەشی یەکەم

# پەیوەندی هاوسەران

ـ لەدیدی ئیسلامیداپیاوسەرپەرشتی ورابەرایەتی خێزان دەکات، بۆ ئەوەی لەرابەرایەتیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێویستی بەرۆشنبیری بەرێوەبردن و پەروەردەیی باش هەیە، چونکە رابەرایەتیەکی باشی خێزان پێویستی بەلێزانی و دانایی و زانستێکی وا هەیە وەك ئەوەی سەرکەوتن لەسەرکردایەتی کردنی کۆمپانیایەکی گەورەدا پێویستێتی.

ـ ئەگەر هەر یەکێ لەئێمە توانی نیوەی رۆژەکەی بەکاربێنێ بەشێوەیەکی باش، ئەوا لەبەشی دووەمی رۆژەکەیدا کاتی بۆ دەستە بەر دەبێت بۆ حەسانەوەو سەردانی خزم و هاورێیان.... بەلاَم کێشەکان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە زۆرکەس بە درێژایی رۆژ سەرقالَن و، هەستیش ناکەن کەشتێکی بەهاداریان ئەنجامداوە.

ـ کاتێك پیاو یان ژن تورە دەبێ، ئەوا کۆنترۆلَی مێشکیان لەدەست دەدەن، هاوسەنگی هەلَچونیش لەدەست دەدەن، ئەوا لەوساتە وەختەدا پێویستە ئەو کەسە راسپاردەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) بۆ تورەکان جێبەجێ بکات، وەك پەناگرتن بەخوا لەشەیتان، دەست نوێژگرتن، چوون بۆ شوێنێکی تر.

ـ هەندێك لەتوێژینەوەکان سەلماندویانە ئەو مندالاَنەی هەست بە ئارامی ناکەن لای باوانیان، هەستی ترس و دلَە راوکێ دەیانگرێتەوە، وحەز لە دوورە پەرێزی و بێ دەنگی دەکەن، هەندێك جاریش حەز لە یاخی بوون و درۆ دەکەن.

ـ کاتێك باوك لەکارەکەی گەڕایەوە، ئەوا شێوازی هاتنەوەی بۆ نێو ماڵ و خێزانەکەی وا دەرکەوێت، کەوا لەکارەکەیدا بەختەوەرو خۆشحاڵە، ئەمەش لەمیانەی سلاوکردن و لە ئامێزگرتنی منداڵەکان و قسەکردنی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەردەکەوێت.

ـ ئەگەر باوك یان دایك بڕیارێکیاندا کاری دەکردە سەر ژیانی خێزانەکەیان، ئەوا دەبێت راوێژ بەمنداڵە گەورەکانیان بکەن، تا ببنە هاواکار و یارمەتیدەر بۆ ئەو کارەی کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن، وە بۆ ئەوەی مناڵەکانیشی هەست بە ئەزیەت و فشار نەکەن.

ـ گەر بەراوردمان کرد لەنێوان ئەو خراپانەی بەهۆی هەژارییەوە دێتە دی ، وە ئەو خراپانەی کە بەهۆی دەوڵەمەندیەوە سەر هەڵدەدات، دەبینین لایە خراپەکانی هەژاری زۆر زیاترە لە لایە خراپەکانی دەوڵەمەندی، جا پێویستە لەسەر خاوەن خێزان و بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا پلان دابنێت وکاربکات بە مەبەستی خۆشگوزەرانی خێزانەکەی.

ـ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە جیاوازەکان سەلماندویانە کە مرۆڤی دەم بەخەندە تەندروستی و لاوێتی و چوستی و چالاکی چاکترە، لەوانەی بە مۆنی وگرژی ژیان دەبەنە سەر، گاڵتەکردن و قسەی خۆش کاریگەرێتیەکی فسیۆلۆجی گرنگ و کاریگەری هەیە لەبەرزکردنەوەی ورەی تاك هەڵمژینی خورپە، کەواتە پێبکەنە !

ـ گرژی و مۆنی بەردەوام دۆخی خێزانیی خەمۆکاوی و بێزارکەر دەکات، جا کەمێك لە قسەی خۆش و نوکتەی زیرەکانەو کەمێك لە

گاڵتەوگەپی بێ خەوش، خۆراکی پێویست بۆ رۆح و گیان پێك دەهێنن، گرنگ ئەوەیە بەردەوام پابەند بوون بە راستگۆیی و دەرنەچوون لە سنوری رەوشتجوانی هەبێت!!!

ـ کاری سەرەکی دایك چاودێریکردنی منداڵەکانی و رێکخستنی ماڵەکەیەتی بە شێوەیەك ببێتە ژینگەیەکی سەرەنجڕاکێش بۆ نیشتەجێبوانی، تێیدا خانەوادەکە سۆزو هەستی جوان ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەمەش پێویستی بە بایەخدان و داهێنان وئارامگرتنە.

ـ گفتوگۆ بەریەککەوتنی گیانە بە گیان پێش ئەوەی پەیوەندی ژیری بێت بە ژیرییەوە، جا گرنگە کاتێك لە باری بێتاقەتی و شەکەتی یان تورەییدا بوین گفتوگۆ نەکەین،چونکە دەرەنجامی گفتوگۆکان لەم بارەدا نەرێنی و خراپ و زیانبەخش دەبن.

ـ هەندێك لە ژنان بە نیەت پاکی نهێنی خێزانییان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش بەهۆی فزوڵی و حەزلە قسە کردن، هەندێ جاریش بە مەبەستی داواکردنی راوێژ و ئامۆژگاری لە کەسوکارو هاورێکانیانەوە ئەمە دەکەن، شاراوە نیە ئەم کارانە مایەی زیانە و هەندێ جار تاوانە.

ـــ خاوێنی ژینگە و پاراستنی بەرپرسارێتی سەرشانی هەموومانە،کاتێك ئێمە چالاکیەکمان کردو زیانی بە ژینگە گەیاند ئەوا ئەو کاتە وا دەکەین ژینگە زیانمان لێ بدات، لێکۆڵینەوەیەك سەلماندویەتی هەوای پیس دەبێتە مایەیی ناکۆکی زیاتری نێوان خێزانەکان، هەروەها ژاوەژاو رێژەی دوودڵی و دڵەڕاوکێ لای خەڵکی بەزر دەکاتەوە.

ـ لێكۆڵینەوەیەك روونی كردۆتەوە كە هۆڕمۆنی (دوبامین) لاشەی مرۆڤ لەكاتی پێكەنین یان هەستكردن بە بەختەوەریدا دەری دەدات، خانەكانی مێشك لە لەناوچوون دەپارێزێ و چالاكی دەكات، هەروەها تا دەردانی ئەم هۆڕمۆنە لە لاشەدا زیاد بێت ئەوا چالاكی مێشكی مرۆڤ چاكتردەبێت.

ـ تێڕوانین و بایەخدانەكانمان رەنگدانەوەی راستەقینەی ناخمانن، گەر مرۆڤ بە سەرسوڕمانەوە روانییە كاری چاكەو حەزی كرد بەشداری تێدا بكات، ئەوا بەڵگەی چاكێتی كەسەكەیە، گەر لەكاروباری مادیدا بەراوردی زۆری كرد لەنێوان خۆی و خەڵكیدا، ئەوە بەڵگەی زاڵبوونی حەزو خولیای دنیا ویستیە بەسەركەسە كەوە، هەموو مرۆڤێك خۆی باش دەناسێت.

ـ هەندێ كەس لە براكانیان بێتاقەت دەبن، گەر خۆشحاڵیان دەبڕی بە بۆنەیەك لە بۆنە جوانەكان، ئەمەش بەهۆی ئەو كارەساتانەی كە مسوڵمانانی پێدا تێپەڕ دەبن لە هەندێ وڵاتدا، ئەمەش پێچەوانەی رێنوینی پێغەمبەرە (صلى الله علیه و سلم).

كارەساتەكان كۆتاییان نایەت، لەبری دەربڕینی خەمباری وكپ كردنی هەست و خۆشی، بادوعا بۆ برا لێقەوماوەكانمان بكەین و دەستی هاوكاریان بۆ درێژ بكەین.

ـ خێراكە و بزەو خەندەكانت بگەیەنە بە خەڵكی، چونكە كاتێك رومان پێ دەكەنێت بەرووی خەڵكیدا ئەوا دڵیشمان كە لە قەفەسی سنگماندایە پێ دەكەنێت، لە راستیدا كۆكردنەوە لەنێوان پێكەنینی

زۆر نێوان خەمۆكیدا كارێكی گران و ئەستەمە، جا پێویستە پێبكەنین و هانی خەڵك بدەین بۆ پێكەنین، بەرامبەر هەر بزەو خەندەیەكی بەرامبەرەكەمان، خەندە و بزەیەكی گەورەترمان هەبێت.

- خێزانی رۆژهەڵاتی لەمڕۆدا تووشی شەپۆلێكی گەورە لە خراپ لێكگەیشتن و هەڵوەشاندنەوەو دابڕان بۆتەوە، ئەمەش كۆمەڵێك هۆكاری هەیە، پێدەچێت گرنگترینیان ئەوە بێت كە زۆرێك لە پیاوان و ژنان توانایان نەبێت لەكۆنترۆڵكردنی ئارەزووەكانیان، لە پێناو دابینكردنی مافی هاوسەرەكەی و بەدەستهێنانی متمانەیدا، هاوسەرەكان ناتوانن قوربانی لە پێناوی یەكتریدا بدەن.

- ئەزمونی زانستی سەلماندویەتی كە لە مێشكدا ناوچەیەك هەیە چالاك دەبێت كاتێك مرۆڤ گوێی لە هاندان وستایش كردن بێت،یان كاتێك برێك ماڵ و سامانی پێبگات كە پێشبینی نەكردبوو، دەركەوتووە كە ژنان زیاتر كاریگەر دەبن بە وشەی جوان وزیاتر لە پیاوان كارلێكی لەگەڵدا دەكەن، ئەمەش تیشك دەخاتە سەر ئەو مانا وردە شاراوەی كە لە رێنمایی پێغەمبەردایە (صلى الله عليه وسلم) بۆ پیاوان كە راسپاردەی باشیان هەبێت بۆ ژنان.

- پابەندبوون بە سونەتی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) شورایەكی پارێزراو پێك دەهێنێت، كەسایەتی مسوڵمان لە توانەوە لەنێو ژیانی مادی هاوچەرخدا دەپارێزێت،جا لەبەر ئەوە هەموو خێزانێك لەسەریەتی منداڵەكانی فێری نزاو زیكر وئاداب و رەفتارە رۆژانەییەكان بكات.

ـ زۆرێـك لـه گـەورە پیـاوان لـه تواناپانـدا نـەدەبوو بـبن بـه گـەورەو مـەزن گـەر دایكێكـی گـەورەو مـەزنیان نەبایـە،كـە لـە زۆرێـك لـە روبەڕوبونـەوە و ئاسـتەنگەكانی ژیانـدا لەگـەڵیان بوونـە تـا كاتێـك توانیویانە لەسەر پێی خۆیان راوەستن.

ـ ستەمە پیاو لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ هاوەڵ و دۆستانیدا رووخـۆش و كـراوە بێـت،بـەڵام كاتێـك گەڕایـەوە ماڵـەوە خێزانەكـەی جگـە لـە بێتاقەتی و مۆنی هیچی تری لێ نەبینێ و هیچی لێ نەبیستێت جگە لـە گلـەیی و گازنـدە،پێغەمبـەری خـواش (صـلی الله علیـە وسـلم) فەرموویەتی (خیركم خیركم لاهله و انا خیركم لاهلي ) حديث صحيح رواه ترمذي و غيره. واتە چاكترینتان چاكترینتانە بۆ خانەوادەكەی من چاكترینتانم بۆ خانەوادەكەم.

ـــ ســـەردەمەكەمان ســـەردەمی بـــێ ئاگـــایی و رۆچـــوونە لـــە ئارەزووبازی،لەبەر ئەوە پێویستە لەسـەر دایـك و بـاوك خۆیـان رابێـنن لەگـەڵ منداڵـەكانیان لەسـەر نـەریتێكی بـاش و زۆر بەسـود،ئـەویش بریتییە لەوەی لەهەر كاتژمێرێكدا بـۆ یـەك خولـەك راوەسـتن و یـادی خوا بكەن و لێی بپاڕێنەوە وملكەچبن لەبەردەستیدا.

ـ ئـەمڕۆ لـە بـازاڕدا ژمارەیـەكی زۆری كاسێت هەیـە كـە بایـەخ بـە پەروەردەی منداڵان دەدات و ئەزموونی باش پێشكەش بەدایباب دەكات، لـەپێناو بایەخـدانیان بـە منداڵـەكانیان. دەكرێـت بـە شـێوەیەكی نایـاب سـود لەوكاسـێتانە ببینرێـت و گوێیـان لێبگیرێـت، لـەناو ئۆتۆمبیـل و لەكاتی هاتووچۆی خێزانیدا، بە تایبەت لە گەشتی درێژ خایەندا.

ـ زۆرجار بۆنی لاشە بێزار کەرە بەتایبەت لە رۆژانی هاویندا، کاتێك گەرما پەرەدەستێنێت، جا پێویستە لەسەر هەر یەك لە هاوسەران سورِبن لەسەر پاك و خاوێنی لاشەیان بە شێوەیەکی گشتی و دەم و دانیان بەشێوەیەکی تایبەتی، دەرکەوتووە زۆرێك لە ژن و مێردەکان نیگەرانن لە هەندێکی بۆنی ناخۆشی هاوسەرەکانیان بەڵام شەرم دەکەن باسی بکەن و دەری ببڕن.

ـ گەر پیاو گەڕایەوەماڵەوە یان ژن گەڕایەوە ماڵەوە، با هاوسەرەکەی هاتنەوەکەی فەرامۆش نەکات، بەڵکو چاك وایە واز بێنێ لەوە کارانەی پێوەی سەرقاڵەو روبکاتە ئەوو پێشوازی لێبکات و پەرداخێك ئاو یان شتێکی لەو بابەتەی پێشکەش بکات، ئەمەش خۆشەویستی و پەیوەندی نێوانیان زیاد دەکات.

ـ زۆرێك لە ژنان سکاڵایانە لەو بەتاڵی و بێ ئیشیەی هەیانە، داوا لە هاوسەرەکانیان دەکەن ئەو بۆشاییانەیان بۆ پڕ بکەنەوە، ئەمەش کێشە و گرفت دروست دەکات، پێویستە لەسەر هەریەکە لە هاوسەران زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن لە پڕکردنەوەی ئەو نیگەرانیانەی کە هەیانە لە بۆشایی رۆحی و هزری و سود بینین لە کاتەکانیان.

ـ کاتێك دایباب گفتوگۆ دەکەن لە هەر بابەتێ لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە خێزان ، ئەوا پێویستە هەوڵ بدەن خۆ بەدوور بگرن لە هەست و سۆزی خۆشەویستی یان رق لێبونەوە، سەبارەت بەو شتەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن،چونکە ئەمە بەمەرجی بنەرەتی دادەنرێت بۆ گەیشتن بە راستیەکان و بڕیاردانێکی دروست.

ـ بێ ئومێدی دوژمنی ژیانی بەختەوەریە، ئەرکی دایکان و ژنانە بەردەوام ماڵەکانیان وا لێبکەن سەرەنجراکێش بێت بۆ ژیان و مانەوە، وەك روخۆشی ودڵخۆشی و نوێبوونەوەو کاری دڵخۆشکەری لەناکاو، ئەمەش لە راستیدا پێویستی بە شتێك لە داهێنان هەیە.

ـ خەونەکانمان تا گەورە دەبن پێویستیان بە پاڵپشتی و هاندان هەیە، وەك ئەو شتانەی پێشکەشی نەوەکانمان دەکەین، یەکێك لە راپرسیەکان دەریخستووە کە رێژەی ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا گفتوگۆ ناکەن سەبارەت بە هیوا و داهاتووەکانیان دەگاتە رێژەی ٥٧٪ ،بەڵام ئافرەتان رێژەیان دەگاتە ٥١٪،ئەمەش مایەیی نیگەرانی وسەرسوڕمانە.

ـ هەموو ئەو هەوڵانەی بەخەرج دەدرێت بۆ یەکخستنی هەست و سۆزی خێزان و یەکخستنی تێڕوانیان بۆ ژیان، دەڕژێتە خزمەتی گەل ونەتەوەوە، گەواهی دانی زۆر هەیە دەیسەلمێنێت کە زۆربوونی ژمارەی خێزانی توندوتۆڵ و پتەو یانی کەمی ژمارەی بەندینخانە، هەروەها پێچەوانەکەشی راستە.

ـ قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات، مرۆڤ هێزو تواناکەی بەرەو لادان و خۆسەپاندنی دەبات، روون وئاشکرایە پیاو لە لاشەدا بەهێزترە لە ژنان، وە قەبارەشی گەورەترە، جا پێویستە بەردەوام لە خوا بترسێت لە ستەمکردن و هەڕەشەکردن لە هاوسەرەکەی.

ـ سەردانی خزمان لای خوا کارێکی زۆر گەورەیە،پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وتی: (اخبرني بعمل يدخلني

الجنة،قال : تعبد الله و لاتشرك به شيئا، وتقيم الصلاة و تؤتي الزكاة و تصل الرحم) متفق عليه.

به واتای ئاگادارم بكەرەوە لە كارێك بمباتە بەهەشتەوە،فەرمووی خوای گەورە بپەرستە و هاوبەشی بۆ پەیدا مەكە،نوێژەكانت بەجێبێنە و زەكات بدە و سەردانی خزمان بەجێ بێنە.

چی شتێ لەوە گەورەترە سیلەی رەحم هاوشان بكرێت بە یەكتاپەرستی و نوێژ و زەكاتەوە.

- گرنگە كاتێك دەچینە بازار بۆ شت كڕین، بزانین كە ماڵ و سامان هی خوایە، جا پێویستە لەسەرمان بە پێیی رەزامەندی و خوا مامەڵەی پێوە بكەین و دوور لە دەستبلاوی وبەفیڕۆدان و خۆدەرخستن.

ـ هەرچەند تاكەكانی خێزانی مسوڵمان سەرقاڵ بن، پێویستە هەریەكەمان، خوێندنەوەی كتێبێك مانگانە بەلای كەمەوە لەدەست نەدەن، رێكخستنی كات لە هەموو بارودۆخێكدا بوار دەدات هەفتانە كتێبێك بخوێنرێتەوە.

ـ زۆرجار رەوتی پان لەكۆمەڵگادا پێگەیشتوو نییە، بێگومان پێویستە خێزانی مسوڵمان لاسایی كردنەوە رەتكاتەوە، هەوڵ بدات كاروانی ژیانی بەپێی حوكمی شەریعەت و ئاماژەكانی چاكێتی بیت.

- یەكێك لە توێژینەوەكان سەلماندویەتی قسەو باسی ژنان لەسەر پیاوان سێ ئەوەندەی قسەی پیاوانە لەسەر ژنان، ئەمەش وا دەخوازێت ژنان وریابن نهێنی هاوسەرەكانیان ئاشكرا نەكەن لەمیانەی قسەو باس و ئاخاوتنیاندا.

ـ بەدەستهێنانی بژێوی و خەرجی خێزان لە رێگا دروست و رەواکانە، لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە پێویستە خێزان هەمویان بایەخی پێ بدەن، ئەمە شتێکە سازش و دەستبەرداری قبوڵ ناکات، کاتێك بارودۆخەکان بەرتەسك دەبنەوە نارەحەتیەکان توند دەبن، ئەوا دەرچوون لەم نارەحەتیانە بە خواردنی ماڵی حەرام نابێت، بەڵکو بە نزاو پاڕانەوەو پاکیزەیی و کاری جدی دەبێت.

ـ کاتێك تاکەکانی خێزان دەرك بە گرنگی ئەوە دەکەن، کە خەڵکی لە چێژوو تێڕوانینیاندا بۆشتەکان جیاوازن، ئەوسا بۆزۆرێك لە هەڵوێستانەی نواندویانە پۆزش دەهێننەوە.

ـ کاتێك لەباری تورەییدا دەمانەوێت چارەسەری جیاوازیەکانمان بکەین، لە راستیدا ئێمە چارەسەری جیاوازیەکان ناکەین، بەڵکو زیاتر ئاڵۆزی دەکەین. چارەسەری کێشەکان پێویستی بە هێمنی ولەسەرخۆیی و کرانەوەی ئەقڵی هەیە.

ـ لە سیمای ژینگەی پەروەردەیی باش، روخۆشی وگەشبینی و ئەرێنیە، توێژینەوەیەکی بەریتانی سەلماندویەتی، کاتێك تاك دڵخۆش و شادمان و حەساوەیە پەیوەندی بە جیناتی بۆماوەوە نیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رێگا پەروەردەییەی کە لە منداڵیەوە وەریگرتووە.

ـ تاشینی قژی سەری منداڵی کۆرپە لە رۆژی حەوتەمی لەدایکبونیدا، سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی هاوکاری لە کۆمەڵگای مسوڵماندا،چونکە خێرکردن بەکێشی قژی منداڵەکە لە زیو (هەر

چەندە سانایە) ،یارمەتیەکە بۆ هەژاران و بەرجەستە کردنی دیاردەی بەزەییە لە نێوان مسوڵمانانداا.

ـ لە زۆرێك لە ماڵەکاندا دیاردەیەك هەیە،زانایان ناویان ناوە کەڕی سۆزداری، بەمەش بێدەنگی باڵ دەکێشێت بەسەر ماڵدا،و پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان لە کەمترین ئاستیدادەبێت، یەکێك لە توێژینەوەکان دەریخستوە کە (٧ لە ١٠ )ی خێزانەکان دەناڵێنن بەدەست بێدەنگی هاوسەرەکانەوە، ئەمەش ژیانی خێزانی بێبەش دەکات،لە زۆرێك لە سۆز و دڵخۆشی و شادومانی، بەرەو بێزاری و داخراویان دەبات.

ـ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا بە یەکێك لە جیاوازیە بنەڕەتیەکانی نێوان خێزانی چاکی پابەند بە ڕێنماییەکانی ئاین ونێوان خێزانەکانی تردا پێك دێنێت، با هەر خێزانێك لە خێزانەکانمان ئەمە وەك ڕێنمایی وەرگرێت و لەمیانەیەوە پێگەی خۆی لە نەخشەی پابەند بوون و دینداریدا بزانێت.

ـ خەڵکانێکی زۆر پارەیەکی زۆر و بێشومار خەرج دەکەن، لە نرخی ئەو شمەکانەی کە ریکلامەکان رەواجیان پێداوەو جەختیان لەسەر کردۆتەوە، توێژینەوەی وا لە رۆژئاوادا هەیە ئاماژە بە پاشەکشێی کاریگەری ریکلام و پڕوپاگەندە دەکات لە سەرکڕینی شتومەك، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هوشیاری خەڵك بەرەو چاکی و پێگەیشتوویی رۆیشتووە.

ـ توێژینەوەیەکی تازەی بەریتانی ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو پیاووژنانە داوە کە بڕوایان وایە شوێن و پێگەی ئافرەت لە

ماڵەوەدا بێت، زۆر ئەستەمە ژن بتوانێت لەکاتێکدا دایکێکی بەتوانا بێت و فەرمانبەرێکی نایابیش بێت، ئەرك و کارەکانی جێبەجێ بکات هەستێت بە چاودێری خێزانەکەی بەشێوەیەکی باش، بە تایبەت لە کاتێکدا منداڵی بچوکی هەبێت.

ـ توێژەرە ئەمریکیەکان هوشیارییان داوە، ئەو خانمانەی لە قۆناغی دووگیانیدا کار دەکەن زیاتر روبەڕوی توشبوون بە جۆرێکی مەترسیدار لە فشاری خوێن دەبنەوە کە بە (گرژبوونی دووگیانی)ناسراوە، هەرچەندە فشارەکانی کارکردن لەسەر خانمان زیاتر بێت، مەترسیەکانی سەرژیانیان گەورەتردەبێت.

ـ هەندێك لە زانایان سەبارەت بە ئایەتی (قوا انفسکم و اهلیکم نارا) وتویانە خوای گەورە لە رۆژی دواییدا پرسیار لە باوك دەکات سەبارەت بە نەوەکانی، پێش ئەوەی پرسیار لە نەوەکان بکات سەبارەت بە باوکیان، هەر چۆن باوك مافی هەیە بەسەر کوڕەکەیەوە، کوڕیش مافی هەیە بەسەر باوکیەوە.

ـ تا ئێستا جوامێروخانەدانە بەڕێزو چاکەکارەکان، لەنەوەکانی ئەم نەتەوەیە لە خوای گەورە نزیك دەبنەوە بە هۆی ڕێزلێنانیان لە کچەکانیان ودڵنەوایی کردنیان، بە پێچەوانەی نەفامەکان کە کوڕان بە چاکتر دادەنێن لە کچان و بێبەشیان دەکەن لە میرات.

ـ لێکۆڵینەوەیەکی سعودی ئاماژە بەوە دەکات ئالوودە بوونی یەکێك لە ئەندامانی خێزان بە عەرەق خواردنەوە یان مادەی بێهۆشکەر، بە دیارترین هۆکاری سەرەکی دادەنرێت بە توشبوونی یەکێك لە

ئەندامـەکانی خێـزان بـە توندوتیـژی خێزانـی، دواتـر دەبێتـە مایـەی هەوڵوەشاندنەوەی خێزان بە هۆی تەڵاق یان مردنەوە.

ـ ئەوانـەی دەیانـەوێت ژن بێـنن بـا دڵنیـابن لـەوەی ئـەو کچـەی دەیانـەوێت مـارەی بکـەن، نەخۆشـی شـەکرەی نـەبێت، وە کچانیش بـا دڵنیـابن لـەم حاڵەتـە، چـونکە توشـبونی یـەکێك لـە دایبـاب بـە شـەکرە بەگـەورەترین هۆکـاری توشـبونی نـەوەکانینان دادەنرێـت بـە نەخۆشـی شەکرەی منداڵان، ئەو نەخۆشیە مەترسیدار وبێزارکەرە.

ـ کاتێـك کەسـێك سـوکایەتی بەیـەکێکمان دەکـات، ئـەوا بەکەسـەکە دەڵێین:رێزی خۆت بگرە،پێـی نـاڵێین: رێـزم بگـرە، چـەنکە لـە زیهنیـدا بنەمایەکی شکۆدار چەسپیوە کە: هەرکەس رێز لە خۆی بگرێت رێز لە خـەڵکی دەگرێـت، هـەر کـەس رێـزی خـەڵکی بگرێـت خـەڵکی رێـزی لێدەگرێت، گرنگ ئەوەیە منداڵەکانمان لەسـەر ئـەم بنەمایـە پـەروەردە بکەین.

ـ یەکێك زانایانی دەمار دەڵێت گرژبوون وا دەکات خانـەکانی مێشك لاواز بێت یان بمرێت،هەروەها گرژبـوونی پێشـوادە کـە توشـی کۆرپەلـە دەبێـت لـە رەحمـی دایکیـدا، دەشـێت ببێتـە هـۆی بـەگرانی فێربـوون و بیرخسـتنەوە لەمنداڵەکـەدا، لەگـەڵ رودانـی هەنـدێك کێشـەی دەرونـی، بۆیـە ئافرەتـانی دووگیـان ئامۆژگـاری دەکـرێن دورکەونـەوە لـە هـەموو شێوازێکی هەڵچوون.

ـ گرنگە لە دانیشتنی خێزانیدا دایباب نەهێڵن نوکتـەو قسـەو باسـی خـراپ بکرێـت، بەتایبـەت ئەوانـەی ئامـاژەی سێکسیان تێدایـە، چـونکە

منداڵان بە قۆناغێکدا تێدەپەڕن زۆر لەو قسەوباسانە لە هاوڕێکانیان دەبیستن و دواتر لاساییان دەکەنەوە، لەسەر دایبابە بە توندی دژی ئەمانە بوەستنەوە.

ـ بەختەوەری ماڵ بەفراوانی یان گرانبەهایی کەرەستەکانی نیە، بەڵکو بە دامەزراوەیی کەسەکان و ڕێزو خۆشەویستیان بۆ یەکتری و، ئەو خۆشی و شادیەی دەتوانن بۆ خانەوادەکەیان فەراهەمی بکەن، دایباب دەتوانن ئەمانە بە هەوڵ و کۆششێکی کەم دەستەبەر بکەن.

ـ کاتێك ژمارەی منداڵ لەماڵدا زۆر دەبێت دایك پێیانەوە سەرقاڵ دەبێت، وادەکات هەندێك لە مافەکانی مێردەکەی فەرامۆش بکات، یان کاتی وای نەبێت قسەی لەگەڵدا بکات، ئەمەش شتێکی ناڕاستە، هەندێك ئاگایی و ڕێکخستنی کارەکان یارمەتی ئافرەت دەدات بۆ رزگاربوون لەم بارە، ڕەحمەتی خوا لەو کەسانەی کە مافی هەموو خاوەن مافێك دەدەن.

ـــ بەڕێوەبردنی بودجەی دارایی خێزان لە بەرپرسیارێتی ئافرەتدایە، جا لەم بارەوە لەسەرێتی بەئاگایی و ڕێکو پێکی پارە خەرج بکات، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕێك بکەوێت سەبارەت بەپێکهێنانی سندوقێکی یەدەك، لە پێناو باش فێرکردنی نەوەکانیان، خەرج کردن لەپارەی سندوقەکە لە رۆژانی ناڕەحەتی و کاتی نائاساییدا.

ـ لەو نەریتە چاکانەی هەندێك خێزانی مسوڵمان لەسەری راهاتوون پاشەکەوتکردنی بڕی ٢٪ لە خەرجی مانگانەیان، ئەمەش لە پێناو

یارمەتیدانی خێزانە هەژار و لێقەوماوەکاندایـە، دەکرێت ئـەم بڕەمـان دەست کەوێت ئەگەرپارەی رۆژێکمان لە هەر مانگێکدا پاشـەکەوت کـرد ئایا کەسێك هەیە کار بەم دەستپێش خەرییە بکات؟

ـ هەندێك لە دایکان و باوکان بەدەست هەندێ نەخۆشـی دەرونیـەوە دەناڵێنن وەك خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و زوو توڕەبون،پێویستە لەسـەریان چارەسەری خۆیان بکەن تا ماڵەکەیان نەبێتە ژینگەیـەکی پـەروەردەیی خراپ، تا منداڵەکانیان لاساییان نەکەنەوە لەو هەوڵسوکەوتانەیاندا.

ـ بە پێی راپرسییەك کـە کۆمەڵەی نیشـتیمانی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ ئەنجامی دابوو، جەختی کردۆتەوە کە لە لاوازی واعیزی ئاینی هۆکاری سـەرەکییە لـە رودانـی حاڵـەتی توندوتیـژی خێزانـی، هەربۆیـە دورکەوتنـەوە لـە خـوای گـەورە وا دەکـات مـرۆڤ رێگایـەکی تاریـك بگرێتەبەر، رێگایەك جگە لە سزاو ئازاردانی خـەڵکی هیچی تـری تێـدا نەبێت.

ـ ئێمە پێویستمان بەوە هەیە لەسـەر ئەقڵیـەتێکی گـەورە پـەروەردە بـین، بەخششـەکانی پـەروەردگار گەورەیـەو، هەڵـەکانیش زۆرن،کاتێـك ناڕەحەتیـەکان تونـد دەبـن و تـەنگمان پـێ هەڵدەچنن، دەبێـت بـزانین سۆزو بەزەیی خوا بەکاری پیسکەیی و چـروکی دانابـەزێت ، بـەڵکو بـە خێر و چاکە و هاوکاری و بیرکردنەوەی هاوبەش دادەبەزێت.

ــ ئاشـکرایە زمـان هەسـت و سـۆز دروسـت دەکـات، هاوسـەران بـە شـێوەیەکی بـەردەوام پێویسـتیان بـە هەسـت و سـۆزی گـەرم هەیـە، ئـاڵوگۆڕکردنی دەسـتەواژەی وا کـە بەلگـە بێـت لەسـەر خۆشەویسـتی و

ریـّـز و سـوپاس و بایەخـدانی هاوبـەش لەلایـەن هاوسـەرانەوە، لەگـەڵ بانگەشەی راستگۆیانەدا، هـەموو ئەمانـە یارمەتیـدەرن بـۆ بـەدیهێنانی هەست و سۆزێ کە هەمووان پێویستمان پێیەتی.

ـ دایباب پێویستە پەیوەنـدی تایبـەتی نێوانیـان بـە ئاگـایی و نهێنـی تـەواو داپۆشـن، هـەروەها ئاگـاداربوون لـە دەربڕینـی ئـەم پەیوەندییـە، شـەریعەتی خـوا مۆڵـەت وەرگرتنـی دانـاوە بـۆ کـوڕان و کچـان کاتێـك دەچـنە ژوورەو بـۆ لای دایبابیـان ئەمـەش لـە پێنـاو پاراسـتنی ئـەم تایبەتمەندییەدایە.

ـ گفتوگۆی نێـوان هاوسـەران خـۆی لەخۆیـدا خـوازراوە،پێویستە لەسـەریان ئاخاوتنیـان بکەنـە هۆکارێـك بـۆ خۆشـی و دڵخۆشـکردنی یـەکتری، هەرچـەند بابـەتێکی دیـاریکراویش نـەبێت بـۆ ئاخـاوتن، بێـدەنگی زۆر هـەردوو هاوسـەر لێـك دووردەخاتـەوە، پاڵیـان پێـوە دەنێت تا هەر یەکەیان لەجیهانی تایبەتی خۆیدا بژی.

ـ دوورکەوتنـەوە لەسـەر جێگـا هۆکـارێکی رەوایـە بـە مەبەسـتی ئاگادارکردنـەوەی ئـافرەت ، بـۆ ئـەوەی وازبێنێـت لـە ئەنجامـدانی هەندێك رەفتاری هەڵە، پێویست ناکات نوستن لە جێگایەکی تـر یـان لە ژورێکی تردا بێت ، چونکە ئەمە زیاتر دڵساردی و بێمـەیلی زیـاد دەکات، ئەمـەو دورکەوتنـەوەی سـەرجێگا پەیوەنـدی ئاسـایی رۆژانـە ناگرێتەوە چونکە ئەمەیان ناشێت.

ـ ژن و مێرد هەندێك جار هەنگاو دەنێن بۆ وێـران كردنـی ژیـانی خێزانیـان، یـان خـاڵی دەكەنـەوە لەسـۆزو گونجانـدن، بەرێگایـەك كـە مەبەسـتیان نیـە، ئەمـەش لـە میانـەی رەخنـەگرتنی بـەردەوام لـە یـەكتری و جەختكردنـەوە لەسـەر كـەلێن و كـەموكورتی، ئەمـەش بۆشاییەكی گەورە لە نێوانیاندا دروست دەكات.

ــ دەمـــەقاڵێی زۆر لـــە نێـــوان ژن و مێـــردا رودەدات بـــەهۆی بەكارهێنانی زمانەوە، تۆ وات وت،من ئەوەم نـەدە ویسـت، تـۆ خـراپ تێگەیشـتی... هتـد. زۆر گرنگـە ژن و مێـرد بـزانن هـەردوكیان بەرێگایـەكی جیـاواز دەدوێـن، هـەروەها بەرێگایـەكی جیـاواز شـی كردنەوە دەكەن بۆ ئەوشتانەی دەیبیستن.

ـ خۆ بەگەوەرە زانینـی یـەكێك لـە هاوسـەران بەسـەر ئـەوی تـردا بەهۆی ماڵ و سامان یان جوانی یان پایە یـان بڕوانامـە پشـتی ژیـانی خێزانی دەشكێنێ و توشی دەردو ناتەواوی بەردەوامی دەكات.

ـ گونجـانی نێـوان هـەردوو هاوسـەر زۆر پێویسـتی بەوەیـە هـەر یەكەیان رێگای بیركردنەوەی هاوەڵەكەی بزانێت و تێبگات، بۆ نمونە كاتێـك ئـافرەت دەڕوانێتـە شـتەكان ئـەوا زۆر بەحـەزەرو ئاگـایی و دوربین تـر لـە پیاو تەماشای دەكات، هوشیاری هەردوكیان بەمانـە زەمینەیەكی گونجاو پێكدەهێنێ.

ـ یەكێك لە توێژینـەوە خێزانیـە نوێیـەكان سـەلماندویەتی كـە لـە نزیكـەی ٩٠٪ ی ژنـان و پیـاوان هەڕەشـە بـەكاردێنن وەك فشـارێك

لەسەر ئەوی تـر، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە پێویستیەکی گەورمان بە پەروەردەی خێزانی هەیە لە جۆرێکی تازە.

ـ لەبەرپرسیارێتی ژن و پیاو کارکردنیانە بۆ کورتکردنی مـاوەی نـاکۆکی نێوانیـان، بـەڕێزترینیان ئەوەیانـە کـە بـە توانـاترە لەسـەر تـەنازول کـردن بـۆ هاوسـەرەکەی و کۆتـایی دێنـێ بـە بـاری ساردی نێوانیان، هەرچەندە سوڕبوون لەسەر داواکاری و هەڵوێستەکان لـە نێوان ژن و مێردا شتێك نیە مایەی شانازی بێت.

ـ ئـەو ترسـەی کـە زاڵـە بەسـەر زۆرێـك لـە ئافرەتـان ئەوەیـە کـە مێردەکانیان وازیان لێ بێـنن گـەر توشـی نەخۆشـیەکی کوشـندە یـان ناتەواوییـەك بـون، جـا پێویسـتە پیـاو جـار دوای جـار خێزانەکـەی دڵنیای بکاتەوە کە بەوپەڕی هێـزو سـۆزو خۆشەویسـتیەوە لەگەڵێـدا دەبێت بارودۆخەکە هەرچۆن بێـت و ناڕەحەتیـەکانیش هەرچـەندە قورسیش بن.

ـ ئەگەر کێشە لەنێوان ژن و مێردا رویدا، ئەوا ژن پێشبینی ئـەوە دەکـات مێردەکـەی دەستپێشـخەری دەکـات بـۆ چـاکبوونی نێوانیـان، چـونکە لەوبڕوایــە دایــە مێردەکــەی خــاوەنی توانــاو چــاودێری و لێکگەیشتنە، گرنگە لەم کاتەدا دڵنەوایی کردنـی ژنەکـە رەهەنـدێکی غەریزی نەبێت و چونکە بەمە ژن هەست بە سوکایەتی دەکات.

ـ چوار ساڵی یەکەم لە ژیانی هـەر هاوسـەرێکدا ساڵانی ناچارییە، زۆرێك لە حاڵەتی جیابوونەوە لـەم ماوەیـەدا رودەدات، جـا پێویسـتە

لەسەر هەریەکێکیان جۆرێك لە نەرمکێشی وگونجاندن دەربڕن تا دەگەنە کەناری ئارامی.

ـ گرنگە پیاو بزانێت کاتێك ژنەکەی قسەی بۆ دەکات و دەیەوێ لێی نزیك بێتەوە حەزدەکات مێردەکەی بەشداریی بکات لەو بابەتانەی گرنگن بەلایەوە، لەم کاتەدا ژن نایەوێت پیاوەکەی ئاماژگاری بکات یان چارەسەر بۆ هەندێك لە کێشەکانی بخاتە روو.

ـ جیاوازی لەنێوان سروشتی ژن و پیاو بریتیە لە تاقیکردنەوەی خوای گەورە بۆ هەر یەکێکیان، پێویستە هەریەکەیان سروشتی ئەویتریان تێبگات لە میانەی خوێندنەوەی هەندێك لەو کتێبانەی لەم بوارەدا دانراون، ئینجا ئارامگرتن لەسەر ئەو هەڵچوون و خەم و پەژارانەی کە رویان داوە بەهۆی ئەم جیاوازیانەوە.

ـ کاتێك ژن و پیاو مشتومڕ دەکەن لەبارەی مەسەلەیەك لە مەسەلەکان،زۆر پێویستە هاوار هاوارو خێرایی قسەکردنیان کەمبکەنەوە، هەروەها گرنگە هیچ یەکێکیان لە گفتوگۆکانیاندا نەکشێنەوە، چونکە سەلمێنراوە کە زۆر لە حاڵەتەکانی جیابونەوە بەهۆی کشانەوەی بەردەوام لە گفتوگۆو وتووێژدا رویداوە.

ـ ئەوەی دەبێتە مایەیی زویربوونی نێوان ژن و مێرد، تێنەگەیشتنیانە لە یەکتر بۆ مەسەلەی (دیاری)، ئەوەی ئاشکرایە لەم بوارەدا پیاو چاوەڕوانی ئەوە لە هاوسەرەکەی دەکات سوپاسی زۆری بکات کاتێك دیارییەکی بەنرخی پێ دەبەخشێت، لە کاتێکدا

ژن تەماشای دیاری گەورە و بچوك وەك یەك دەكات،و كاریگەری دیاری بەسەریەوە بە خێرایی دەڕوات، جا بۆیە چاكتر وایە پیاو دیاری زۆر ببەخشێ بە خێزانەكەی هەرچەندە نرخەكەشی كەم بێت.

- ئەوەی ئافرەت زیاتر تووڕە دەكات ئەوەیە كاتێك دەیەوێت لەگەڵ مێردەكەیدا دابنیشێ و سەبارەت بە كارێك لە كارەكان بدوێ، بەڵام مێردەكەی بە تەلەفۆنكردن یان خوێندنەوەی ڕۆژنامەوە خەریكە، یان بەبێ پاساو دەیەوێت ڕەوتی گفتوگۆكە بگۆڕێت، دەركەوتووە ڕێژەیەكی زۆری پیاوان بەردەوام دەكەونە نێو ئەم هەڵەیەوە، ئەمەش وا دەكات ژنەكان هەست بە سوكایەتی دەكەن و حەز ناكەن لەگەڵ مێردەكانیان دانیشین بۆ چا و قاوە خواردنەوە.

- ئەگەر ژن و مێرد سەبارەت بە كێشەیەك لە كێشەكان جیاوازیان هەبوو بەهۆیەوە دابڕان وبێزاربوون رویدا، ئەوا ژیرتر و بەڕێزتریان ئەو كەسەیانە كە هەوڵ دەدات بۆ كۆتایی هێنان بەو دابڕانە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە كۆتایی بێت، مایەی جەفایە یەكێك لە هاوسەرەكان داوا لە هاوسەرەكەی بكات كە بەشێوەیەكی بەردەوام هەر ئەو پاساوی بۆ بێنێتەوە.

ـ بۆ ئەوەی ئافرەت بەختەوەر بێ، حەزدەكات مێردەكەی بەخشندەو بەڕێز و لێبوردەو شۆخ و تێگەیشتوو بێ، ئەوەی پیاویش دەیەوێت لە ژنەكەی بۆ ئەوەی بەختەوەر بێ بەزۆری ئەوەیە

ژنەکـەی وازی لێبـێنێ تـا بـۆ ئەنجامـدانی کارەکـانی یەکلابێتـەوە، پرسـیارە زۆرەکـانی کـەم کاتـەوە سـەبارەت بـە کـاروو چـالاکیەکانی مێردەکەی لە دەرەوەی ماڵدا.

ـ توێژینـەوە دەرونـی و کۆمەڵایەتیـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە زۆربـەی نـاکۆکی نێـوان ژن و مێـرد بـۆ پـارە و منـداڵ و شـێوازی مامەڵـەکردن دەگەڕێتـەوە، پاشەکشـە کـردن لـە وتووێـژکردن بەشێوەیەکی بەردەوام هۆکارێکی سەرەکی جیابوونەوەیە.

ـ یەکێك لە کێشەکانی نێوان ژن و پیاو ئەوەیە، پیاو حـەز دەکـات لە زۆرێك لە کاروبارەکانیدا سەربەخۆ بێت، حـەز لـە دەسـتێوەردانی خێزانەکەی ناکات لە وردەکاریەکانی ژیانیدا، هەربۆیە ئـافرەت حـەز دەکـات چـاودێری مێردەکـەی بکـات پیـاویش حـەز لـە هەواڵپرسـینی ژنەکەی دەکات.

ـ ئەو بنەمایەی کە پەیوەندی نێوان ژن و مێـردی لەسـەر بەنـدە، بریتیە لە جیاوازی نەك چونیەکی، ئەم جیاوازییە رێگا دەکاتەوە بۆ گەورەترین شـێوازەکانی هاوپـەیمانی ئەگـەر بـە هوشـیاری و رەوشـت بەرزی و جوامێری بەڕێوەبچێت.

ـ بەختـەوەری ژن ومێـرد و لێـك حـاڵی بوونیـان پێویسـتی بـە هەوڵدانی هاوبەش هەیە، ژیانی خێزانی هاوشێوەی روەکێکـی ناسـکە پێویستی بە ئاوی کـەم هەیـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی بـەردەوام، کەچـی

هەنــدێك خــەڵك بەپێچــەوانەی ئەمــە هەڵسـوكەوت دەكــەن،بۆیــە دەرەنجامەكان ئومێد بەخش نین.

ـ هەندێك لە توێژینەوەكان دەریان خستوە كەوا ژنان بڕوایـان بـە گرنگی گفتوگۆ كـردن هەیـە لەگـەڵ مێردەكانیانـدا، زیـاتر لـە بـڕوای پیـاوان بـە گرنگـی گفتوگـۆ لەگـەڵ ژنەكانیانـدا، ئـەوەی دیـارە ژنـان زیاتـر گفتوگۆ دەشێوێنن لـە میانـەی لادان لەباسـەكان و درێژەپێـدان بـە باسـكردنی كێشـەكانەوە، وە پاشەكشـێكردن لـە گفتوگۆكـان پـێش ئەوەی بگەنە هیچ ئاكامێك.

ـ ئەوەی زیـاتر پێویسـتە لەسـەر ئـافرەتی مسوڵمان لـەمڕۆدا پێـی هەسـتێت، هاوكـاری كردنــی مێردەكەیــەتی لەپەیـدا كردنــی رۆزی حــەڵاڵ و دوركەوتنــەوە لــەداهاتی حــەرام و گومانــاوی، سسـتی لــەم كارەدا وا دەكات پایەكانی خێزان لەسەر بنەمایەكی لاواز دابمـەزرێت، زۆرێك لە بەهاكانیشی با بیبات.

ـ ئەو هەڵانەی بە زۆری لـە خێزانەكانـدا بڵاوبۆتـەوە، بریتیـە لـە بەراوردكردنی نەرێنی وەڕسكەر،دەبینین زۆرێك لە پیاوان بـەراوردی خێزانەكانیان دەكەن بە دایكیان، هەروەها زۆرێك لە ژنان بـەراوردی مێردەكانیـان دەكـەن بـە باوكیـان، ئەمـەش كـارێكی زیـان بەخشـە و راسـت نیـە، چونكە هـەر مرۆڤێـك كەسایەتی و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە.

ـ گەر ژن و مێرد ویستیان پەیوەندیەکانیان بەردەوام بێت، خێزانەکەیان پارێزراوبێت لە نارەحەتی و ماندوێتی زۆر، ئەوا پێویستە لەسەر هەریەکەیان چاو دابخات لە ئاست کەموکورتیەکانی بەرامبەرەکەی و بە شێوەی کەسێکی بێ ئاگا خۆی دەربخات، گەر نا ماڵ دەبێتە گۆڕەپانی ململانێ.

ـ ئاشکرایە زمان هەست و سۆزمان دروست دەکات، ژن و مێرد بە بەردەوامی پێویستیان بە هەست و سۆزی گەرم هەیە، گۆڕینەوەی دەستەواژەی واتادار بە خۆشەویستی و سوپاس و پێزانین و بایەخدانی هاوبەش، ئەندازەیەکی گەورە یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی هەست و سۆزو رێزو خۆشەویستی.

ـ شەپۆڵدان و بەرزو نزمی لە ژیانی خێزانیدا شتێکی سروشتیە، پیاو لە کاروبارێکدا نیگەران دەبێت، بێ ئەوەی حەز بکات ژنەکەی ئاگادار بکاتەوە، ئافرەتیش روبەڕوی هەمان حاڵەت دەبێتەوە، بەمەش ساردی لە نێوانیاندا رودەدات بە هۆکار و هەلومەرجێکی دەرەکی، پێویستە لەم نیگەرانییانە بگەن و بەباشترین شێوە لێکدانەوەی بۆ بکەن.

ـ هیچ کارێك ناکرێت بەبێ دووشت نەبێت، ویست و توانا، گەر بیرمان لە ژیانمان کردەوە دەبینین کێشەکانمان خۆی لە لاوازی ویستماندا دەبینێتەوە، زیاتر لە کەمی ئەو توانایەی کە

لەبەردەستماندایە، لێرەوە گرنگە تێبکۆشین وخۆمان بڕازێنینەوە بە ڕەوشتی دەستپێشخەری و کۆڵنەدان.

ـ خێزانەکانمان ڕوبەڕوی شەپۆلێکی ئارەزوو بازی مەترسیدار دەبنەوە، بەرانبەر وەستانی ئەم شەپۆلە بەوە دەبێت لایەنی روحیمان بەهێز کەین لە میانەی زۆر یادکردنی خواو قورئان خوێندن و شەونوێژ و خێرکردن و چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا.

ـ خێزانی بەختەوەر خێزانێکی خۆشحاڵە، دایك و باوك دەتوانن نیشانەی خۆشی ببەخشنە ژیانی خێزانەکەیان لە میانەی قسەکردنی خۆش و نوکتەی جوان وشیرین کە ئاماژەی ئەرێنی لە خۆبگرێت.

ـ ژیانی خێزانی بە خۆشی و ئاسانی بەردەوام دەبێت کاتێك هەر یەکە لە ژن و مێرد سوربن لەسەر بەختەوەر کردنی یەکتری، دەگێڕنەوە لە ئیبن عەباسەوە کە وتویەتی من حەز دەکەم خۆم بڕازێنمەوە بۆ خێزانم هەروەك چۆن حەز دەکەم خێزانم خۆی بڕازێنێتەوە بۆم، ئیلهامی ئەم قسەیەش لەم ئایەتەوە وەرگیراوە (ولهن مثل الذى عليهن بالمعروف)

ـ هاوسەرگیری گەورەترین پرۆژەیە لە ژیانی مرۆڤدا، هەندێك دەچنە نێو ئەم پرۆژەیەوە بی لێکدانەوەو دڵنیایی، گەر پێویست بێت وردبینی بکات لەشتێك لە کاروباری (داواکەرو داواکراو)دا، ئەوا

ئـەو شــتە ڕەوشــت وشـێوازی پـەروەردە و گوزەرانکردنــە لــە گـەڵ خانەوادەیەکدا کە دەیەوێت تێکەڵاوییان بکات.

ـ هەندێك لە پیاوان مافی خوا سەبارەت بە خێزانـەکانیان ڕەچاو ناکەن، ناچار ژنەکە لەگـەڵ مێردەکەیـدا وەك لـە بەندینخانەیەکدا بێت دەمێنێتـەوە، یـان تـەڵاق وەردەگرێـت و منداڵـەکان لای باوکیـان دەبن، من تکام لەو کەسانە ئەوەیە بیربکەنەوە لەو ساتە وەختەی کە زۆر ناڕەحــەت و تەنگـەتاوە ئـەو ســاتە وەختــەی لــە گۆڕەکانیانــدا خۆڵیان بەسەردا دەکەن، دەبێت وەڵامیان هـەبێت بـۆ ئـەو پرسـیار و لێپرســینەوانە، دە بــا بــزانن زەرەر و زیــانی ئــەو ســاتە وەختــە ستراتیژییە.

ـ زۆرجار شەیتان واسواسە دەخاتە دڵی ئافرەتەوە، بەوەی بەراورد دەکـــات لــــە نێـــوان مێردەکـــەی و نێـــوان ئەســـتێرە و کەســـە بەناوبانگـەکان،کـە لـە کەناڵـە ئاسمانیەکانـدا دەیانبینێـت، زۆرجـار شـەیتان هـەمان شـت لەگـەڵ پیاویشـدا دەکـات، ئـەم بـەراورد کردنـە پەیوەندی خێزانی تێـك دەدات، هـەروەها زوڵـم ولاوازی تێگەیشـتنە، جا پێویستە خۆیانی لێ بەدووربگرن.

ــ زۆرجــار ژن و مێــرد لەســـەر بابـــەتی بچـوك و بــێ کــەڵك بۆڵەبۆڵیانە، ئەمەش بەهۆی بایەخ نەدانیانە بـە کـاتی گفتوگۆکردن لەسەری، خووی پیاو هەروەها ئافرەتیش وایـە کاتێـك شـپرز دەبێـت، هەر بیرۆکە و پرۆژەیەکی بخەیتە بەردەم ڕەتی دەکاتەوە.

ـ نابێت ژن و پیاو سیخوڕی بکەن بەسەر یەکرەوە، چونکە بەمە هەرچی متمانەیەك ماوە لە نێوانیاندا دەڕوخێت، کاتێك کەسێکمان گومان دەکەین کە هاوسەرەکەمان هەڵسوکەوتێکی خراپی هەیە لە بارێك لە بارەکاندا با ئارامی لەسەر بگرین بەپێی توانا، چونکە خوای گەورە چەندجارێك هەڵەو تاوانی بەندەکانی دادەپۆشێت، دواتر رسوای دەکات بێ ئەوەی کەسێك بەدواداچوونی بۆ بکات.

ـ گەر ئافرەت ویستی مێردەکەی بە زمانێکی جوان و شیرین لەگەڵیدا بدوێ، دەبا ئەمیش لەگەڵ مێردەکەیدا بە زمانێکی جوان و شیرین بدوێت، چونکە کاتێك پیاو ئەمە دەبینێت، ئەویش بەهەمان تەرز زمانی گفتوگۆی بەرز دەکاتەوە، رون و ئاشکرایە ژنان و پیاوان ئەوەندە شەهامەت و جوامێریان هەیە کە وایان لێبکات بەرامبەر بە ڕەوشتی جوان وشیرین بە هەمان تەرز هەڵسوکەوت بکەن.

ـ هیچ ژن و مێردێك نیە لە هەندێك کاروباردا ناکۆکی و گرفتیان نە بێت، جیاوازی لە نێو خێزاندا شتێکی زۆر سروشتیە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم حاڵەتەدا سێ شتە، یەکەم: هیچ کامێکیان بەرامبەرەکەی تاوانبار نەکات بە شتێك کە تێیدا نیە، یان زێدەڕۆیی بکات لە دەستەواژەی تاوانبارکرندا، دووەم: نەهێڵرێت ئەو جیاوازیەی کاتێك لەشەودا رودەدات بەردەوام بێت تا بەیانی، یان ئەگەر لە رۆژدا رویدا بەردەوام بێت تا شەو، سێیەم: قەتیسکردنی

جیاوازیەکان لەنێو ماڵدا و نەبیستنی لەلایەن هیچ کەسێکەوە لە خزم و دەرودراوسێ.

ـ توێژینەوەیەکی خێزانی نوێ سەلماندویەتی نزیکەی لە ٩٠٪ ی ژن و مێردەکان هەڕەشە بەرامبەر بە یەکتری بەکاردێنن وەك کارتی فشار، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا نازانین کاروباری خێزانیمان بەشێوەیەکی باش بەڕێوەبەرین، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستیەکی زۆرمان بە پەروەردەکردنی خێزانی هەیە لە جۆرێکی تازە.

ـ یەکێك لە ژنەکان دەڵێت، هەر گفتوگۆیەکم لەگەڵ مێردەکەمدا بە ڕێگایەکی ئەقلانی کردبێت، ئەوا هەستم کردوە لە وتوێژەکەدا زەرەرمەند بووم، دەرکەوتوە لەسەر ناهەقم، لێرەوە بڕیارمدا ئیتر لە میانەی سۆز و هەڵچونەکانمەوە وتووێژبکەم، گەر سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا ئەوا لە مشتومڕەکە خۆم دەکێشمەوە و دەرگاکە بە دوی خۆمدا بە توندی دادەخەم. ئایا ئەو پەیامە چیە کە ژنێکی مسوڵمان لەم قسانەوە هەڵیجنێت و وەریبگرێت ؟

# بەشی دووەم

# پەروەردەی منداڵان

**ـ توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستوە کە لە ٣٥٪ ی ئەو گەنجانەی ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان لە ڕێگای هاوڕێکانیانەوە فێری بوونە، هەروەها لە ١١٪ یان لە ڕێگای تاقیکردنەوەی کەسیەوە فێری بوون، ئەمەش دوپاتی ئەو راستیە دەکاتەوە کە گرنگە دایباب هاوڕێی منداڵەکانی وئەو کەسانەی تێکەڵاویان دەکەن بناسن.**

**ـ زۆر شت لە ئەندازەی خۆی تێپەڕی پێچەوانە دەبێتەوە بۆ دژەکەی، لێرەدا زێدەڕۆیی لە بایەخدان بە منداڵ لە دوو ڕووەوە خراپی دەکات، یەکەم: ئەو بڕوایەی لا دروست دەکات کە کەسێکی زۆر گرنگە، دووەم: داوا لە هەموان دەکات کە سەرەنجی بدەنێ و بایەخی پێ بدەن، هەرچەندە کەسێکی سەرەنجڕاکێش نەبێت، هەرچەندە کارێکیشی نەکردبێت کە جێگای بایەخدان بێت.**

**ـ دایکی چاك و شارەزا شەوان سەرگوزشتەی جوان بۆ منداڵەکانی دەگێڕێتەوە تا ئەو کاتەی دەنون، منداڵەکانیش دڵنیاو شادومان دەکات، بەڵام دایکانی دی بە توندی بەسەرمنداڵەکانیاندا دەقیژێنن وئەوانیش لە ترس و بێزاریدا دەنون، جیاوازیی نێوان ئەم دوو حاڵەتە ئەو ماوەو مەودایە پێکدێنێت، کە لە نێوان پەروەردەیەك کە لەسەر بنەمای زانستی بونیاد نرابێ و پەروەردەیەکیش بەپێی خوو میزاج و هەڕەمەکی بینا کرابێت.**

**ـ سەرکەوتن لە پەروەردەکردنی منداڵدا پێویستی بەدوو سیفاتی سەرەکی هەیە، رۆشنبیری پەروەردەیی چاك تا لەمیانەیەوە سروشتی**

منداڵ و ئەو ئەركەی كە پێویستە ئەنجامی بدەین بزانین،و منداڵانیش بە تاڤگەیەك لە سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی و جوانی داپۆشین.

ـ خوای گەورە فیترەتی منداڵانی وا داناوە كە حەزیان لەجوڵەیە و لە بێدەنگی درێژخایەن بێزارن، ئەوان لە یاریكردنەوە زۆرشت فێردەبن، پێویستە لەمانە ناڕەحەت و بێتاقەت نەبین، مەگەر كاتێك یاریەكانیان ببێتە مایەیی ئەزیەت و تێكدان، لەم هەلومەرجانەدا پێویستە لەسەر ئەم بابەتە بخوێنینەوە یان راوێژ بە شارەزایەك بكەین.

ـ زۆرێك لە دایكان و باوكان بەئەستەمی دەزانن پۆزش بۆ منداڵەكانیان بهێننەوە، كاتێك هەڵەیەكیان بەرامبەر دەكەن، وەك سوكایەتی پێكردنی بەرامبەر هاوڕێیەكی یان تۆمەتباركردنی بە شتێكی ناڕاست، ئەمەش پاڵ بە منداڵانەوە دەنێت بەهەمان شێواز مامەڵە لەگەڵ دایك و باوك و كەسانی تردا بكەن، واتە هەڵە دەگوێزرێتەوە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر.

ـ منداڵان پێویستیان بەوەیە خۆشەویستی خۆمانیان بە رێگایەكی كرداری بۆ دەربڕین، وەك بایەخدان بە راوبۆچوونەكانیان، راوێژپێكردنیان لە هەندێ كاروباردا، لەگەڵ چاوپۆشی لە هەڵە و كەموكورتیەكانیان، ئەمە باری میزاجیان رێكدەخات، هانیان دەدات هەمان رەوت بگرنەبەر لەگەڵ نەوەكانیاندا كاتێك دەبنە خاوەن خێزان.

- خراپترین شت له پەروەردەی منداڵاندا دوو شتن ، دڵ رەقی و فەرامۆشکردن، ئیبن خەلدون دەڵێت: رەقی له پەروەردەی منداڵاندا فێری درۆیان دەکات، ئەوەی دەریدەبڕن پێچەوانەیە بەوەی لە ویژدان و ناخیاندایە، له ترسی چەپۆك لێدانیان ، کاتێك یەکێك لەومنداڵانە گەورە دەبێت ناتوانێت شکۆیی خۆی و خێزانەکەی گەشەپێبدات، یان رەوشت و ئاکاری جوان بەدەست بێنێت.

- گرنگە منداڵان لەشەواندا باش بنون، تا له بەیانیدا کە دەچنە قوتابخانە ئامادەییەکی باشی زیهنی و لاشەییان هەبێت بۆ فێربوون، ئەمەش بەوە دەستەبەردەبێت منداڵ لەرۆژدا زۆر بەکەمی بخەوێت.

- ئەو توێژینەوانەی له ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەنجامدراون باس لەوە دەکات تێکڕای لەدایکبووە ناشەرعیەکان له میانەی (٣٠ ) ساڵی دواییدا بەرێژەی لە ٤٠٠٪ بەرزبۆتەوە، تێکڕای خۆکوشتنی هەرزەکاران بەرێژەی لە ٣٠٠٪ زیادی کردوە، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەوانەی شارستانی ئەمڕۆ بەڕێوەدەبەن بەرەو کەندەلان ملی رێگایان گرتۆتە بەر؟

- حیکایەتی پێش نوستن زۆر گرنگە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان دایك و منداڵەکەیدا، هەروەها گرنگە بۆ کردنەوەی مێشکیان، یەکێك لە پەروەردکاران دەڵێت: منداڵ پێویستی بە سێ شتی دایکیەتی، شیر و خۆشەویستی و سەرگوزشتە.

- گەر منداڵەکان لەسەر کارێك لەکارەکان، یان شتێك له شتەکان دەمەقالێیان بوو، هەریەکەیان دەیویست یەکەم جار بۆ ئەو بێت، ئەوا

ئەنجامدانی تیروپشك لە زۆر حاڵەتدا چارەسەرێکی گونجاو پێکدێنێت، تیروپشك هەرچەندە سونەتێکە لە سونەتەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەهەمان کاتدا بنەمای دادپەروەری لە دەرونی منداڵاندا دەچەسپێت.

ـ خێزانی مسوڵمان بە پێوەری خوای گەورە دەپێورێت، پایەی کەسێك بەرزدەبێتەوە کاتێك شەریعەتی خوا پایەی بەرز کاتەوە، نوێژکردن لەکاتی خۆیدا لە گرنگترین ئەو عیبادەتانەیە کە خوای گەورە لەسەرمانی فەرز کردووە، گرنگیدانی زیاتری نەوەکان بە نوێژو خواپەرستی پێویستی بەکات و ئارامگرتنە.

ـ گەر دایك بواری بە منداڵەکانیدا رۆژانە لە کاتێکی دیاریکراودا تەماشای تەلەفزوێن بکەن، ئەوا پێویستە لەسەری بەوردی چاودێری ئەو پابەندبونەیان بکات، گەر یەکێك لە نەوەکان وازی لەو ساتە هێنا و بە خوێندنەوە یان بە شتی تر بە سەری برد، ئەوا با بە هۆیەوە خەڵات بکرێت.

ـ جیهانگەرایی هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوە رۆشنبیری (شمەك) ئەمەش واتە بایەخدانەکان دەگۆڕێت بۆ ساماندارێتی و رابواردن و بازرگانی، لەکاتێکدا ئەوەی لەسەر خێزانی مسوڵمانە کە لە دەرونی نەوەکانیدا بیچەسپێنێت، بریتیە لە رۆشنبیری گیانی کە خۆی لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و فیداکاری و وەفاو سۆزداریدا دەبینێتەوە.

ـ یاخیبوونی زۆرێك لە منداڵان و گوێڕایەڵی نەکردنی فەرمانەکانی دایبابیان، زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە سۆزوهەست و

بایەخ پێدانیان لە دایبابیانەوە نەدیوە، جا بۆیە منداڵەکەت زۆر لە ئامێز بگرە، ماچی بکە و دەست بێنە بەسەریدا، ئاگاداری بکەرەوە کە زۆرت خۆشدەوێ.

ـ گەر مامەڵەمان لەگەڵ منداڵدا کرد وەك ئەو بارەی کە ئێستا تێیدایە ئەوا بە زبری مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین،و لەسەر هەڵەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکەین، بەڵام ئەگەر لە روانگەی ئەوەی کەوا منداڵە و نازانێت مامەڵەمان لەگەڵدا کرد، ئەوا بەسۆز و بەزەیی ونەرم و نیانی و رێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، جا پێویستە ئەم کارەئەنجام بدەین.

ـ قۆناغی هەرزەکاری لە تەمەنی(١٢)ساڵیەوە لە کوڕان و کچاندا دەست پێ دەکات، لەم قۆناغەدا حەز بەسەربەخۆیی دەکەن، هەروەها لە هەڵەکانیانەوە فێربن، ئەمەو لەم تەمەنەدا دەیانەوێت رۆڵی دۆستان و هاوڕێیان لە ژیانیاندا گەورە دەبێت، بێگومان پێویستە لەم قۆناغەدا زۆر وریابین لە هاوەڵی خراپ.

ـ زۆرێك لە گەنجان بە خێزانەکانیان دەڵێن کەوا کەسانێکن لە هەموو شتێکدا بێکەڵکن، بەڵام واقیع شتێکی تر دەڵێت، چونکە خاڵی بەهێز لە کەسایەتی هەر منداڵێکدا هەیە، دۆزینەوەی ئەو خاڵە و چاودێریکردنی وا دەکات ئەو منداڵە کەسێکی گەورە بێت لە ئایندەدا، ئەم ئەرکە لە بەرپرسیارێتی دایك و باوکدایە.

ـــ پێویستە خێزان گەشەپێدانی سیفەتی راستگۆیی و ئەمانەتپارێزی لای منداڵەکانی لە یەکەمایەتی پەروەردەکردنیدا بێت،

هەروەها منداڵەکانیان ئاگادار بکەنەوە لە مەترسی قۆپیەکردن لە تاقیکردنەوەکانــدا بــەوەی کــارێکی حەرامــە و پێچــەوانەی چاکەوشکۆمەندییە.

ـ داننانی ژن یان مێرد، هەروەها داننانی کوڕ یان کچ بە هەڵەکانی بەچاکەیەك لە چاکەکان دەژمێردرێت، شکۆیی و ئازایەتی ئەوەیە بەخراپ بەکارنەهێنرێت، نەکرێتە هۆکارێك بۆ فشار خستنە سەر ئەوەی دانی پێدا ناوە و بکرێتە پاساوێك بۆ هەڕەشە لێکردن و ناوزڕاندنی، هەروەك زۆر کەس وا دەکات.

ـ کاتێك منداڵ بچوکە ئەوا بۆ شتی بچوك هانامان بۆ دێنێت، بەڵام کاتێك گەورە دەبێت بۆ شتی گەورە رومان تێدەکات، ئەمەش کارێکی سروشتیە، پێویستە پێی نیگەران نەبین.

ـ مافی منداڵە پشکنین بکات، هەوڵی تێگەیشتنی هەموو ئەو شتانە بدات کە دەیبینێت، پێویستە بۆیان رونبکەینەوە، کە شتومەك هەیە دەشێت یاری پێبکات، هەشە زۆر گران بەهایە و بۆی نیە یاری پێبکات تەنها دەتوانێت تەماشای بکات، هەشە چوون بەلایدا بەجۆرێك لە خۆ تێهەڵقورتان دادەنرێت، وەك بینینەوەی پارە لە سوچێك لە سوچەکانیماڵدا.

ـ ئەمڕۆ قەڵەوی لەنێو منداڵاندا بەشێوەیەکی مەترسیدار بڵاوبۆتەوە، لە هۆکارەکانی ئەم قەڵەوییە خواردنە لەکاتی خوێندنەوە و تەماشاکردنی تەلەفزیۆندا، چونکە منداڵ لەم حاڵەتەدا خواردنی

زۆر دەخوات بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، جا پێویستە دایك چاودێری بکات و رێگری لە منداڵەکەی بکات.

ـ کەسانی زۆرمان هەیە بەهرەمەندن لە کوشتنی داهێناندا، گەر باسی ئەوەیان بۆ بکەی بیرۆکەیەکی تازەت هەیە دەڵێن: پێشتر تاقیمان کردۆتەوە و سەرکەوتوو نەبوە، یان دەڵێن ئێمە پێویستمان بە بیرۆکەی تازە نیە وبارودۆخمان باشە، یان دەڵێن کاتمان نیە بۆ تاقیکردنەوەی شتی نوێ ، نازانم ئەوانە چۆن دەتوانن نەوەی گەورە پەروەردە بکەن؟

ـ زۆرێك لە نەوەکان وا گومان دەبەن ئەو پسپۆڕیەی لە زانکۆدا دەیخوێنن ئایندەی وەزیفیان دیاری دەکات، ئەمەش بەرێژەی ٣٠٪ راستە، بەلام حەفتا لە سەدەکەی تری دەگەرێتەوە بۆ جۆری ئەو گەنجەی کە پسپۆڕیەکە دەخوێنێت و ئەو رەوشت ودڵسۆزی و ئارامی و دامەزراویی و حەزو خولیایەی کەهەیەتی، بۆ سەلماندنی ئەمە بەڵگە و وەقایعی زۆر هەیە کە لە ئەژماردن نایەن.

ـ گەر دایك و باوك سەبارەت بە کارێك جیاوازیان هەبوو، گرنگ ئەوەیە ئەو جیاوازیە بەرامبەر بە منداڵەکان دەرنەکەوێت، شتێکی باشە منداڵەکان تێبگەن جیاوازی دیدو بۆچون لە نێوان هەردوو کەسێکدا کارێکی سروشتیە، لەنێوان دایك و باوکیش لەو ساتە وەختەدا شتێکی کاتییە، دواتر رێك دەکەون وەك جاری جاران.

ـ تەلەفزوێن توندوتیژی لەناخی منداڵدا دروست دەکات، یان دوژمنکارێتی زیاد دەکات، یەکێك لە توێژینەوەکان جەختی کردۆتەوە

کە لە ٧٠٪ ی باوکان سەرزەنشتی ڕەفتاری توندوتیژی منداڵەکانیان دەکەن ئەمەش بەهۆی بینینی فیلم و دراماو چیرۆکی تاوان کە لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پەخش دەکرێت.

ـ ئەو شێوازەی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا پەیڕەوی دەکەین بەرەو بەردەوامێتی دەڕوات، نەوەکانمان دواتر لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا زۆربەی ئەو شێوازە بەکاردێنن کە خۆمان ڕەچاومان کردوە لە پەروەردەکردنیاندا، ئەمەش هەستێکی تازە بە بەرپرسیارێتیمان لا دروست دەکات، ئێمە لە ڕاستیدا یەك نەوە پەروەردە ناکەین بەڵکو سێ یان چوار نەوە پەروەردە دەکەین.

ـ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەرکەوت و یەکێك لە کچەزاکانی لە ئامێزدا بوو دەیوت(والله انكم لتبخلون وتجبنون وتجهلون، وانكم لمن ريحانة الجنة) رواه احمد.

واتە: منداڵەکان باو و باپیریان بە نەزان و ترسنۆك و پیسکە لەقەڵەم دەدەن چونکە هەر خەریکی حەسانەوەی خۆیانن و سەرقاڵن بەکاروباری ژیانیانەوە.

ـ منداڵ مافی خۆیەتی بەشی خۆی لە یاری و خۆشی وەربگرێت، پێویستە لەسەرمان بۆ ئەمە هانی بدەین،و ژینگەیەکی گونجاو بسازێنین بۆ ئەنجامدانی یاری و خۆشیەکانی، بەڵام پێویستە لە چوارچێوەی دوو کاری گرنگدا بێت: بریتین لە نوێژکردن لەکاتی خۆیدا، لەبەرکردنی وانەکان و نوسینەوەی ئەرکەکان.

ـ پـۆزش هێنانــەوە لــە ســەر هەڵــە چـاکەیەکە لـە گـەورەترینی چاکەکان، ئەگەر بمانەوێت نەوەکانمان ئەمە بکەنە بەشێك لە رەفتـاری گشـتیان، ئــەوا پێویســتە لەســەرمان پۆزشـیان بـۆ بهێنینــەوە کاتێـك هەڵەیەکمان بەرامبەریان ئەنجامدا، گـەرنا هانـا بـۆ پاسـاوی درۆ دەبـەن بۆ روپۆشکردنی هەڵەکانیان.

ـ منـداڵی شـەرمن کێیـە؟ منـداڵی شـەرمن ئـەو کەسـەیە حـەز بـە تێکـەڵاوی خــەڵکی و بەشـداریکردن لــە بۆنــە کۆمەڵایەتیـەکان ناکـات، دەترسـێ و متمانــەی لاوازە بــەخۆی و بەخــەڵکیش، هــەروەها دودڵــی بەسەریدا زاڵە، دەنگی نزمە کاتێك کەسێکی نامۆ قسەی لەگەڵدا دەکـات دەموچاوی سور هەڵدەگەڕێت. شەرمنی لای منداڵ لە تەمـەنی دوو یـان سێ ساڵیدا دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت گەر چارەسەر نەکرێت.

ـ هەندێك لە دایکان و باوکـان هەڵدەسـتن بـە سـڕینەوەی کەسـایەتی نــەوەکانیان، داوای تــەواوی و بــێ هەڵــەو کــەموکورتی لــە نــەوەکانیان دەکەن لە هەموو شتێکدا، لە رۆشتن، لە خواردن ، لە خوێندندا.... گەر کەمتەرخەمیـەکیان لــە منداڵەکــەیان بینــی وەك گوزارشــت کردنێـك بەراورد دەکەن لە نێوان ئەم و هاوڕێکانیدا، ئـەوان نـازانن منـداڵ شـتە باشــەکان بەشـێوەیەکی پلەبەنـدی فێردەبێـت، هــەروەها نــازانن هــەر مرۆڤێك تایبەتمەندی دەرونی و رەفتاری خۆی هەیە.

ـ هەرچەندە ئەزمونی پەروەردەییمان هـەبێت، هەرچـەندە هـەوڵ و کۆشــش بەخــەرج بــدەین لــە پــەروەردەکردنی منداڵەکانــدا، ئەمانــە

سودەکانیان دیاریکراوە ئەگەر مانای ئیمان و یەکتاپەرستی و ڕەوشتی جوان و مامەڵەکردنی باش لەگەڵ خەڵکیدا لەناخیاندا نەچەسپێنین.

- دایك وێنەی زیهنی بنەڕەتی لەناخی کۆرپەکەیدا دروست دەکات، هەر دایکە وادەکات منداڵەکە خۆی بناسێت، گەر زانیمان نزیکەی لە ٨٠٪ ی بەهاو ڕەوشتەکان لای منداڵ لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنیدا دروست دەبێت، بەمە دەزانین چ ڕۆڵێکی گرنگە کە دایکان پێی هەڵدەستن، لێرەوە گرنگی هەڵبژاردنی خێزانی باشی میهرەبانمان بۆ دەردەکەوێت.

- پەروەردەکردنی منداڵەکان بە پەروەردەکردنێکی باش پێویستی بە زانستێکی کەم و ڕەوشتێکی بەرز هەیە، کەسی پەروەردکار سەرکەوتوو نابێت لە پرۆسەکەدا بەبێ خۆپڕکردن لە ئارامی و دامەزراوەیی و نەرمونیانی و توانای فیداکاری.

ـ ئەو منداڵانەی بە بچوکی کەسوکاریان پەروەردەیان ناکەن، لەگەورەییدا زەمانە پەروەردەیان دەکات، بەڵام بە ڕەقی وزبری، یان بەلێدانێکی جەرگبڕ!

- دەرکردنی فەرمان وریگری کردن و ئامۆژگاری بەبێ شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی هۆکارەکان و دایباب لە شێوەی کەسێکی خۆسەپێنەری زۆردار لە بەکارهێنانی مافەکانیدا دەردەکەوێت، ئەم شێوازە ڕەفتارە نێوان گەورەکان و بچوکەکان دوردەکاتەوەو بەروبومی پەروەردە سنوردار دەکات.

ـ کەسێك ناتوانێت بیسەلمێنێ کە بایەخ بە پەروەردەی منداڵەکانی دەدات، ئەگەر کاتەکانی دانیشتن بەدیار تەلەفزیۆنەوە دیاری نەکات، زۆرێك لەکەناڵەکان دڕندەیەکی تێك شکێنەرن پێویستە هەموان لێی بترسین، هەندێك لە کەناڵە ئاسمانیەکان ناوەڕۆکی رۆشنبیری ئیسلامیمان کلۆر دەکەن.

ـ گەر لەگەڵ نەوەکانماندا بەشێوەیەکی دیاریکراو پەیوەندیەکەمان بەڕێوەنەچوو، ئەوا لە راستیدا بە تەنیا جێیان دەهێڵین تا لەگەڵ رەوتی پانی کۆمەڵگادا پەیوەندی ببەستن، ئەمەش زۆرجار رەوتێکی ناهوشیارەو کەلێن وکەموکورتی زۆرە.

ـ پەروەردە بەبێ تەمێکردن و بێ سزا نابێت، بەلام پێویستە لەسەرمان بزانین هەر شێوەیەك لەشێوەکانی تەمێکردن پێویستە گیانی تۆڵەسەندنەوە لە خۆنەگرێت و لەچوارچێوەیەکی گونجاو لە پەیوەندی و سۆزی خێزانیدا بێت.

ـ مایەی سەرسوڕمان نیە مەڵبەندەکانی زەمینی لەگەڵ وێستگەکانی ئاسمانیدا لە پەیوەندیدا بن، بەڵام زۆرێك لە باوکان دەستەوەستان بن لە پەیوەندی کردن لەگەڵ نەوەکانیاندا کاتێك کە لە ژووری تەنیشتیاندا دانیشتوون! پەیوەندی لەگەڵ نەوەکاندا پێویستی بە هوشیاری و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هەیە، پێش ئەوە پێویستی بە تێگەیشتنێکی راستەقینە هەیە بۆ پێداویستیەکانی منداڵ.

ـ هاوسەنگی بنچینەی پەروەردەیە، گرانترین شتە تێیدا، گرنگ ئەوەیە بزانیت رۆچون لە ستایشکردنی منداڵەکاندا لە خۆبایی

بوونیان تێدا دروست دەکات، ڕەنگە بێدەنگیمان لە پیاهەڵدانیاندا لەهەندێك باردا هانیان بدات بۆ کارکردن.

ـ چاککردنی رەفتاری منداڵەکان پێویستی بەکات وئارامی و بەردەوامی هەیە، پێویستە لەسەرمان لە پەروەردەکردنیاندا نۆرە بکەین لەنێوان پاداشت و سزادا، لەنێوان پێشەنگ و ئامۆژگاری و خۆشەویستی وهاندان و ترساندا.

ـ راست نیە جەخت بکەینەوە لە سەرگرنگی زیرەکی لە ژیانی منداڵەکاندا، ئەوەی نەگۆڕە، ئەوەی گرنگە لە سەرکەوتندا (دوای یارمەتی خوای گەورە) بریتیە لە تێکۆشان، فێربوونی باش، خۆگری ودامەزراوەیی لە رەفتاردا.

ـ پێویستە منداڵ پەروەردە بکەین لەسەر بنەمای خۆشویستنی گیانی کۆمەڵایەتی و هاوکاریکردن لەگەڵ کەسانی تردا، مرۆڤ بەخۆیەوە کەمەو بە براکانیەوە زۆرە، چونکە سەردەمەکەمان سەردەمی پاڵەوانێتی تاکەکان نیە، بەڵکو سەردەمی پاڵەوانێتی دەستەو دامەزراوەو کۆمەڵەکانە.

ـ هەماهەنگی لەنێوان ماڵ و قوتابخانەدا زۆر پێویستە بۆ دامەزراوەیی نەوەکان وسەرکەوتنیان لەخوێندندا، فەرامۆشکردنی هەماهەنگی کێشەی گەورە بەدوی خۆیدا دێنێت، وەك درۆکردنی منداڵ و،هەروەها راکردن لە بەرپرسیارێتی، جا ئەمە پێویستی بەهەڵوێستە کردن هەیە، هەروەها پابەندبوون و ئامادەبوون لە

کۆبونـەوەی باوکـان و دایکانـدا کەلـە قوتابخانـەدا سـازدەکرێت کـارێکی پێویست و خوازراوە.

ـ دایکـانی وا هەیـە وێنـەی مێردەکانیـان لەبەرچاوی منداڵەکانیانـدا دەشـێوێنن بـەهۆکاری جیـاواز و باوکەکـە دادەبڕێنێـت لـە منداڵـەکانی، کاتێـك منداڵـەکان دەگەنــە قۆنــاغی هــەرزەکاری دایــك هەســت بــە دەستەوەستان دەکات لـە چاودێریکردنیاندا، لـەم کاتـەدا هانـا بـۆ بـاوك دەبـات تـا چـاودێریان بکـات، بـەڵام کـەڵکی نیـە، چـونکە منداڵـەکان لەناخـەوە هـیچ هەسـت و سـۆزو بایـەخو ڕێزێکیـان بـۆ باوکیـان نیـە، ژنەکەش لەوکارانەی پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام سـاتی پەشـیمان بونـەوە تێپەڕیوە.

ــ ئامــانجی دایــك و بــاوك لــە پەروەردەکردنــدا چــاکی کــوڕ و کچـەکانیانە، ئەمـەش شـتێکی باشـە، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە بـەردەوام لــەخۆمان بپرســین ئــەو میکانیزمانــە چــین بــەکاریان دێــنین بــۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە؟.

ـ لـە پێداویستیەکانی پەروەردەیـەکی سـەرکەوتوو دەرك کردنـە بـە جیـاوازی کەسـی لـەنێوان منداڵەکانـدا، هـەر منـداڵێك بـە تابلۆیـەکی هونـەری دەگمـەن دەچـێت، جـا بۆیـە دادپـەروەری لەنێوانیانـدا بـەوە نایەتـەدی بەیـەك ڕێگـا مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکـەین، بـەڵکو بەچـەند ڕێگایەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

ـ کاتێك منداڵ پەرتـەوازەیی ودژیـەکی دەبینێتـەوە لـەنێوان ئـەوەی پێیان دەڵێین لە نێوان ئەوەی ئەنجامی دەدەیـن، لـە سـەرەتاوە سەرسـام

دەبن بەڵام دوای تێپەڕبونی کات هەست بەوە دەکەن کەوا مرۆڤ نابێت هەموو ئەو شتانەی کە دەگوترێت بەجدی وەریبگرێت.... هاوتا بوون لەنێوان کردەوەکان و وتەکاندا زۆرجار بونی نیە، ئەمەش خراپترین دەرئەنجامە منداڵەکان پێی دەگەن، پەروەردکارانیش هۆکاری ئەم دژیەکیانە.

ـ سەلمێنراوە کاریگەری ئامۆژگاری لە چاککردنی رەفتاری نەوەکان و چاککردنی بارودۆخیان زۆر سنورداره مەگەر کاتێك پەیوەندی دایباب پێیانەوە بەهێز و گەرم وگوڕ بێت، هەولی سەرەکی کە پێویستە بەخەرج بدرێت بریتیە لە چاککردنی پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکاندا نەك تەنها ئامۆژگاری کردنیان.

ـ گەر لەگەڵ نەوەکاندا بە راستگۆیی و دادپەروەری و میهرەبانی مامەڵەمان کرد لەگەڵ کەسانی تریشدا بەرەوشت و شێوازی تر ئەوا منداڵەکان هەست بە دووفاقەیی پێوەرەکان دەکەن، لەناخیاندا پرسیار گەلێك دەوروژێت سەبارەت بە دامەزراوەییمان ، ئەمەش وایان لێدەکات متمانە بە وتەکانمان نەکەن.

ـ منداڵان لە ناوەڕۆکی زۆرێك لەو وشانە ناگەن کە پێیان دەڵێین بەهۆی نەبوونی پێگەیشتویی زمانەوانیان، جا بۆیە پێویستیان بە رونکردنەوەی کرداری هەیە، وەك هاتوە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەلای تازەلاوێکدا تێپەڕی مەڕێکی کەوڵ دەکرد پێیی وت: (تنح حتى اريك، فادخل يده بين جلد و اللحم قد توارت الى الابط ثم

مضي، فصلى بالناس) واتە: خۆت لابدە بافێرت بکەم، دەستی خستە نێوان پێستەو گۆشتەکەیەوە، دواتر رۆشت و نوێژی بۆ خەڵکی کرد.

ـ هەندێك لە باوکان دەیانەوێت کوڕەکانیان کۆپیەکی خۆیان بن لە هەڵسوکەوت و حەز وئارەزودا، هەندێکیان حەز دەکەن منداڵەکانیان ئەو پسپۆڕیە بخوێنن کە ئەمان پێیان باشە، هەرچەندە منداڵەکان حەز لەو پسپۆڕیە نەکەن، ئەمەش نکۆڵی کردنە لە حەز و ئارەزوەکانی منداڵان بە هەندوەرنەگرتنی مافیانە لە بواری سەربەخۆیی کەسیدا.

ـ کاتێك منداڵێکی پێنجساڵان داوای کڕینی شتێك دەکات سەرەتا داواکەی رەت دەکەینەوە، دوای توڕەبوون و سورڕبوونی منداڵەکە ئینجا بەدەمیەوە دەچین، بەم کارەمان لە ناخی منداڵەکەدا گرنگی گرژی و هەڵچوون و گریان دەچەسپێنین بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکانی، ئەمەش شتێکی هەڵەیە.

ـ زۆرێك لە پەروەردکاران سەرەنجیان داوە زۆرێك لە خێزانەکان گرنگیدانیان بە ناوهێنانی خوای گەورە لە سەرەتای خواردن و سوپاسکردنی خوا لە کۆتایی خواردندا ئاستی زۆر دابەزیوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فێری کرودین ئەگەر لەیادمان چوو لەسەرتای خواردندا ناوی خوا بێنین ئەوا با بڵێین (بسم الله اوله و اخره) رواه ابوداود.

ـ شتێکی جوانە منداڵەکانمان رابێنین لەسەر ئەوەی هەر شتێکیان پێویست بوو داوا لە خوای گەورە بکەن، تا مانای بەندایەتی

لەدەرونیانــدا بــەهێزبێت، پێغەمبــەری خــوا (صــلی الله علیــە وســلم) فەرمویەتی (لیسال احدکم ربـه حاجتـه کلها حتـی یساله الملـح، وحتـی یساله شسع نعله اذا انقطع) حدیث حسن رواه الترمذی.

بــەواتای بــا هەریەکــەتان داوای هــەموو پێداویســتیەکانی خــۆی لــە خــوای گــەورە بکــات تەنانــەت داوای خــوێی لێبکــات، تەنانــەت داوای چاکبونی پێڵاوەکەشی کاتێك بچڕا.

ـ لای منداڵ دان پیانراوو سـەلمێنراوو بەڵگە نەویست هـیچ بـونێکی نیــە، بۆیــە هــەوڵ دەدات هــەر تیۆرێــك گــەورەکان پێــی دەدەن تــاقی بکاتــەوە، گــەر پێمــان وت دەســت لــە ئوتــو مــەدە چونکە گەرمــە ئــەوا قەناعەت بەمە ناکات تا بەدەستی خۆی هەست بـە گەرمیەکـە نـەکات، جــا پێویســتە لەســەرمان بــواری بــدەین تاقیبکاتــەوە بــەڵام پێویســتە چاودێری بکەین، چونکە هەندێ لە تاقیکردنەوەکان مەترسیدارە.

ـ شتێکی گەورەیە هـەموو ئەوانـەی لـە دەوروبـەرمانن هەسـت بـەوە بکەن کە ژیان جوانە کاتێك پێکەوە دانیشتووین، شـتێکی قەشـەنگە کـە هەندێك جار بە گیانی منداڵانە دەژین، لەگـەڵیان پێدەکـەنین هـەروەك ئەوان چۆن پێدەکەنن، سەرسام دەبین بەوشتانەی ئـەوان پێـی سەرسـام دەبن.

ـ مۆڵەت هەلێکە بۆ حەسانەوەی مێشك ودەمەزەرد کردنەوەی ورەو، چـێژ وەرگــرتن بــە ئــازادی بــەکارهێنانی کاتەکانــدا، بــەردەوام گرنگــە مۆڵەتــەکان دوو شــتی تێــدا نــەبێت: گونــاهو وئەزیەتــدانی خــەڵکی، ئەمەش خەڵکانێکی زۆر لێی بێ ئاگان.

ـ گەر دایك لە دەرەوەی ماڵدا کاری کرد ومنداڵەکەی لای نەنکی یان پەروەردکارێك یان هەر ئافرەتێکی ترەوە بەجێهێشت، گرنگ ئەوەیە سەبارەت شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکەیدا لەگەڵیدا رێك کەوێت، بەوەی ئەوەی بەلای دایکەکەوە جێگای قبوڵە هەمان شت لای نەنکەکەش قبوڵبێت، ئەوەی دایکەکە رەتی دەکاتەوە هەمان شتە کە نەنکەکە رەتی دەکاتەوە،... گەرنا منداڵ توشی ئەزیەت دەبێت بەهۆی جیاوازی پێوەرکان و شێوازە پەروەردەییەکانەوە.

ـ منداڵ بە فیترەتی خۆی پەروەردگاری(خوای گەورە) دەناسێتەوە، لە توانایدا نیە قایل بێت بەوەی کە شتەکان لەخۆیانەوە پەیدابوون، منداڵ لەناوەڕاستی ساڵی دووەمی تەمەنیدا توانای دەرککردنی بە دینداری لا دەردەکەوێت، ئەوکات فێری دەکەین کێ دروستی کردوین، کێ رۆزیمان دەدات، کێ دارو خواردنەکانی دروست کردوە، بەمە لەزیهنیدا چەمکی توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە بەسەر هەموو شتەکانەوە دەچەسپێت.

ــ دەستپێشخەری بە سلاوکردن رەوشتێکی ئیسلامی بەرزە و سونەتێکی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) بەڵام ئەمڕۆ لای زۆرێك لە خەڵکی تا رادەیەك فەرامۆشکراوە، گرنگ ئەوەیە منداڵەکانمان را بێنین لەسەر ئەمەو فێری شێوازی شەرعی سلاوکردن و وەڵامدانەوەیان بکەین.

ـ گرنگە دڵنیایی بخەینە نێو دڵ ودەرونی منداڵەوە، بەتایبەت لەکاتێکدا منداڵێکی تازە لەدایك دەبێت، ئەو منداڵە هەست دەکات ئەو

کۆرپەیەی لە دایك بووە، شوێنی ئەمی داگیرکردووە و بەشی ئەمی لەچاودێری و بایەخدانی خێزانەکەی بۆ خۆی بردووە.

- پێویستە لەسەرمان سەرسام نەبین لە لاساری منداڵی بچوك ئەمە سروشتیە، لاساری دەکات تا تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی خودی خۆی بپارێزێت و لەچوارچێوەی خێزانەکەیدا نەتوێتەوە، باشترین رێگا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لاساری منداڵدا بریتیە لەهاندانی بۆ ئەنجامدانی کارێك کە ئێمە داوایان لێ دەکەین، نەك لۆمە و سەرزەنشت کردنیان.

- یەکێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکات منداڵ لە تەمەنی دوانزەساڵیدا دەتوانێت بیر لە هەندێك کاروباری ئاڵۆز بکاتەوە کە گەورەکان بیری لێدەکەنەوە بەمەرجێك پسپۆڕێك راهێنانیان پێ بکات لەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکیانە و بابەتیانە.

- ئەمە راست نیە کارێکی وا بکەین منداڵ بۆ لەبەرکردنی قورئان و فەرمودە...... هەڵبێت، یان داوا لەمنداڵەکە بکەین واز لە یاریەکانی بێنێت و خەریکی لەبەرکردنی قورئان و فەرموودەبێت، پێویستە کات بۆ لەبەرکردن و بۆ یاریکردن بەشێوەیەکی رێك و پێك دیاری بکەین.

ـ هەندێك لەتوێژینەوەکان سەلماندویانە کە لە ٨٥٪ ی رەفتاری منداڵ لە پەیوەندبوون و وابەستەبوونی بەدایکیەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها توێژینەوەکە سەلماندویەتی کە منداڵ خاوەنی هاوسەنگی و کەسایەتیەکی گونجاو نابێت، ئەگەر لەخێزانێکی میهرەبان وتێگەیشتودا نەبێت، ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی دایك و

باوك، بە تایبەت دایك لەم بوارەدا بەرپرسیاریەتیەكی تایبەتی لە ئەستۆدایە.

ـ مامەڵەكردنی رەق لەگەڵ منداڵەكاندا،و بەكارهێنانی سزای لاشەیی،و توندوتیژی لە پەروەردەكردنیاندا، فاكتەری سەرەكی لادانیانە لە قۆناغی هەرزەكاریدا. ـ خۆپاراستن چاكترە لە چارەسەر لە بنەما گرنگەكانی پەروەردەیە، بۆ نمونە گەر دایك ترسا منداڵەكانی توشی هەڵسوكەوتێكی خراپ دەبن لەكاتی سەردانی هەندێك لە هاوڕێكانیاندا، دەبێ رێنمایی خوازراویان پێ بگەیەنێت پێش ئەوەی لەماڵ دەربچن.

ـ هەندێك لەمالآن گرژی و رەخنە و دەمەقاڵێی بەسەردا زاڵە، ئەمەش وا دەكات منداڵ بێبەش بێت لە بەختەوەری و ئارامی، و هانی دەدات لە دەرەوەی بازنەی خێزانیدا بەختەوەری بە دەستبێنێت، بۆیە لەگەڵ هاوەڵی خراپدا تێكەڵ دەبێت لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەوەی لە ماڵەوە لێی بێبەشە.

ـ هەندێك لەدایكان و باوكان هەڵەیەكی زۆر گەورە دەكەن كاتێك لەبەردەم منداڵی گەورەدا قسەدەكەن و دەڵێن ئەم منداڵە بەپێی ویستی ئێمە نەهاتوە، یان بەهەڵە هاتوە، بەمە سوكایەتی پێ دەكەن، منداڵەكە وا هەستدەكات كەسێكی پەسەند نیە یان جێگای خۆشحاڵی نیە!

ـ پەروەردەی باش بەویستی خوای گەورە بەرهەمی شیرینی دەبێت،

بـەڵام پێویسـتی بەئارامگرتنـە، ئـەوەی ئـەمڕۆ منـداڵ رەتـی دەكاتـەوە دەبینین دوای مانگێك یان ساڵێك خوشكەكەی پێ ئامۆژگاری دەكات.

ـ هاوسانی ومیانڕەوی لە پەروەردە و كاروباری تـردا لـەكارە سـتایش كـراوو دڵنیاكەرەكانـە، توێژینەوەیـەك سـەلماندویەتی، زۆر نـەرمی یـان خۆسـەپاندنی دایبـاب لـە مامەڵـەكردنی نەوەكانـدا وا دەكـات تێكـڕای زیرەكیان دابەزێت دوای تەمەنی پانزە ساڵی.

ـ باوكان منداڵەكانیان لە دەست دەدەن چونكە وا مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن هـەروەك چۆن فەرماندەیـەكی سـەربازی لەگـەڵ سـەربازەكانیدا هەڵسـوكەوت دەكـات، لەهـەموو كـارێكی گـەورەو بچـوك چـاودێرییان دەكـەن، لەسـەر هـەموو هەڵەیـەك لۆمـە و سەرزەنشـتیان دەكـەن، ئـەم شێوازە لە پەروەردەكردنـدا وا دەكـات منـداڵان سـود لـە دانـایی باوكیـان وەرنەگرن،و گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەكانیان نەبن.

ـ گرانە گەورەكان نەوەكانیان لەسەر بـەهاو رەوشـتگەلێك پـەروەردە بكەن، چاكتر لەوەی لە رەفتاری خۆیاندا رەنگی دابێتەوەو لـە ژیانیانـدا بەرجەسـتە بووبێـت، بـاوكێكی جگـەرەكێش دەكرێـت چـی بلێـت گـەر دەركەوت كوڕە هەرزەكارەكەی جگەرە دەكێشێت؟ چـی دەبێـت باوكێـك بەرتیل قبوڵ بكات ئەگەر دەركەوت یەكێك لە رۆڵەكانی دزی دەكات؟!

ـ هەنـدێك لـە توێژینـەوەكان رونیـان كردۆتـەوە كـە لـە ٩٥٪ ی ئـەو حاڵەتانــەی منــداڵ بەشــێوەیەكی نائاگــایی میــز بەخۆیــدا دەكــات، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك هۆكاری دەرونی ، وەك ترسـان لـە تـاریكی یـان دز یـان هەنـدێك ئـاژەڵ یـان وەك ئـەو پەرۆشـی و غیرەیـەی رودەدات

لـەکاتی لـەدایك بـوونی منـداڵێکی نـوێ لـە خێزانەکـەدا، سـەرەڕای نازپێدانی زۆر یان ڕەقی و زبری زۆر، بۆیە لەسەرمانە ئاگاداری هەموو ئەم خاڵانە بین.

ـ لە سیمای ماڵی باش هێمنـی و بێدەنگیـە، ئـەزمونی زانـای دەرونـی (هـاملتون) دەریخسـتوە کـە ژاوەژاوو قڕەقـڕو فلیمـی توندوتیـژی، بەشێوەیەکی زۆر کاردەکاتـە سـەر توانـای ژیـری، گرانـە مـرۆڤ بتوانێـت بەشێوەیەکی لۆژیکی و چڕ بیربکاتەوە لەکاتێکدا ڕوبەڕوی هەڵچونێکی توند بێتەوە.

ـ لە ڕەوشت و نەریتە باشـەکان ئەوەیـە منـداڵ دەسـت نـەهێنی بـەو ئۆتۆمبیلانـەی کـە لـە شـەقامەکاندان، وە لەسـەر یشـیان دانەنیشـێت، هـەروەها لەسـەرە ڕێگـادا ڕانەوەسـتێت مەگـەر بـۆ پێویسـتیەکی زۆر گرنگ نەبێت.

ـ کاتێـك ڕۆڵـەکان دەگەنـە قۆنـاغی هـەرزەکاری ئـەوا بـەکاروباری تایبەتی خۆیانەوە سەرقاڵ دەبن،و زۆرێك لە ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانیان لـەبیر دەکـەن، وەك پرسـیارکردنی مـام و خـاڵ و پورەکانیـان، پێویسـتە ئاگاداریان بکەینەوە تا وشکی لەگـەڵ خزمانـدا نەبێتـە بەشـێکی گشـتی ڕەفتاریان بە شێوەیەکی بەردەوام.

ـ زێدەڕۆیی لە نازپێدانی منداڵدا خۆپەرستیان تێـدا دروسـت دەکـات و کەسایەتیان لاواز دەبێت، هەروەها خۆسـەپاندنی زیـاتر بەسـەریانەوە تـرس وبـێ متمانـەییان تێـدا دروسـت دەکـات، ئەمـەو فەرامۆشـکردن و

بایــەخ پێنــەدانیان خــۆ بەکــەم زانــین و گۆشــەگیری و ڕاڕایــی و ڕق هەڵگرتن لە خەڵکیان تێدا دروست دەکات.

ـ کاتێـك منـداڵ لـە یـەکێك لـە بابەتـەکان دەرناچێت، ئـەوە مانـای کۆتــایی جیهــان نیــە، هــەروەها مانــای ئــەوە نیــە کــە ئــەم منداڵــە ئایندەیەکی باشی نابێت، هەموو کەسە سەرکەوتووەکان تامی شکستیان کـردوە، بـەڵام دوای هـەر کـەوتنێك هەسـتاونەتەوە، یارمـەتی ڕۆڵەکـەت بدە تا هەستێتەوە.

ـ هەندێك لە توێژینـەوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن پـەروەردکار بـاوك بێت یان دایك ئەگـەر کەسـێکی زۆر توڕەبـوو ئـەوا منداڵەکـەی یـاخی و شـەڕەنگێز و لاسـار دەبێـت، جـا لەبـەر ئـەوە پێویسـتە خـۆت بگریـت و چارەسەری هەڵەکانی منداڵ بە ئارامی و هێمنی بکەیت.

ـ زۆربەی کەمتەرخەمیەکان کە خەڵکی پێوەی گیرۆدەن دەگەڕێتەوە بـۆ لاوازی بڕیـار و ویسـتیان ، نـەك بـۆ کـەمی توانـاو دەستەپاچـەییان، زۆرجار منـداڵ دەڵێـت نـاتوانم ڕۆژی سـێ کاتـژمێر بخوێنم، لەراسـتیدا ئەو دەتوانێت بەڵام نایەوێت، پێویستە ئەمەی بۆ ڕونبکەینەوە.

ـ یـەکێك لـە توێژینـەوەکان دەریخسـتوە ئـەو منداڵانـەی نـزیکن لـە باوکیانەوەو باوکیان چاودێری تایبەتییان دەکات لە ئاینـدەدا لـە ژیانـدا زۆر سـەرکەوتوو دەبـن، هـەروەها کەسـایەتیان بـەهێز دەبێـت، ئەمـەش بەرپرسیاریەتیەکی تایبەت دەخاتە ئەستۆی باوکانەوە، جـا هەرچـەندە سـەرقاڵیان هـەبێت دەبێـت منداڵـەکانیان بێبـەش نەکـەن لـە دانیشـتنی

کورتی رۆژانە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەندێ قسەوباس و پێشکەش کردنی هەندێ بیرۆکەو تێبینی.

ـ ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە زۆر شت بزانین، هەروەها نەوەکانیشمان بەهەمان تەرز، سەرەتاکان بەوە دەبێت خۆشەویستی فێربوون و هاندانی گیانی پرسیارکردن لایان پەرەپێبدەین، هەروەها بەشداریکردن و گفتوگۆکردن لەسەر کێشە جۆراوجۆرەکان ، ئەمەش پێویستی بە رێکخستنی هەندێ چاوپێکەوتنی خێزانی هەیە کە تێیدا هەندێ کێشەی واقعی دەخرێتە روو هەریەکەو رای خۆی دەردەبڕێت و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر دەدات.

ـ ناکرێت منداڵ بێبەش بکەین لە تیشکی هەتاو بە تایبەت لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیدا، چونکە ئەمە گرنگە بۆ بەهێزکردنی ئێسکەکانی، چونکە تیشکی خۆری سەرو وەنەوشەیی هەندێك لە چەوریەکانی ژێر پێستی دەگۆڕێت بۆ ڤیتامین (دی) ئەمەش بۆ گەشەکردنی منداڵ و بەهێزی ئێسکەکانی بە ڤیتامینێکی بنەڕەتی دادەنرێت.

ـ هەندێك خێزان بەوە دەناسرێن لەکاتی ئاخاوتندا دەنگیان بەرز دەکەنەوە، ئەمەش کاردەکاتە سەر خوویان و میزاجی ئەوانە تێکدەدات کە سروشتێکی هێمنیان هەیە، هەروەها مێشکیش دەوروژێنێت، چارەسەر لەوەدایە دایباب خۆیان بکەن بە پێشەنگ و بەدەنگی هێواش بدوێن، بەم کارەیان منداڵان هان دەدەن لاساییان بکەنەوە.

ـ هەندێك لە منداڵانی بچوك دەناڵێنن بەدەست نـەنگی ئاخاوتنـەوە وەك (ت، س،...) بەداخـەوە هەنـدێك لـە كەسـوكارەكان سەرزەنشـتیان دەكـەن و دەیانچەوسـێننەوە، ئەمـەش كـارێكی هەڵەیـە و، پێویسـتە وا بكرێـت منـداڵ متمانـەی بـەخۆی هـەبێت و بـەرێزەوە تەماشـا بكرێـت، یارمەتی بدرێت بۆ رزگاربوونی لە نەنگیەكانی بەردەم ئاخاوتن.

ـ با بەردەوام لەخۆمان بپرسین ئامانجی گەورە لە گفتوگۆكردنمانـدا لەگـەڵ منداڵەكانمانـدا چـین ؟ گـەر ئەمـەمان كـرد ئـەوا نزیكبونـەوەو گونجان لەگەڵیاندا دەدۆزینەوە، ئەمـەش ئەوكارەیـە كـە دەبێـت هـەوڵی بۆ بدەین كە فەراهەم بوو ئـەوا كـاری بنچـینەییمان بەدەستهێناوە، كـە پەروەردەكردنێكی سەركەوتووی لەسەر بونیاد دەنرێت.

ـ هەنـدێك لـە دایكـان و باوكـان زیـادەڕۆیی دەكـەن لـە ستایشـكردنی منداڵەكانیاندا، منداڵەكە هەر هەوڵێك بدات پێی دەڵێن جوانـە، نایابـە، گەورەیە، هەرچەندە هاندان كارێكی خوازراوە، بـەڵام زۆر بـەكارهێنانی ئەم وشانە و هاوشێوەكانی مانـاو كاریگەریـەكانی لەدەست دەدات، هـەر شتێك سنوری خۆی تێپەڕاند پێچەوانە دەبێتەوە بۆ دژەكەی.

ـ گـەر منـداڵمان بـینی كـاری تێكدەرانـە ئـەنجام دەدات، لـە منـداڵی دراوسێكان دەدات یان قاپوقاچاخ دەشكێنێت، پێدەچێت هۆكـاری ئەمـە لاوازی پەیوەندی سۆزداری بێـت بـەدایك و باوكیـەوە، یـان نارەزاییـەك بێت سەبارەت خراپ هەڵسوكەوت كردنی خانەوادەكەی لە گەڵیـدا، یـان بـەهۆی ناتەواوییـەك لـە كەسـایەتیدا، ئەمـەش دەخوازێـت پزیشـكێكی دەرونی بیبینێت.

ـ لـه بـازاڕدا لێشاوێك لـه چیرۆك و گۆڤـاری منـداڵانی وەرگێـڕدراو هەیە و بۆ منداڵان نوسراون، رۆشنبیریەکەیان رۆشـنبیری خۆمـان نیـە، هـەروەها زۆریـەی ئەوبەرهەمانـە منـداڵ لەسـەر توندوتیـژی و تـاوان ڕادێنن، جا پێویستە دایباب بزانن منداڵەکانیان چی دەخوێننەوە.

ـ ئـەرکی خێـزان ئەوەیـە پـەروەردەی کـوڕان و کچـانیان بکـەن، و رەفتاری جۆری لای نـەوەکانیان پتـەو بکـەن، کـچ فێربکرێـت چـۆن بـە میهرەبانی وبە شەرم وئـەدەب و پـاکی وهێمنـی بـدوێت و هەڵسوکەوت بکات، کوڕیش فێربکرێت چۆن هەڵسوکەوت بکـات بـە متمانـە و پشـت بەخۆبەستن لەگەڵ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی وپیاوەتی.

ـ هـۆش و یـاد یەکەمایـەتی هەیـە لەلاشـەی مرۆڤـدا و بـە هۆیـەوە شـتەکانی بیردەکەوێتـەوە، جـا پێویسـتە لەسـەرمان قۆنـاغی منـداڵێتی بـەکاربێنین، بـۆ یارمەتیـدانی منداڵـەکان بـە مەبەسـتی لەبـەرکردنی قورئان وفـەرموودە و شـیعری رەوان و وتـەی دانایـان کـە مانـای بـەرزو جوانیان هەیە.

ـ هەنـدێك لـە منـداڵان ئـازاری ئـاژەڵی مـاڵی دەدەن بـە شـێوەیەکی ئازاربەخش یاری لەگەڵدا دەکەن، بێ ئەوەی لەلایەن کەسوکاریەوە هیچ رێگریـەکیان لـێ بکرێـت، ئەمـەش نـابێ چـونکە ئـاژەڵیش مـافی هەیـە لەخواردن و خواردنـەوەو پاراسـتنی لـە ئـازار و ئەشـکەنجە، لەکاتێکـدا خاوەن ماڵەکان خۆیان هێلاَویانە ئەو ئاژەڵانەیان لەگەڵدا بن.

ـ لێکۆڵینەوە زانستیەکان سـەلماندویانە سەرزەنشت کردنـی منـداڵ و توند مامەڵەکردنی هیچی کـەمتر نیـە لـە ئەزیەتـدانی لاشـەیی، چـونکە

هەڵشاخان پێیدا منداڵ وا هەست دەکات کەوا کەسێکی بێ بەهایەو، وا دەزانێت گەورەکان لێی تورەن و تەنانەت دوای رودانی هەڵەکەشی بۆ ماوەیەکی درێژ، جا ئەندازەیەك ئامۆژگاری بکە بەبێ هاوار هاوار و سوکایەتی پێکردن.

ـ پەروەردەکار هەوڵەکانی بەخەرج دەدات لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی تا ئەستۆپاکی خۆی بەرامبەر بە خوای گەورە بکات، منداڵەکانی بپارێزێت لە ئاگرێك سوتەمەنیەکەی بەردو ئادەمیزادە، ئەم نیەتە رای دێنێت چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورەو سەرکەتنی باش بێت.

ـ هەندێك لەدایکان و باوکان بەرامبەر منداڵەکانیان بەدەنگی بەرز و دودڵی و گرژی دەدوێن، ئەمەش ئاماژەیەك دەداتە منداڵان سەبارەت بە لاوازی ئەو کەسەی پەروەردەیان دەکات، هەروەها ئەم ئاکارانە دڵەکان لێك دووردەکاتەوە،و هێمنی و لەسەرخۆیی کە پێویستە باڵ بکێشێت بەسەر ماڵی مسوڵماندا بەم رەفتارانە لەناودەچێت.

ـ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ منداڵ دەشێت بەوشەی شیرین بێت، یان چاکتر لەوشە بەکاربهێنرێت، ئەمەش لەمیانەی بایەخدان بە دیدوبۆچونەکانی و رێزگرتنی هەست و بەهرەکانی، هاندانی بۆ ئەنجامدانی کارەکان و پابەند بوون بە رەوشتی جوانەوە.

ـ پێگەیشتنی منداڵان لەژێردەستی باوکان و دایکانێکی بەسۆز و میهرەبان، یارمەتیان دەدات بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، وایان لێدەکات پابەندبن بە رەوشتی هاوکاری و لێکگەیشتن.

ـ گەر دایباب بنەماکانی رەفتارکردنی نێو ماڵیان دانا، گرنگ ئەوەیە منداڵە گەورەکانیان بەشداری پێبکەن بۆ دانانی ئەم بنەمایانە، زۆر توێژینەوە سەلماندویانە مرۆڤ پابەند دەبێت بەو یاساو رێسایانەی کەراوێژی پێکراوە، زیاتر لەو یاسایانەی کە بەسەریدا سەپێنراوە.

ـ منداڵ هەست بەلاوازی دەکات، کاتێك توشی کەسانی نەناس دەبێت لە رێگاو باندا ، ولێی دەترسێت، هەر بۆیە سلاّوکردن لە منداڵە بچوکەکان سونەتێکە لە سونەتەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم). ئەو منداڵەی سلاّوی لێدەکرێت هەست بە ئاسایش وئارامی دەکات، هەروەك چۆن هەست بە رێز و شکۆیی دەکات.

ـ ئێمە هاوڕاین کە نازدان بەمنداڵ باری دەرونی و رەوشتی باش دەکات، بەلاّم گرنگ ئەوەیە منداڵ هەست نەکات کە ئێمە ملکەچی هەموو داواکاری وخواستەکانی ئەوین، چونکە ئەمە سەرکەشی و یاخیبونی زیاد دەکات.

ـ بەردەوام چاك وایە منداڵ ئەوەندەی شت لابێت کە پێی ئاسودە بێت و کاتەکانی پڕبکاتەوە، تا هەست بە نیگەرانی و بێزاری نەکات، کاتێك منداڵ هەست بە بەتاڵی بکات دەبێتە مایەی سەرقاڵی بۆ گەورەکان، گەر تۆ سەرقاڵیان نەکەی ئەوان سەرقاڵت دەکەن.

ـ هاوسەنگی زۆر گرنگە لە پەروەردەدا، بۆ نمونە منداڵ گەر ویستێکی بەهێزی هەبوو نابێت هەوڵ بدەین ملکەچی ویستی خۆمانی بکەین، بەڵکو هەوڵبدەین ئاراستەی ئەو ویستە بەرێگایەکی دروستا

بەرين، لەهەمان كاتدا بەمنداڵ بگەيەنين دەرك بەوە بكات كە هەموو ئەوشتانەی حەزی لێدەكات يان دەيەوێت ناتوانێت ئەنجامی بدات.

ـ گەر داوای شتێكمان كرد لە منداڵ ئەويش جێبەجێی نەكرد، با هۆكاری داواكەمانی بۆ رونبكەينەوە، پێويستە بە ئاگابين و سور نەبين لەسەر گوێڕايەڵی كردنی كوێرانە، و پشكۆی شكۆمەندی لە ناخيدا نەكوژێنينەوە، پاڵی پێوە نەنێين بەرەو ئاراستەی فێڵ و درۆكردن.

ـ سزادانی منداڵ پێويستە دوا شت بێت كە پەنای بۆ دەبەين، هەروەها پێويستە لێدان لەدوا زنجيرەی سزاكاندا بێت، لێدانی دەم و چاو دروست نيە لەهيچ بارودۆخێكدا بەكاربێت، ئەوەتا پێغەمبەر (صلی الله عليه وسلم) فەرموويەتی (اذا ضرب احدكم فليتق الوجه) اخرجه ابوداود.

واتە: گەر لەكەسێكتان دا با لە لێدانی دەم و چاو خۆتان بەدور بگرن.

ـ گەر منداڵێكی پێنج ساڵان شتێكی لە جانتاكەی باوكی دزی، ئەمە دياردەيەكی مەترسيدار پێكناهێنێ، چونكە لەم تەمەندا منداڵ نازانێت ئەوەی كردويەتی دزييە، بەڵام ئەم رەفتارەی هەلێكمان بۆ دەرەخسێنێ تا بزانين پێداويستيەكانی چين، ئەو هەڵەيەی كەكردوويەتی بۆی رونبكەينەوە.

ــ هەندێك لە منداڵان دەستەواژەی بازاڕی يان زۆر خراپ بەكاردێنن، گرنگ ئەوەيە لەم كاتەدا بزانين سەرچاوەی ئەم

دەستەواژانە لە کوێیەوە سەرچاوەی گرتووە، ناکرێت کەمتەرخەم بین تا ئەو وشە خراپانە نەبنە بەشێك لە زمانی تایبەتی منداڵەکە.

ـ گرنگە لەحاڵەتی ترس وشەکەتی زۆردا بیر نەکەینەوەهەروەها منداڵە کانیشمان بەهەمان تەرز، چونکە ئەو بیرۆکانەی لەم کاتانەدا بەدەستی دێنین بیرۆکەی خراپ و رەشبینیەو دوورە لە هاوسەنگی.

ـ پەروەردکاری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە پانتاییەکی باشی ئازادی بۆ منداڵەکانی دەستەبەر دەکات، هەروەها بەردەوام هەلی بژاردن لەنێوان چەند جێگرەوەیەکدا دەڕەخسێنێت، ئەمەش وا دەکات منداڵەکان هەست بە کەسایەتی و پێگەی خۆیان بکەن و فشاریش لەسەریان سوک دەکات.

ـ ستایشکردنی منداڵ لە کاتێکدا کارێکی باش دەکات، لەناخیدا جۆرێك شەرم کردن بەرجەستەدەبێت، کاتێك بیەوێت هەستێت بەشتێکی خراپ، چونکە هاندانی ناوەکی پەیامێکی ئاڕاستە دەکات، نێوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە تۆ شایستەی ستایشکردن نیت ، یان کەسێکی دووڕویت.

ـ گەر کەسێکمان ویستی خراپترین شێوازی پەروەردەیی بزانێت، ئەوا لە توانایدایە ، بەوەی تەمێی منداڵەکانی بکات لەبەرامبەر خەڵکیدا یان سیفەتی وایان بداتە پاڵ کە نیشانەی شکست ولاوازی بێت.

ـ گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵاندا تەنها ئەوە نیە ئەوەی دەمانەوێت پێیان بگەیەنین، بەڵکو گفتوگۆکردن یارمەتیمان دەدات کێشەو ئارەزوو

ئاراستەکانیان تێبگەین، لەراستیدا گەر لەگەڵ منداڵەکانماندا لەبارەی مەسەلە بچوکەکانەوە نەدوێین، ئەوا هەرگیز ناتوانین مەسەلە گەورەکانیان بزانین.

ـ خێزانەکان لە هەموو جیهاندا گازندەی کێشەی هاوکاری نەکردنی نەوەکانیان هەیە، ئەمەش بۆ ئەو هەموو شتانە دەگەڕێتەوە کە داوا دەکەن منداڵ ئەنجامی بدات یان وازی لێبێنێت، جا لەبەر ئەوە پێویستیان بە ئارامیە تا منداڵەکان رابێن لەسەر نەریتە خوازراوەکان، قسە ی خۆش و زمانی شیرین، یارمەتی خێزانەکان دەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە.

ـ کەسە چاکەکان زۆرجار لەخێزانێکدا گەورە بوون کە پەروەردەو رەوشتبەرزی تێدا زاڵ بووە، کەسە توندەکانیش زۆرجار لەخێزانێکدا گەورە بوون کە زبریان بەسەردا زاڵ بووە، گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵدا بەشێوازێکی شیرین، باشترین رێگایە بۆ فێربوونی بەکارهێنانی وشەی جوان و رێکوپێك.

ـ هەرچەندە زۆر ببیستین و بخوێنینەوە لە بارەی پەروەردەوە، زیاتر هەست بە گەورەیی بەپرسیارێتیمان دەکەین بەرامبەر پێگەیاندنی منداڵەکانمان بە پەروەردە کردنێکی ئیسلامیانەی راست و دروست، ئەمەو رۆشنبیری پەروەردەیی چاك سەرەتای هەموو کۆششێکی پەروەردەیی بەرهەمدارە.

ـ هەندێك لەدایکان و باوکان ترس لەناخی منداڵەکانیاندا دەچێنن، لە میانەی هەڕەشەکردن و سزای توند، وەك وتنی: بەچەقۆ سەرت دەبڕم

ئەگەر وا بکەیت، قاچت دەشکێنم بچیت بۆ مـاڵی خاڵت، ناکرێـت هـیچ کەسێك بڵێت: ئەمە شێوازێکی پەروەردەیی دروستە.

ـ لـە رشـتەی ئامـادە باشـیە چـاکەکان بـۆ پـەروەردەکردنی منـداڵ هەڵبژاردنی خانویەکە دراوسێکانی باش بن، چونکە منداڵەکان زۆرجار منداڵی دراوسێکانیان دەکەنە هاوڕێ و هاوەڵی خۆیان.

ـ باوکی گەورە رێزی منداڵەکانی بۆخۆی دەستەبەر ناکات، لەمیانەی دەستەڵاتی بەسەرمنداڵەکانیەوە، بەڵکو لەمیانەی رێزگرتنی منداڵـەکان بۆ باوکیان دەسەڵاتەکەش بەدەست دێت، رێزگرتن بەهۆی دەستەڵاتەوە روکەشە، رێزگرتنی گەورەکان لەناخەوە هەڵدەقوڵێت.

ـ ئـەو پەیامـە بێدەنگـەی زۆرێـك کەناڵـەکانی راگەیانـدن ئاراسـتەی هــەرزەکارانی دەکــەن دەڵێــت: (جــوانی پێویســتیەکی زیندەگیــە بــۆ بەختەوەری)، (بـێ سیستـەمی کـارێکی بنەڕەتیـە)، (بگـەڕێن بـەدووی خێراتـرین رێگـا بـۆ دەوڵەمەنـد بـوون)، (گـرنگ ئەوەیـە ئێـوە بـاش بن).... هەموو ئەمانـە کاریگـەرێتی خـراپ ونـەرێنی لەسـەر رەوشـت و دامەزراوی هەرزەکاران دروست دەکەن.

ـ ئێمە لەسەر ئاستی میکانیزم و شێوازی پەروەردەیی بەشێکین لـەم ژیانـە، پێویسـتە شـتی تـازە لـەم بـوارەدا وەربگـرین و رەچاوی بکـەین، بەڵام لەسەر ئاستی بەهاو رێبازو رەوشت تایبەتمەندی خۆمـان هەیـە و ناکرێت دەستبەداری بین بەرامبەر هەر نرخێك.

ـ بچوکەکان بایـەخی زۆر گـەورە دەدەن بـە هەنـدێك هەڵسوکەوت، گـەورەکان ئـەو بایەخـەی پێنـادەن، بـۆ نمونـە کاتێـك چـپە دەکـەی بـە

گـوێی منداڵێكـدا وا هەسـت دەكـات كـە لێتــەوە نزیكـە و لەنێوانتانــدا نهێنی هاوبەش هەیە.

ـ خێزانــی بــاش ناوبــەناو بــیر لــە هەنــدێك لــە كەمتەرخــەمی و كەموكورتیــەكانیان دەكەنــەوە، بـیر لـەو كارانــە دەكەنــەوە كـە دەكرێـت باشـتر بكرێـت، بـەڵام خێزانــی خــراپ لــە بێئاگاییــدان، یــان خــەریكی باشتركردنی بارودۆخەكەیان نابن!

ـ مرۆڤ كاتە بەتاڵەكانی بە و شتانە پڕدەكاتەوە كە حـەزی لێیـەتی، ئێمــە دەتــوانین ئارەزوەكــانی منــداڵ بدۆزینــەوە لــە میانــەی چاودێریكردنی چالاكیەكانیان لەكاتی مۆڵـەت و گەشـت و كـاتی بـەتاڵی بەشێوەیەكی گشتی.

ـ خوای گەورە نیعمەتی خۆشگوزەرانی مادی بەخشیوە بـە هەنـدێك لە خێزانەكان، بەڵام ئەمە بەسەر منداڵەكانیاندا بەشـێوەیەكی نـەرێنی رەنگی داوەتـەوە، راهـاتون لەسـەر وەرگـرتن لـەبری راهاتنیـان لـە سـەر بەخشین، بایەخدانیان بەكار كەمبۆتەوە، یـەكێك لـە دانایـان وتویـەتی: زۆرجــار گــوڵ دەبەخشــینە منداڵــەكانمان لەكاتێكــدا پێویســتە فێــری گوڵچاندنیان بكەین.

ـ منــداڵان ئــەو زمانــە فێــردەبن كــە لــە دایكانــەوە وەریــدەگرن، لەراسـتیدا جیاوازیـەكی زۆر هەیـە لـەنێوان ئـەوەی دایـك بەنەوەكـەی بڵێــت: مســوڵمانی بەرەوشــت وا دەكــات و وا دەكــات تــا دەچــێتە بەهەشـتەوە، وە دایكێكـی تـر هەڕەشـە دەكـات ودەڵێـت: ئـەوەی حـەز دەكات لێی بدرێت، وا دەكات و وا دەكات.

ـ له ئەرکەکانی پەروەردکار فێرکردنی منداڵە چۆن له بارودۆخی ناچاریدا هەڵسوکەوت بکات، بۆ نمونه پێی بڵێ: چویته تاقیکردنەوە واتزانی تاقیکردنەوەی ئایینه، بەڵام تاقیکردنەوەی مێژوو بوو، شتێکت له بەقاڵەکه کڕی بۆت دەرکەوت پارەت هەڵنەگرتووە، ئا لەم کاتەدا چۆن رەفتار دەکەیت؟ هەروەها...

ـ هەندێك له توێژینەوەکان دەریانخستوه که منداڵه سەرکەشەکان بەم سیفەتانه دەناسرێنەوە: پەلاماردان، دەربڕینی تورەیی وقیژەو هاوار، شەڕو بۆڵەبۆڵکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، فەرامۆشکردنی ماف و ئارەزووی کەسانی تر، هەروەها بە دەنگێکی بەرزی نەرێنی دەدوێن، رقیان لەخەڵکیەو شەرمەزاریان دەکەن، تێگەیشتی ئەم خاڵانه به پێویست دادە نرێت بۆ دەست پێکردنی چارەسەری ئەم کێشانه.

ـ بێبەش بوون له سۆزداری کاریگەری گەورەی هەیه لەسەر رەفتاری منداڵ، منداڵی بێبەش له سۆز و خۆشەویستی و بایەخدان لەلایەن دایبابەوە وایان لێدەکات هەستن بەدزیکردن بۆ پڕکردنەوەی هەستی ناخی وشکەوەبویان، چارەسەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە دایباب هەوڵی زۆر بدەن بۆ خۆشەویستی منداڵەکانیان و ماچ کردنیان و بەسەر بردنی کاتێکی باش لەگەڵیاندا.

ـ هەندێك له منداڵان له تەمەنی حەوت ساڵی و کەمتریش دزی دەکەن، چونکه ویژدانی زیندوو لایان دروست نەبووە، ئەوان دزی دەکەن چونکه دەگەڕێن بەدوی تێرکردنی خێرای پاڵنەرەکانیان، هەروەها بەشێوەیەکی باش جیاوازی ناکەن له نێوان دزی و وەرگرتندا،

لێــرەدا گــرنگ ئەوەیــە یادیــان بخەینــەوە کــە دزیکــردن حەرامــە و دەرەنجامێکی خراپی بەدودا دێت.

ـ لــەم ســاڵانەی دواییــدا ژمــارەی جگەرەکێشــەکان لــەنێو لاوان و هەرزەکارانــدا زۆر زیــادی کــردوە، لەکاتێکــدا جگەرەکێشــانی بچــوکەکان مەترسی گەورەتر پێك دێـنێ لەچاو جگـەرە کێشانی گەورەکانـدا، وەك زانراوە تەنگەنەفەسی و کۆکە کـە دەرەنجامی جگەرەکێشانە، هـەروەها زیادبوونی لێدانی دڵ، لەوانەیە هەموو ئەمانە لای جگەرەکێشی تەمەن بچوك روبدات، گەر بـەردەوام بـوو لەسـەر جگەرەکێشان لەوانەیـە ئـەم نیشانانە زیاد بکات بۆ نەخۆشی مەترسیدار.

ـ گەر بیرمان کردەوە لە بـارودۆخی خێزانـەکان لـە کۆمەڵگاکەمانـدا، دەبیــنین زۆربــەی باوکــان ودایکــان حــەز لــە نەرمکێشــی دەکــەن لــە پــەروەردەکردنی نەوەکانیانــدا، ئەمــە نــەك لەبــەر ئــەوەی نەرمکێشــی چاکترە، بەڵام لەبەر ئـەوەی هەڵوێستی تونـد هـەوڵی زۆرو چـاودێری و بایەخـدانی زۆری دەوێـت، ئەمـەش لـە راسـتیدا یەکێکـە لـە شـێوەکانی کەمتەرخەمیمان لە پەروەدەکردنی نەوەکاندا.

ـ زۆرێك لـەدایکان و باوکـان لـەباش پـەروەردەکردنی منداڵەکانیانـدا شکستیان هێناوە، بەهۆی ئەو بێزارییەی کـە روی تێکـردون، وە بـەهۆی نــەمانی وزەی روحیــەوە، چــونکە رێگــای پــەروەردە دوور و درێــژەو پێویستی بەتێکۆشان وئـارامگرتن هەیـە، بـەڵام بەرهەمەکـەی لـەدونیاو رۆژی دواییدا شیرینە.

ـ هەرزەكاران بەدەست زۆر كێشەوە دەناڵێنن، پێداویستی یەكەمیان ئەوە نیە كێ چارەسەری كێشەكانیان بكات، بەڵكو كێ توانای هەیە تا كۆتایی بەسۆزو بایەخدانەوە گوێیان لێ بگرێت.

ـ كاتێك تەماشای ماڵی زۆرێك لە مسوڵمانان دەكەی، دایكانێك دەبینی بەبێ هۆكارێكی دیاریكراو لە كوڕو كچەكانیان توڕە دەبن، هەندێك لە دایكان ئەوەندە داوای كارو خزمەتگوزاری دەكەن تا دەگاتە ئاستی شەكەتی و وەڕس بوونی نەوەكانیان، ئەمەش وا دەكات منداڵەكان بەدوی هەلێكی رەخساودا بگەڕێن بۆ ئەوەی ماڵەكە بەجێبهێڵن! ئیمەی باوكان زۆردەبەخشین وچاوەڕوانی پاداشتین لای خوای گەورە نەك لای نەوەكانمان.

ـ فشاری توند لەسەر منداڵ و رێكخستنیان بەتۆكمەیی ئەنجامی خێرا بە دەستەوە دەدات، بەلآم گوێڕایەڵی و پابەند بوونێكی رووكەشانە، هەروەها توندی و زبری كەلێنێكی گەورە دروست دەكات لەنێوان پەروەردەكارو منداڵدا، ولەمەودایەكی دووردا گیانی یاخیبوون لای منداڵ گەشە دەكات.

ـ ئێمە زۆرجار هەوڵدەدەین كەسایەتی منداڵەكانمان لە كەمترین ماوەدا پێبگات، ئەمە هەڵە نیە، بەلآم پێویستە بەردەوا بزانین زۆر شت هەیە لای منداڵان بە زوویی پێ ناگات مەگەر بە تێپەڕبونی كات نەبێت، بابزانین كات بەشێكە لە چارەسەری زۆرێك لەكێشەكان.

ـ بڵاوکردنـەوەی بەختـەوەری و گیـانی ئـەرێنی لـە ژیـانی خێزانـی مسولْماندا زۆری تێناچـێت، بـەڵام ئەمانـە لای منـداڵ هەسـتکردن بـە متمانەو لێهاتویی دەچێنێت.

ـ زۆرێـك لـە باوکـان وا دەزانـن رشـتنی پـارە بەسـەر منداڵەکانیانـدا لایەنی گیانی و دەرونیان تێروتەسەل دەکات، بـەڵام ئـەوەی سـەلمێنراوە منداڵ پێویستی بە پارەی کەم هەیە بەڵام پێویستی بە خۆشەویستی و چاودێری و لێگەیشتنی زۆر هەیە.

ـ پێدەچـێت گـرنگترین کارێـك دایبـاب پێـی هەسـتن لـە پێنـاو نەوەکانیانـدا بریتیـە لـە رەخساندنی کەشـێکی خێزانـی گـەرم و نـەرم وهاندەر.

ـ کاتێك دایك کچەکەی رادەسپێرێت بۆ هەندێك کاروباری نێـو مـاڵ، ئەوا با داوا لە کچەکەی بکات کارەکـانی بەتـەواوی و رێکوپێکی ئـەنجام بـدات. وەرگرتنـی کـارێکی ناتـەواو یـان تـەواوکردنی کارێـك لـەبری کچەکەی، وادەکات لە ئایندەدا کارەکانی بە خاوی ئەنجام بدات.

ـ گـرنگ ئەوەیـە جـەخت بکەینـەوە لـەو خواردنانـەی کـە خێـزان بەکاری دێنێـت، بـا سـەوزەو میـوەو ماسـی و گۆشـتی بـێ چـەوری بێـت، هـەروەها گرنگـە منـداڵان هانبـدەین بڕێکـی زۆر ئـاو بخۆنـەوە، هـەموو ئەمانە یارمەتی مێشك دەدەن تـا بەڕێگایـەکی بـاش کاربکـات، هـەروەها ئاو زۆر بەسودە بۆ هەموو ئەندامەکانی لاشە.

ـ زۆر کـەناڵ هـەن بونەتـە هۆکـارێکی تـەواو بـۆ گواسـتنەوەی رۆشـنبیری و بـەها رۆژئاواییـەکان، ئـەم کەناڵانـە لەمێشکی منداڵانـدا

سوكایەتیكردن بە زۆرێك لەرێباز و بەها ئیسلامیەكان دەچێنن، بەڵام بەشێوازێكی شاراوەو ناڕاستەوخۆ، پێدەچێت سەرنجی نەدەینێ، بەڵام دەرەنجامەكانی لە تێڕوانین و رەفتاری منداڵاندا دەبینین، جا بۆیە وردبینی وئاگاداری ئەم دۆخە پێویستە.

ـ قۆناغی هەرزەكارێتی قۆناغی زریان و خەیاڵ و شلەژانە، كێشە لەوەدایە هەرزەكار دەیەوێت كەسوكاری وەك پیاو مامەڵەی لەگەڵدا بكات، بەڵام زۆرجاران هەڵسوكەوت دەكات هەروەك چۆن منداڵ هەڵسوكەوت دەكات، جا لەسەر دایباب پێویستە لە سەرخۆ كتێبێك بخوێننەوە سەبارەت بە رێنمایی كردنی هەرزەكار و چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵیدا.

ـ گەل پێویستی بەژمارەیەكی زۆری داهێنەران هەیە، ئەوەی یارمەتی ئەمەمان دەدات ئەوەیە، خێزانەكان هانی منداڵەكانیان بدەن لەسەر بیركردنەوەو پرسیاركردن هەروەها هاندانیان بۆ وەرگرتنی گۆڕانكاری و پێشوازیكردن لە نوێگەری.

ـ ئێمە وا مامەڵە لەگەڵ نەوەكانماندا دەكەین، كەوا جێگای متمانەن، ئەمە شتێكی راستە، بەڵام پێویستە ناوبەناو جەخت بكەینەوە ئایا ئەو متمانەبوونە لەجێی خۆیدایە، تا لەناكاودا بە كێشەو لادانی گەورە سەرسام نەبین و نەزانین چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بكەین.

ـ هەندێ جار منداڵ لە قوتابخانەیەكی باشدایە، بەڵام تێكەڵاوی هاوڕێی خراپ دەكات، نەریتی خراپ لە هاورێكانیەوە فێردەبێت یان

گوێبیستی وشەی خراپ دەبێت، جا پێویستە لەسەرمان قسە لەگەڵ منداڵەکەماندا بکەین سەبارەت بەوەی بینیویەتی یان بیستویەتی، گفتوگۆ بکەین سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی کە دەبینین گونجاو نیە.

ـ گرنگە بۆ نەوەکانمانی رونبکەینەوە رێزی فێرکار و مامۆستاکانیان بگرن و پەیوەندی بەکەڵکیان لەگەڵدا ببەستن و رێنماییان لێ وەرگرن، عومەری کوڕی خەتاب خوای لێ رازی بێت وتویەتی (تواضعوا لمن علمکم) واتە بێ فیز بن بەرامبەر ئەو کەسانەی کە فێرتان دەکەن، ناشێت بوار بدرێت بەمنداڵ بەخراپە باسی مامۆستاکەی بکات.

ـ هەندێك لە هەرزەکاران دژی گۆڕانکاری دەوەستنەوە و لەهەندێ نەریتی خراپ وازناهێنن، بەپاساوی ئەوەی سروشتیان بەو شێوەیەیە، ئەمانە هەمویان راست نین، مرۆڤ فێری رەوشتی جوان دەبێت، هەروەك چۆن فێری بیرکاری و جوگرافیا دەبێت، پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرمویەتی (انما العلم بالتعلم و انما الحلم بالتحلم) واتە: بەدەستهێنانی زانست بە فێربوون، نەرمونیانیش بە نەرمونیانی بوون دەبێت.

ـ کاتێك منداڵان لە قۆناغی ناوەندیدا دەبن هەست بە ئارەزوویەکی زۆر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرشتی گەورە، بەڵام خەونەکانیان دەمرێت چونکە زۆر خەیاڵیە، هەروەها کەسیش نییە هانی بدات، ئەمە دەخوازێت بایەخ بە خواستەکانیان بدەین و یارمەتییان بدەین

تـا خواسـتەکانیان چـاك و پێگەیشـتوو بێـت، هـەروەها پێویسـتە لەگەڵیاندا بین کاتێك هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی خواستەکانیان.

ـ هەندێك جار منداڵی بچوك حـەز دەکـات شـتی زۆربکـات ئەمـەش دەبێتە هۆی پیسبوونی لاشـە و کەلوپەلـەکانی، ئەمـەش بەسـودە بـۆی، چـونکە لەناخـەوە هەسـت بـە دڵخۆشـی وکرانـەوە دەکـات، گـەر ڕێگـری لێبکەیت ونەهێڵیت ئەوا کاردەکاتە سـەری و هەسـت بـە زەلیلـی و مـۆڵ بوون دەکات.

ـ کاتێك منداڵ لەتەمەنی دوو سێ ساڵاندا بێت گونجاو نیـە دایکـی پێـی بڵێـت: رات چـیە ئـەو کـارە ئـەنجام بـدەیت؟ چـونکە وەڵامەکـەی زۆرجار بەنەخێرو نەکردنی کارەکەیە، چاکتر وایە بەشێوەیەکی تـەواو داوای لێبکریـت ئـەو کـارە بکـات، یـان دەسـتی بگـرین بـۆ ئـەو کـارە بـە هێمنی و میهرەبانیەوە.

ـ گـەر دایـك هەسـتی کـرد کـوڕە گەورەکـەی ئـازاری بـرا بچـوکەکەی دەدات، ئـەوا پێویسـتە لەسـەری ئـەم سێ شـت بکـات: منداڵـە بچـوکەکە بپارێزێت لە ئەزیەتدانی کە لەوانەیـە لەلایـەن گەورەکـەوە پێـی بگـات، کـوڕە گەورەکـەی تێبگەیـەنێت کـە ناهێڵێـت ئەزیـەتی بـرا بچـوکەکەی بدات، بۆ کوڕە گەورەکەی رونبکاتەوە کەوا خۆشی دەوێ و بایـەخی پـێ دەدات سەرەڕای ئەزیەتدانی برابچوکەکەی.

ــ هەنـدێك لـەکوڕان و کچـان خۆشـحاڵی دەردەبـڕن کاتێـك لـە خوێندنـەوەی کتێبێـك دەبنـەوە، بێگومـان ئەمـە شـتێکە مایـەی خۆشحاڵیە، بەڵام پێویستە بـەردەوام بیریـان بخەینـەوە کـە گـرنگ ئـەو

بەرهەمە زانستیەیە کە دەستیان کەوتوە لەخوێندنەوەی ئەو کتێبەدا، لێرەدا دەڵێین خوێندنەوەی کتێبێك بە ڕێگایەکی باش، چاکترە لە خوێندنەوەی پێنج کتێب بەڕێگایەکی خراپ.

ـ لەگەڵ بڕوابونمان بە ڕەخساندنی پانتاییەکی باش لە ئازادی بۆ نەوەکان، بەڵام لەسەرمانە هەندێك جار وردبینی بکەین، و دڵنیابین کەوا ئەوان ئەرکە شەرعیەکانیان بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدەن، دورکەوتونەتەوە لە کاروباری بێکەڵك.

ـ کاتێك هەوکردنی گەرووی منداڵ دوبارە دەبێتەوە، ئە وا پێویستە چاودێری بارەکەیان بکەین و پیشانی پزیشکیان بدەین، گەر دایباب ئەمەیان فەرامۆش کرد ئەوا دەبێتە هۆی توشبوون بە هەوکردنی گوێ و توشبون بەکەم خوێنی و تای ڕۆماتیزمی و هەوکردنی گورچیلە، ئەمانەش هەموو مەترسیدارن.

ـ هەندێك لەخێزانەکان هەستاون بەکاری جوان شایستەی ئەوەیە لێیانەوە فێربین، بریتیە لەوەی تابلۆیەکی جوانیان ئامادەکردوەو لەشوێنێکی دیاریماڵەکەدا هەڵیانواسیوە، مانگانە ناوی ئەو منداڵەی کە لەمانگی رابردودا چاکترینی نێو خوشك و براکانی بووە، لەسەر ئاستی خواپەرستی و ڕەوشت و تێکۆشانی قوتابخانەدا، لە کۆتایی ساڵدا خەڵاتی گەورە دەدرێت بەو منداڵەی کەناوی زیاتر لە تابلۆکەدا هاتبێت.

ـ هەندێك جار دوو تیمی جیاوازمان هەیە، ڕەنگە هەریەك لە وتەکانیاندا لەسەر هەق بن، ئەمەش بە پەیوەندی نێوان باوکان و

نەوەکانیان دەچوێت، باوکان گازندە دەکەن کە کوڕەکانیان گوێڕایەڵیان ناکەن، کوڕەکانیش گازندەی ئەوەیانە باوکیان گوێیان بۆ ناگرن، ئەوەی دیارە هەمویان راستدەکەن، هەریەك لەو دوولایەنە پێویستە بەخۆیدا بچنەوە.

ـ بەکارهێنانی لێدان لە پەروەردەکردنی منداڵاندا بەڵگەیە لەسەر شکستی پەروەردکار لە دروستکردنی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ئەوانەی پەروەردەیان دەکەن، مایەیی نیگەرانیە هەندێك لە منداڵان بەلێدان راهاتوون ولێدان کاریان تێناکات، ئەمەش پاڵ بە پەروەردکارانەوە دەنێت زێدەڕۆیی بکەن لە لێدان و زبری نواندندا، بەمە هەموویان دەچنە حاڵەتی ئالودەبوون: کەمی کاریگەری لێدان لەسەر منداڵ دەخوازێت زیاتری لێبدرێت، دەرەنجامیش بارێکی پەروەردەیی زۆر خراپ دروست دەکات !

ـ ئەگەر پەروەردەکار لەگەڵ کوڕە هەرزەکارەکەیدا جیاوازی هەبوو لەسەر کاروبارێك، گرنگ ئەوەیە ئاگاداری کوڕەکەی بکاتەوە کە جیاوازیەکان تێدەپەڕێت،و هەموو شتەکان لەماوەیەکی کەمدا دەگەڕێنەوە سروشتی خۆی، هەروەها پێویستە ئاگاداری بکاتەوە کەوا هەموو کۆششێکی پەروەردەیی کە بەخەرج دەدرێت لە کۆتاییدا بۆ بەرژەوەندی ئەو بە خەرج دەدرێت.

ـ هەندێك لە خێزانە مسوڵمانەکان هەستاون بەکارێکی زۆر گەورە کە بریتیە لە دابینکردنی دەخیلەیەکی خێرخوازی بۆ هەموو منداڵەکانیان، منداڵ رۆژانە یان هەفتانە بەشێك لە پارەکەی

دەبەخشێتە هەژاران یان هەندێ لە پرۆژە خێرخوازیەکان، هەندێك لەو خێزانانە وا دەکەن رۆژی کردنەوەی داخیلەکە رۆژێکی جیاوازو تایبەت بێت، خێزانەکە ئاهەنگ دەگێڕن وەك سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خوای گەورە، هەروەها لەو رۆژەدا ستایشی ئەو منداڵە دەکەن کە زیاتری بەخشیوە.

ـ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی (ان الله سائل کل راع عما استرعاه، احفظ ذلك ام ضیعة حتی یسال الرجل عن اهل بیته)

ئەم پرسیارە کورت ناهێنێت لەوەی باوك دەستەبەری خواردن و خواردنەوەو شوێن بۆ خێزانەکەی دابین بکات، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ پەروەردە و فێرکردن و سوربوون لەسەر چاکە و دامەزراوی.

ـ یەکێك لە توێژینەوەکان دەری خستوە ئەو منداڵانەی نزیکی باوکیانن چاودێری تایبەت کراون لەلایەن باوکیانەوە، ئەو منداڵانە لە ئایندەدا سەرکەوتوو دەبن لە ژیاندا، هەروەها کەسایەتیان بەهێز دەبێت، ئەمەش وا لە باوکان دەخوازێت، کە بەرپرسیارێتیەکی تایبەت بەخەرج بدەن، هەوڵ بدەن رۆژانە لە منداڵەکانیانەوە نزیك بن، خۆیان رابێنن و بەچاکی گوێیان لێبگرن.

ـ توێژەرەوەکان لە کەنەدا و روسیای سپی دەڵێن: ئەو منداڵانەی بۆ ماوەیەکی درێژتر شیری سروشتی دایکیان دەخۆن، وە هیچ شیرێکی پیشەسازیان لەم ماوەیەدا پێنەدرابێت، ئەوا ئەو منداڵانە لە

تاقیکردنەوەی زیرەکیدا پلەی بەرزیان تۆمار کردووە و ئاستی خوێندنیان چاکتر بووە.

ـ ئەرکی پەروەردەیی چەسپاندنی وانەکانە لە زیهنی منداڵدا و بەدەستهێنانی هەندێك مەهاراتی کرداریە، بەشێك لە دایکان و باوکان هەڵەدەکەن کاتێك ئەرکی قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان دەنوسنەوە، ئەمەش وا دەکات منداڵەکان هەست بە دەستەوەستانی خۆیان بکەن، بەوەش هان دەدرێت تا لەبەرپرسیارێتی رابکەن.

ـ هەندێ جار منداڵ بە شێوەیەکی شەڕانی هەڵسوکەوت دەکات، بەهۆی هەستکردنی بە بەتاڵی و نەبونی شتێك بارگەکانی پێ خاڵی بکاتەوە، وەرزش و یاری بیرکردنەوەو یاری بەستن و بەشداری کردن لە هەندێك کاروباری ماڵدا لەو کارانەیە کە یارمەتیدەرە بۆ خاڵیکردنەوەی ئەو بارگانە.

ـ زۆرێك لە توێژینەوەکان سەلماندویانە گەر باوك بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵ دووربکەوێتەوە دەبێتە هۆی لادانی منداڵەکان چونکە لەو ماوەیەدا لەگەڵ هاوەڵی خراپدا دەگەڕێن و دایکیش دەستەوسانە لە چاودێریکردنیاندا، لەم کاتەدا ئەو زیانانەی کە ڕوودەدات قەرەبوو ناکرێتەوە بەهەر دەسکەوتێکی مادی کە بۆتە هۆی دورکەوتنەوەی باوکەکە.

ـــ زۆرێك لە توێژینەوەکان دەریان خستوە قەبارەی ئەو شەڕەنگێزیەی لای ئەو کۆمەڵانەی کە کەسانی زۆرداروستەمکار بەڕێوەیان دەبات ، سی جار گەورەترە لەو کۆمەڵانەی کە کەسانی

تێگەیشتوو هاوکار بەڕێوەیان دەبات، وە هەشت جار گەورەترە لەو کۆمەڵانەی کە کەسانی ئاژاوەچی بەڕێوەیان دەبات.

ـ توێژینەوەیەکی پەروەردەیی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ٧٥٪ ی منداڵان چاودێری تەواویان لەلایەن دایبابەوە بۆ دەستەبەر ناکرێت، هەندێك لە دەستە کۆمەڵایەتیەکان ژمارەیەك لە نەخۆشی دەرونی و شکستهێنان لە خوێندن و مەیلی دوژمنکارنە لای منداڵان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە هیچ کەسێك نیە گوێ لەو منداڵانە بگرێت.

ـ لە نیشانەکانی گەورەیی هەر نەتەوەیەك درێژی ماوەی منداڵێتی نەوەکانیانە، قۆناغی منداڵی قۆناغی فێربوون و دامەزراندنە، منداڵ بە ئیسفەنج دەچێت هەرچی دەبینێ ودەبیستێ دەیمژێت، چۆن ئیسفەنج ئاوی پاك و پیس دەمژێت، هەروەها منداڵیش بیرۆکە و نەریتەکان بە گشتی وەردەگرێت بێ جیاکردنەوە لە نێوان باش و خراپیاندا.

ـ توێژینەوەکان دەریان خستوە ئەو منداڵانەی کە رۆژانە نیو کەوچکە چا لە رۆنی ماسی دەخۆن کەمتر توشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی توند دەبن، لە قوتابخانەدا کەمتر دوادەکەون بەهۆی نەخۆشیەوە، ئەمەش لەمیانەی چالاکی ئەو خانانەی کە میکرۆبەکان قوت دەدەن.

ـ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) ستایشی گیانی کاری بەکۆمەڵ بەخشینی کردوە، کاتێك فەرمویەتی: (ان الاشعريين اذا ارملوا في الغزو، او قل طعام عيالهم بالمدينة جمعوا ما كان عندهم في

ثوب واحد، ثم اقتسموه بينهم في اناء واحد بالسوية، فهم مني، و انا منهم) متفق عليه.

بەواتای: ئەشعەریەکان کاتێك لە شەڕدا لێیان دەکوژرا یان خواردنی خێزانەکانیان لە شاردا کەمی دەکرد، هەموو شتەکانی خۆیان کۆدەکردەوەو دەیان خستە نێو کراسێك دواتر لە نێو خۆیاندا بەشیان دەکرد بە یەکسانی، ئەوان لەمنن و منیش لەوانم.

ـ گرنگە منداڵی قوتابخانەکان هەموو بەیانیەك پەرداخێك شەربەتی میوەی تازە بخۆنەوە، بە تایبەتی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا، چونکە ئەوەی مێشك پێویستێتی لە مادەی سروشتی کە یارمەتی بەهێزکردنی کاری بیرکردنەوە دەدات لە شەربەتەکەدا هەیە.

ـ با هەموو کەسێك یارمەتی منداڵەکانی بدات، بۆ دەست نیشانکردنی هاوڕێی باش، چونکە هاوڕێیەتیکردنی کەسانی چاك لەکاتی ئاشوبدا وەك کەشتی رزگارکەرو بەدەست هێنانی هەموو چاکەیەك وایە، دەوترێت مرۆڤ لە میانەی تێکەڵبونی لەگەڵ کەسانی چاکدا نزیکەی لە ٦٠٪ ی نەریتە چاکەکان بەدەست دێنێت.

ـ ژیری ناوەکی رۆڵی گەورەی هەیە لە ژیانی تاك وکۆمەڵدا، بۆ نمونە کاتێك چەندبارە لەبەردەم منداڵدا دەڵێین: کەسێکی گێرە، ئەوا بە راستی دەبێتە کەسێکی گێر، چونکە ئەم وشەیە لە ژیری ناوەکیدا تۆمار دەبێت، جا پێویستە لەکاتی قسەکردنمان لە لەگەڵ منداڵدا ئاگاداری ئەم وشەیە بین.

ـ دانیشتن بە دیار تەلەفزیۆن وئالودەبوون پێیەوە، هاوسەرەکان لێك دووردەخاتەوە، هەلی پەیوەندی و نێوانیان سنوردار دەکات، توێژینەوەیەکی نوێ کە لەسەر خێزانەکان ئەنجامدراوە ئاماژە بەوە دەکات ئەو خێزانانەی بۆ ماوەی سێ هەفتە دوورکەوتونەتەوە لە تەلەفزیۆن، بۆتە مایەیی بەهێزکردنی پەیوەندی نێو خێزانەکە و زیادکردنی خۆشەویستی لە نێوان هاوسەرەکاندا، هەروەها توێژینەوەکە ئاماژە بە زیادبونی رێژەی خوێندنەوەو بەکارهێنانی بیرکردنەوە دەکات.

ـ توێژینەوەیەك کە ماوەی بیست ساڵی خایاندوە سەلماندویەتی نهێنی پشت سەرکەوتنی ژاپۆن لە فێرکردندا خۆی لە یارمەتیدانی دایکان بۆ منداڵەکانیان دەبینێتەوە، لەبیر خستنەوەو نوسینەوەی وانەوئەرکەکانی قوتابخانەدا، جا پێویستە لەسەر دایکی مسوڵمان ئەم بابەتە لە یەکەمایەتی کاری رۆژانەیدا دابنێت.

ـ ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین خەڵکی بێئاگایە لە سوپاسکردنی خوای گەورە وستایشکردنی کە خاوەنی بەخشش ونیعمەتەکانە، بەڵکو سەرقاڵ بوونە بە چێژ وەرگرتن لە نیعمەت و بەخششەکان، جا پێویستە پەروەردکار بەشێوەیەکی بەردەوام لەبەردەم منداڵەکانیدا یادی ئەو خێرو فەڕ و بەخششانە بکاتەوە کە خوای گەورە پێی بەخشیون، هانی منداڵەکانی بدات لە هەموو کاتێکدا سوپاس و ستایشی خوای گەورە بکەن.

ـ زۆر گرنگە جۆرێك لە سەربەخۆیی ببەخشینە نەوەکانمان بواریان پێبدەین بە پێی حەزی خۆیان هەندێك شت دەستنیشان بکەن، بەڵام هەموو ئەمانە دوای ئەوە دێت کە سنوری قەدەغەکراو و رێپێدراویان لە کارو هەڵسوکەوتکردن بۆ رونبکەینەوە، پێویستە لەسەر ئەمە ئارام بگرین، چونکە پێویستی بە کاتە.

ـ پەروەردە دەست هەڵگرتن نییە لە سزادان، بەڵام دەبێت سزا لۆژێکی و رون و ئاشکرا بێت، بە منداڵ بڵێ: گەر لە نێو شەقامدا سواری پاسکیل بویت ، ئەوا بۆ ماوەی هەفتەیەك پاسکیلەکەت دەستی بەسەردا دەگرم، ئەگەر دانەکانت بە فڵچە نەشۆریت ئەوا رێگریت لێدەکەم لە خواردنی شیرینی، تا پابەند دەبیت بە بەکارهێنانی فڵچەوە، هەروەها....

ـ منداڵان پێویستیان بەوە هەیە هاورێی باشیان هەبێت، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی کەسایەتیان بە شێوەیەکی باش گەشە ناکات، مەگەر تەنها لە میانەی تێکەڵ بوون لەگەڵ هاورێکانیاندا نەبێت، گرنگە لەم کاتەدا یارمەتیان بدەین بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی دەیکەنە هاورێی خۆیان وە فێری هەندێك لە ئادابی هاورێیەتیان بکەین.

ـ گەر منداڵ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن هەندێك روداوی توندوتیژی بینی یان گوێی بیستی هەندێك هەواڵی تایبەت بە تاوانی گەورە بوو، پێویستە هەوڵی دڵنیایی کردنەوەی بدەین، هانی بدەین سەبارەت بە هۆکاری ترسەکەی قسەبکات، هەروەها گرنگە بۆی رونبکەینەوە ئەوەی

کـە بینیویـەتی شـتێکە بـە دەگمـەن رودەدات، وە خێزانەکـەی هـەموو هۆکارێکی سەلامەتی رەچاو کردوە.

ـ هەنـدێك لـە کـوڕان لـە داواکردنـی پـارەدا زیـادەڕۆیی دەکـەن، چارەسەری گونجاو ئەوەیە خەرجی هەفتانە بۆ مندالّ تەرخان بکرێـت، پێویستیەکانی بۆ دابین بکرێت، بەلام ئەوانەی کە پێویست نین ئەوا با منداڵەکـە لـە خەرجیـەکانی خـۆی کـۆی بکاتـەوەو ئـەو شـتانەی پـێ بکرێت.

ـ هەنـدێك نمونـەو دەسـتەواژە هەیـە، ترسـان لـە شـتی تـازەو وابەستەبوون بـە کۆنـەوە لای منـداڵ جێگیر دەکـات، وەك دەسـتەواژەی (خێری ئەمە نازانیت تا شتی تر تـاقی نەکەیتـەوە) هـەروەها (ئـەوەی ئێستا دەیناسیت چاکترە لەوەی کە دواتـر دەیناسـیت) ئـەم دەسـتەواژانە بەتەواوی راست نین بە کۆدەنگی ژیرمەندان.

ـ رێبازو بـەهاو چـەمکەکان پێویستیان بـە بەرنامـە رێـژی هەیـە تـا دەگۆڕێن بـۆ واقیعـی ژیـان، هەرچـەندە نـەوەکان باسـی ئـەوە بکـەن کـە حەزیان لە سەرکەوتنە، هەموو ئەمانـە مانایـەکیان نیـە تـا ئـەو کاتـەی دەبیـنین رۆژانـە بـۆ مـاوەی چـەند کاتـژمێر دەخـوێنن لـە پێنـاوی بەدیهێنانی سەرکەوتندا.

ـ لەیـەکێك لـە ولاتـە عەرەبیـەکان توێژنـەوەیـەك ئەنجامـدراوە بـاس لەوەد ەکات ئەو مندالانەی لـەو دایەنگانـەی کـە بایەخـدانیان بەمنـداڵ کەمـە دانـراون، لـە زیرەکیـدا توشـی کـورت هێنـان دەبـن، بەشـێوەیەك

زیرەکیان لە کۆتایی ساڵی یەکەم کەمترە لە نیوە، بە بەراورد لەگەڵ منداڵە ئاساییەکان.

ـ لێکۆڵینەوە زانستیەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو منداڵانەی کاتێك چاودەکەنەوەو دەبینن دایك و باوکیان بە زۆری دەخوێننەوە ئەمانیش حەز بە خوێندنەوەو کتێب دەکەن، جا پێویستە کتێب پەیدابکەن و بایەخی پێبدەن و ببێتە بەشێکی بنەڕەتی لە ژیانی هەموو خێزانێکدا.

ـ ئەو کەسانەی سەرکەوتن و چاکی نەوەکانیان دەخوازن دەیان بەنە لای باشترین کەسی پەروەردکاری ژیری شارەزاوخاوەن ئەزموون، بەڵام ئەمڕۆ کەسانێکی زۆر هەن خزمەتکار دەگرن و بەمەبەستی چاودێریکردنی منداڵەکانیان، لە کاتێکدا زۆرێك لە خزمەتکارەکان مسوڵمان نین،، ئەمەش جۆرێك لە پاشەکشەو گەڕانەوەیە بۆ دۆخی جاران.

ــ دایك بۆ منداڵ وەك نیشتیمان وایە، چاوەکانی سەیرانگای گیانێتی، بۆیە ئینتیما بۆ نیشتیمان لە دایکبوی ئینتیمایە بۆ خێزان، کاتێك خێزانێك شکستی هێنابێت لەوەی منداڵەکانی ئینتیمایان بۆ خانەوادەکە هەبێت، چۆن دەتوانن وا بکەن خۆشەویستی نیشتیمان لەناخیاندا بچێنن و هانیان بدەن بۆ فیداکاری لە پێناوی ولاَتدا.

ـ کاتێك منداڵ بچوکە ئامۆژگاری روون و راشکاوانەی پێویستە بۆ رێنمایی کردنی، گەر لە تەمەنی دە ساڵان تێپەڕی چاکتر وایە بە

ئاماژەو سەرنجدان رێنمایی بکرێت، هەرچەندە پانتایی قسەکان نەرم بێت زیاتر مایەی رەزامەندی و وەرگرتنە.

ـ زۆرجار کەسوکار لە بەشودانی کچەکەیدا پەلە دەکات، لەوە دەترسێت کچەکەی بچێتە قۆناغی قەیرەییەوە، بۆیە دەبینیت بەشێوەیەکی تەواو رەوشت و هەڵسوکەوتی ئەو کەسە نازانن کە داوای کچەکەی لێکردون، زۆرجار ئەوەی لەسەر ئەم پەیوەندیە بینا دەکرێت پەیوەندیەکی خێزانی پڕ لە کێشە ومەینەتی و نەگونجانە، ئەمەش وا دەخوازێت وریاو بە ئاگابین.

ـ منداڵان پاڵەوانی راستەقینەی پرسیارکردنن، لێیانەوە فێری زانین خوازی دەبین، یەکێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ١٥٪ ی وتەکانی منداڵ بریتیە لە پرسیارکردن لەکەسانی دەوروبەری، ئەمە شتێکی سروشتیە..... گەر منداڵێکمان بینی پرسیار ناکات پێویستە پرسیار بکەین سەبارەت بە هۆکاری پرسیار نەکردنی.

ـ گەر منداڵ لە ژینگەیەکدا ژیا ستایشکرا، بزانە ئەوا کەسێکی بەهێز دەبێ، گەر لە ژینگەیەکدا پەروەردەبوو هاندرا، بزانە کەوا متمانەی بەخۆیەتی، گەر لە ژینگەیەکدا ژیا پەسەند کراوبوو، بزانە کەسێکی خۆشەویست و ئامانجدارە.

ـ پەروەردە بریتیە لە کارلێکردنی منداڵ لەگەڵ پەروەردکاراندا، هەرچەندە کارلێکەکان بەهێزتربن ئەوا کاریگەریەکان گەورەتر دەبن، لەسەر دایك و باوك پێویستە ژینگەیەکی دامەزراوو باش و خۆش و

گونجـاو بـۆ منداڵـەکانی دەسـتەبەر بکـات، گـەر دەیانـەوێت تێکۆشـانی پەروەردەییان بەرهەمداربێت.

ــ میهرەبـانی راسـتەقینە بـۆ منـداڵان خـۆی لـە پرژانـی سـۆز و خۆشەویستی و بە کارهێنانی دەستەواژەی هانداندا دەبینێتەوە، زۆرێك لە توێژینـەوە پەروەردەییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن ئـەو باوکانـەی بـە سۆز و خۆشەویستی و هاوکاری منداڵەکانیان دەناسرێنەوە و تێکۆشـانی منداڵـەکانیان بـەرز دەنـرخێنن، بەوکارەچاکەیان منداڵـەکانیان هانیـان دەدەن تا گرنگی بەخۆیان بدەن و کۆڵنەدەربن.

ـ توێژینەوەیەك لە ویلاتە یەکگرتوەکان رونی کردۆتـەوە منـداڵ لـە ناوەنددا نزیکەی ٤٣٢ لێدوانی نەرێنی لە رۆژێکدا دەبیستێت، بەرامبـەر ٣٢ لێـدوانی ئـەرێنی، ئەمـەش ئاگادارمـان دەکاتـەوە کـە لێدوانـە نەرێنیـەکانمان کەمکەینـەوە تـا نائومێـدی لـەناخی نەوەکانمانـدا نەڕوێنین.

ـ منداڵان دەکەونە نێو هەڵەی زۆرەوە، پێویسـتیان بـە رێنمـایی زۆر هەیـە، بـەلام ئـەو پرسـیارەی دێتـە ئـاراوە ئەوەیـە: کـێ بـەم کـارە هەڵدەسـتێت؟ بـاوك لـە دەرەوەی مـاڵ خەریکـە، دایکـیش سـەرقاڵە بـە بەڕێوەبردنی ماڵێکی گەورە کە پێویستی زۆری بە کار و خزمەتگوزاری هەیە!

ـ زێـدەڕۆیی لـە پیاهەڵدانی جوانی کچان و قۆزی کوڕان وا دەکـات ئاگاییـان بـڕوات بـەرەو بایەخـدان بەروکـەش و وێنـەو روخسـار، لـە کاتێکـدا ستایشـکرنی نـەوەکان سـەبارەت بـە تێگەیشـتن و هەسـتی

جوامێرانەو رەوشتی بەرز ئاگاییان دەبات بـەرەو نـاوەڕۆك و جەوهـەر، ئەمرۆش ئەمەمان پێویستە.

ـ هەوڵەكانمان لە پەروەردەكردنی نەوەكانـدا دامـەزراو نابێت، بـەبێ دانانی یاسایەكی ئاشـكرا كـە هـەموو خـەڵكی ماڵەكـە پێـوەی پابەنـدبن، گـرنگ ئەوەیـە ئـەم یاسـایانە زۆر نـەبن، هـەروەها گرنگـە چـاودێری سەرپێچـی كـارانی یاسـاكە بكرێـت بـە تونـدی وبـە تـەواوی، سـەرەڕای بیرخستنەوەی بەردەوام بە ئارامی و كۆڵنەدان.

ـ پلەبەندی لـە پـەروەردەكردنی نەوەكانـدا شـێوازێكە ناكرێـت هـیچ كەسـێك لێـی لابـدات، چـونكە وەرگرتنـی منـداڵان بـەو شـتانەی پێیـان دەڵـێین و پابەنـدبوونی ئـەوان پێـوەی پێویسـتی بـە كاتـە، پێویسـتە ئێمەش ئەو كاتەیان بدەینێ بە ئەندازەی وزەو توانا.

ـ لە سونەتی پێغەمبـەران (علیهم الصلاه و السلام) نزاكردنـە بـۆ رێنوێنی كردنی نەوەكانیان، چونكە پەروەردكار هەرچەندە شارەزابێت لەوانەیە لە پـەروەردەكردنی منداڵەكانیـدا سـەركەوتوو نـەبێت چـونكە رێنوێنی كردن لەخوای گەورەوەیە، با نزای زۆر بـۆ نـەوەكانمان بكـەین تا خوای گەورە رێنوێنییان بكات و چاكیان بكـات و لەسـەر ئەمـە ئـارام بگرین.

ـ زۆری بەربەسـت و سەرزەنشـت كـردن وگلـەیی وگازنـدە، هـەموو ئەمانـە بـە ئـەنجامێكی نـەخوازراو دەشـكێتەوە، ئەمـەو ستایشـكردن و هانـدان زورجـار دەبنـە هۆكـاری چـاكبوون، پەیوەنـدی بـاش لەگـەڵ

منداڵدا، ڕێنمایی پەروەردکار دەکات تا ڕەفتاری ڕاست وجوان بنوێنێ لەگەڵ ئەوکەسانەی پەروەردەی دەکەن.

ـ سەردانی پێشانگا نێودەوڵەتیەکان سەرچاوەو دەروازەیەکە بۆ هوشیاری خێزان لەسەر گرنگی کتێب و خوێندنەوە، بۆ سودبینین لەو کتێبە دەگمەنانەی کە نمایش دەکرێن لە پێشانگادا، چاکوایە چەندجارێك سەردانی ئەو پێشانگایانە بکرێن، گرنگە منداڵان بەشداری بکەن لە کڕینی هەندێك کتێبدا لە ژێر ڕێنمایی دایك و باوکدا.

ـ توێژینەوەیەك کە لە یەکێك لە وڵاتانی کەنداودا ئەنجامدرا بوو ئاماژە بەوە دەکات کە ٦٢٪ ی دایکان و باوکان هەست بە کۆشەگیری دەکەن لە نێو خێزانەکەیاندا، پەیوەندی پتەو لەگەڵ تاکەکانی خێزاندا لەدەست دەدەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە سستی بایەخ بەکاروباری نەوەکانیان دەدەن، و بڕوایان بە کەڵك وسوودی گفتوگۆ و پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیاندا لاوازە.

ـ بەڵگەی زۆر هەیە کە هەندێك لە پیاوان کاروباری ماڵی یەکەمیان فەرامۆش دەکەن گەر هاتوو کەسێکیان ژنی دووەمی هێنا، ئەو کات منداڵەکان دەبنە قوربانی یەکەمی ئەم حاڵەتە، خوای گەورەش پرسیار لە هەموو سەرپەرشتیارێك بەسەر ئەوانەی لەژێر سەرپەرشتی کردنیدایە دەکات، ئایا ئەمانەتی سەرشانی پاراستووە یاخود فەوتاندویەتی.

ـ ڕێنماییەکانمان بۆ کوڕان و کچانمان پێویستە لە چوارچێوەی سێ جێگیردا بێت: ئێمە ئێوەمان خۆشدەوێ، ئێمە متمانەمان پێتانە، ئێمە ڕێزتان لێدەگرین، گرنگ ئەوەیە منداڵ بزانێت کێ سەرکردەی ماڵەکەیە، بۆلای کێ بگەڕێتەوە بۆ هەندێ لەکاروبارەکانی، وەك دەرچوون لەماڵ، هاوڕێیەتی کردنی هەندێك لە منداڵانی دراوسێ... هتد. ئێمە زۆرجار پەیامێکی شپرزو تەمومژاوی دەنێرین، وا دەکات منداڵەکە سەرسام بێت و ڕەفتارێکی ئاژاوەگێڕانە بگرێتەبەر.

ـ کاتێك منداڵ لە ماڵ دەچێتە دەرەوە پرسیاری کاتی گەڕانەوەی لێبکە، بەوردی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکە، گەر دواکەوتنی چەند بارە بۆوە ئەوا پێویستە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەیت و توڕەیی و نیگەرانیت دەربڕیت، ئاساییە هەندێك جار ڕێگری لەمنداڵەکە بکەیت لە چونە دەرەوە وەك سزایەك بۆی، چونکە درەنگ گەڕانەوە بۆ ماڵ زۆر خراپەکاری لە خۆدەگرێت.

ـ ماڵ و سامان ژیان پێکدێنێت، گرنگە نەوەکانمان وا پەروەردە بکەین تا بەهای بزانن،و ئەو شتانە نەکڕن کە پێویستیان پێی نیە، رایان بێنین لەسەر پاشەکەوتکردنی هەندێك لە خەرجیەکانیان و چاك ڕێکخستنی کاروباری کەسێتیان.

ـ خەڵکی سەبارەت بە ئایندەی منداڵەکانیان دوو بەشن، بەشی یەکەم: بە بایەخ و چاودێریەوە منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن، و بۆ فێربونیان بە دەستکراوەیی پارە خەرج دەکەن، بەشەکەی تر بیر لە دابینکردنی زۆرترین بڕی ماڵ و سامان دەکەنەوە بۆ جگەرگۆشەکانیان

،لەراستیدا زۆر بەڵگە لە بەردەستدایە و لە ژماردن نایەت راستی و تەواوی لەگەڵ بەشی یەکەمدایە، چونکە بیناکردنی مرۆڤ لە پێشترە لە هەموو شتێکی تر جا ئەو شتە هەرچیەك بێت.

ــ وەرن با لەگەڵ نەوەکاندا هەڵسوکەوتی باش بکەین و کاروبارەکانیان بە شێوازێکی جوان بۆ رونبکەینەوە، و بچینە نێو دڵ و دەرونیانەوە پێش ئەوەی بیروبۆچونەکانمان بچێتە نێو عەقڵیانەوە، چونکە هۆشمەندی منداڵ نابیستێ تا دڵەکانیان نەبیستێ.

ـ کاری سەرەکی نەنکە ( داپیرە) کان بریتیە لە نازپێدانی بچوکەکان و سوککردنی فشارەکانی خوێندن و نوسینەوەی ئەرکەکان بۆیان و گێڕانەوەی چیرۆکی جوان و بەچێژ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە جۆرێك لە هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ نەنکەکاندا، تا سیاسەتی پەروەردەیی لەماڵدا چون یەك بێت.

ـ ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین پانتایی ئازادی تاکەکەسی زیاد دەکات، و چاودێری و بەدواداچون پاشەکشێی کردوە... لەم هەلومەرجانەدا گەشەپێدانی هاندانی ناوەکی لای منداڵ کارێکی پەروەردەیی زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی منداڵ لە زۆرێك لە هەڵسوکەوتەکانیدا ئازادە، ئەوپەروەردە بوونە باشە وا دەکات خۆی چاودێری خۆی بکات.

ـ یارمەتی منداڵ بدە تا بتوانێت تورەبوون و ئەو هۆکارانەی پاڵی پێوە ناوە بۆ تورەبوون پێکەوە ببەستێتەوە، داوای لێبکە ئەوهۆکارانەت بۆ شیبکاتەوە، ئەمەش چاکی دادگاییکردنی عەقڵی لا بەرز دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا تورەبونەکەشی کەمدەبێتەوە.

ـ خێزانی پابەند بە رێنماییەکانی ئیسلام، لە زیهنی منداڵەکانیدا دەیچەسپێنێت کە ئامانجی سەرەکی لە خەو هەستانی زوو، بریتیە لە هەستان بۆ نوێژی بەیانی بە ورەو چالاکیەوە.

ـ خۆ ئامادەکردن بۆ جەژن خوازراوە، جەژن رۆژی خۆشی و شادی و سوپاس گوزاری خوای گەورەیە، بەڵام زێدەڕۆیی کردن لەم کارەدا چاك نیە، بەپێی راپرسیەك کە لەسەر کۆمەڵێك لە ئافرەتان ئەنجامدرابوو، دەرکەوت کەوا هەندێکیان دەچنە بازاڕ بۆ کڕینی شتومەکی جەژن ماوەی دوو هەفتە یان مانگێك پێش جەژن، ئەمەش کارێکە مایەی سەرسوڕمانە!

ـ گەر منداڵ گەیشتە تەمەنی دە ساڵان ئەوا پرسیار دەربارەی هاوڕێکانی و ئەو شوێنانەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بۆی دەچێت کارێکی پێویستە، هەروەها پرسیارکردن لە قوتابخانەکە و لێپرسینەوەی قوتابخانەکەش لەمنداڵەکە سەبارەت بە رەوشت و هەڵسوکەوتی لە کارە گرنگەکانە، بۆ ئەوەی منداڵ بە رێگای چەوتدا نەڕوات بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت.

ـ پێویستە هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی منداڵان بزانین، تا بە دەستیانەوە نارەحەت نەبین ، لەو سیفەتانە جوڵەی زۆر، لاسایی کردنەوە، گیربوون، حەزکردن لە زانین، لە سرود، خێرایی پەسەندکردن، زۆر پرسیارکردن، حەزکردن لە بەستن و هەڵوەشاندنەوەی شت و مەکەکان، ، ئارەزووی بەدەستهێنانی زانیاری و شارەزایی...

ـ فەرامۆشکردن شێوازێکی پەروەردەیی سەرکەوتووە، کاتێك باوك دەزانێت کوڕەکەی تاوانێکی ئەنجامداوە، کە دەچێتە ماڵەوە با سڵاوڵەمنداڵەکە نەکات، یان وەك رۆژانی تر بایەخی پێنەدات، یان روی لێوەرگێڕێت کاتێ منداڵەکە قسەی لەگەڵدا دەکات... گرنگ ئەوەیە منداڵەکە بزانێت ئەمە شتێکی کاتیە، ئەم رەفتارەی باوکی سزای ئەو تاوان و هەڵەیەیە کە ئەنجامی داوە.

ـ زۆرێك لە دایکان و باوکان وا دەزانن داهێنان تەنها بەشی کەسە زیرەکەکانە، ئەمەش راست نیە، سەلمێنراوە زیرەکی تەنها رەگەزێکە لە نێو چەند رەگەزێکی تردا، هەر کەس بەشێکی باش لە بایەخدان و کۆڵنەدان و تێکۆشان و فێربوونی باش و تەرکیزی هەبێت، دەشێت ببێتە کەسێکی داهێنەر، هەرچەندە کەسێکی مامناوەندیش بێت.

ـ پەروەردکاری باش لە پرۆسەی پەروەردەکردنیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر رەوشت و بەها و ئەرکەکان، هەموو هەلێك دەقۆزێتەوە بۆ هاندان، بەلاّم پەروەردکاری خراپ چاکە و سەرکەوتنەکانی ئەو کەسانەی پەروەردەی دەکات فەرامۆش دەکات و جەخت لەسەر هەڵەو کەلێنەکانی دەکاتەوە، لە بەر ئەوە کاریگەریەکانی ئەو پەروەردکارە وەك نەبوو وایە، هەروەها کۆڕ و دانیشتنەکانی بێزراوو نەخوازراوە.

ـ توێژینەوەکان دەریانخستوە گرنگترین هۆکارکە هانی نەوەکان دەدات بۆ داهێنان و پەرەپێدانی بەهرەکانیان، ئازادی و کەمی سزادان و هاندانی بەردەوامە لە لایەن دایبابەوە، هەندێك لە توێژینەوەکان دەریان خستووە ئاستی زانستی دایك و بەشداریکردن و چاودێریکردنی

کاروبــاری منداڵەکــەی کاریگــەرێتی دوور مــەودای هەیــە لەســەر پەرەپێدانی بەهرەمەندی منداڵەکەیدا.

- لە بەرپرسیارێتی پـەروەردکار ئاگادارکردنـەوەی ئـەو منداڵـەی کـە پەروەردەی دەکات، ئەوەیە کە (خوای گەورە) پەیوەندی نێوان هۆکار و دەرەنجامەکانی داناوە، ئەمەش بەهۆی زۆر پرسـیارکردنی لـە منداڵەکـە دەبێــت دەربــارەی هۆکــاری هەڵســوکەوتەکانی، بۆچــی ئــەم یاریــەت دەسنیشان کرد؟ بۆچی بڕوات بەو کەسە کـرد؟ هۆکـاری چیە لـە فلان بابەتدا سەرکەوتویت؟

- هەندێك لـە منـدالان لـە هـەموو شـتێکدا مشتومڕ دەکـەن، هـەوڵی خۆدزینەوە دەدەن لە جێبەجێکردنی ئـەو کارانـەی داوایـان لێـدەکرێت، بـە پاسـاوی ئـەوەی کـە راسـت نیـە، یـان نـاتوانن پێـی هەسـتن، گرنگـە لەسەر دووو شت رایان بێـنین: یەکـەم : بـەردەوام مشـتومڕیان لەگەڵدا نەکەین و قسـەی خۆمـان بکـەین و بـڕۆین، دووەم : بـە باشـترین شـێوە مشتومڕیان لـە گەڵـدا بکـەین، بـە شـێوەیەك دەنـگ بـەرز نەکەینـەوەو وشـەی خـراپ بەکارنـەهێنین، هـەروەها پێویسـتە گـوێ بگـرین لـەو کەسانەی مشتومڕیان لەگەڵدا دەکەین...... پێویستە منداڵان وا رابێنین کە هەندێ بابەت هەیە ناکرێ گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

- بەراوردکردنی حاڵەتی منداڵ بە براکەی یان ئامۆزاکەی یان کوڕی دراوسێکەی وا دەکات رقی لـەو کەسـانە بێـت و لێیـان دوور بکەوێتـەوە، چاك وایە بەراوردی منداڵ بەخۆی بکرێت، بۆ نمونە دایکی پێی بڵێت: تـۆ دوێـنێ لـەمڕۆ رێکوپێـك تـر بویـت، تـۆ لـە هـاوینی رابـردودا بـە

شێوەیەکی جوان یارمەتی منت دەدا لەکاروباری ماڵدا، تۆ لە مۆڵەتی رابرودا چاکتر سودت بینی لەم مۆڵەتەی ئێستات....

ـ قورئانی پیرۆز مایەی خۆشی گیان و گوێیەکانە، خێزانی مسولمان رۆژانە دەڕوانێتە قورئان خوێندنی نەوەکانیانەوە کەوا شتێکەو ناشێت بەزایە بدرێت، بەڵام پێویستە منداڵ بە میهرەبانی و پلەبەندی بۆ قورئان خوێندن هان بدرێت، خۆزگە خێزان ئەڵقەیەکی هەفتانەی دەبوو بۆ تێگەیشتن لە قورئان و وەستان لەسەر هەندێ لە ماناکانی.

ـ هەندێ وا گومان دەبەن منداڵ بریتیە لە لاپەڕەیەکی سپی، چیان ویست وا لە سەری بنوسن! بەڵام ئەمە راست نیە، چونکە خوای گەورە مرۆڤەکانی وا دروست کردووە کە ئارەزووی هەندێ کاروباری هەبێت و حەزیش لە هەندێکی تر نەکات، هەروەها خوای گەورە بە هەریەکەمان توانایەکی دیاریکراوی بەخشیوە، بۆیە سەلیقە ئەوە نیە سروشتی منداڵەکە فەرامۆش بکرێت، بەڵکو بە رەچاوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و یەکخستنی لە کۆمەڵگادا بە نەرمونیانی و ئاگاییانە دێتەدی.

ـ گەر ژن یان پیاو وا بزانێت دەتوانێت هاوسەرەکەی بەختەوەر بکات، تەنها بە پێکەوە ژیان لە ژێر سەقفێکدا ئەوا بە هەڵەدا چووە، سەلمێنراوە حەز و ئارەزووی هاوسەران بەردەوام وەك یەك نیە، بۆیە جوامێری و دینداری ئەوەیە کە هاوسەر خواستی هاوسەرەکەی بەدی بێنێت، هەرچەندە لەگەڵ حەزەکانیدا هاوڕا نەبێت.

ـ ئەوەی مایەی سەرنجە ئەمڕۆ، زۆرێك لە کوڕان و کچان هەست بە شەرمەزاری ناکەن کە دایکان و باوکانیان بەناوی خۆیانەوە بانگ

دەکەن، ئەمەش بەرەو پێش چونێکی خراپە و مایەی رەزامەندی نیە، رەحمەتی خوا لە (طاوس) کە وتویەتی: رەقی و زبری ئەوەیە کەسێك باوکی بەناوی خۆیەوە بانگ بکات.

ـ کاتێك مندالّ هەلّەیەك یان فێلّێك دەکات لە کاتی یاریکردندا، گەر تەمەنی لە شەش سالّان کەمتر بوو، زۆرجار مەترسی پێکناهێنێت، مندالّی بچوك بەشێوەیەکی باش رێسای یاریکردن نازانێت، نازانن گەر فێلّیان کرد ئەوا دەکەونە نێو هەلّەیەکی کوشندەوە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە چاودێریان بکرێت تا ئەمە بەردەوام نەبێت، بۆ دوای ئەم تەمەنە.

ـ پێویستە لەناخی مندالّەکانماندا شکۆیی دەرونپاکی و سنگفراوانی و سەرقالّبوون بە کەموکورتی خۆمانەوە بچەسپێنین، لەبری سەرقالّبوون بە کەموکورتی خەلّکی، لە راستیدا کەسێکی دلّگەرم کاتێك لە رقی کەسێکدا دلّی دەهەژێت و رەخنەی لێدەگرێت، ئەوا بەم کارەی ئەزیەت و ئازاری توندی خۆی و هەست و سۆزە تایبەتیەکانی دەدات، وەك ئەو کەسە وایە کە ئاگر لەمالّەکەی بەردەدات لە بەر مشکێك.

ـ کاتێك مندالّ پیاوێکی نەناسی بینی، ئەوا هەست بە ترسان دەکات لێی، لێرەوە میهرەبانی لەگەلّ مندالّداو یاریکردن لەگەلّیدا سەرچاوەیەکی گرنگە تا هەست بە ئارامی و متمانە بە خۆیان بکەن، ئیمامی نەسائی لە ئەنەسەوە خوای لێرازیبێت بۆمان دەگێرێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم) (کان یزور الانصار و یسلم علی صبیانهم و یمسح رؤسهم)

بـه واتـای حـەزرەت سـەردانی پشـتیوانەکانی دەکـردو، سڵاوی لـە منداڵەکانیان دەکرد و دەستی بەسەریاندا دەهێنا.

ـ کاتێك منداڵ دەگاتە تەمەنی حەوت ساڵان، ئەوا دەتوانێت وەڵامـی تەلـەفۆن بداتـەوە، گرنگـە لـەم کاتـەدا فێـری شـێوازی وەڵامدانـەوەی بکـەین وەك: رێنمـایی کردنـی بـە دەنـگ بـەرز نەکردنـەوە و بـەرێزەوە قسـەکردن لەگـەڵ بەرامبـەردا، وەك پێـی بڵێیـت: جـەنابت کێـی؟ ئایـا دەتـەوێت بـاوکم پەیوەنـدیت پێـوە بکـات کاتێـك گەڕایـەوە؟ کـەی بـۆت گونجـاوە؟ هـەروەها بەمنداڵەکـە بڵێیـت سـەماعەی تەلەفۆنەکـە بـە هێواشی دابنێت.

ـ ئەگەر ویستمان چەقی پـەروەردەی خێزانـی و چـەقی هانـدان بـە پابەنـد بـوون بـە رەوشـتە بەرزەکانـەوە بـزانین، ئـەوا بەیـەك دەنـگ دەڵێین: بوونی پێشەنگی پێگەیشـتووە تـا منداڵـەکان چاویان لێبکـەن،و بەخۆشـی و سەرسـامیەوە لاسـاییان بکەنـەوە، ئەمـەش دەمـان خاتـە لوتکەی بەرپرسیارێتیەوە.

ـ خێزانی هوشـیار ومـەدەنی تەماشـای کتێبخانـەی نێـو مـاڵ دەکـات، بەوەی سەرچاوەی گیان و ئەقڵە، هەروەك چۆن چێشتخانە سەرچـاوەی خۆراکی لاشەیە، گرنگە لـەم چوارچێوەیەدا منـداڵ بەشـداری بکـات لـە هەڵبــژاردنی ئــەو کتێبانــەی ســەرەنجیان رادەکێشــێت و حــەز لــە خوێندنەوەی دەکەن، گرنگە کتێبخانەی نێو ماڵ مانگانە کتێبـی تـازەی بۆ دابین بکرێت.

ـ زۆرێـك لـه باوكـان گازنـدەى ئەوەيانـه منداڵـەكانيان ئـارەزووى نووسـينەوەى ئەركـەكانى قوتابخانـەو، هـەروەها ئامادەباشـى چـاك بـۆ تاقيكردنـەوەكانيان نيـە ، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەندين هۆكـار، لەوانە لاوازى ئەو قوتابخانەيەى كه منداڵەكه تێيدا دەخوێنێت، بـوونى هـاوڕێى تەمبـەڵ كـەوا دەكـات منـداڵ بايـەخى كـەم بـه زانسـت بـدات و خوێندن تەواو بكات.

ـ قسـەى لـه پاشملـه ئـەمڕۆ لـه زۆرێـك لـه ماڵانـدا بڵاوبۆتـەوە، واى لێهاتوە منداڵ به خراپى و گاڵتەجاڕى باسى خەڵكى دەكات، و له لايـەن دايكـان و باوكانيشـەوە هـيچ رێگريـەكيان لێنـاكرێ لەگـەڵ ئـەوەدا غەيبەتكردن دەرگايەكى گەورەيه له دەرگاكانى لەناوبردنى چاكەكان و بـه دەسـتهێنانى خراپـەكان، گرنگـه خێـزان بڕياربـدات كـه باسـى هـيچ كەسێك نەكات به چاكه نەبێت.

ـ بوونى كەسێكى بێ باوك له هەر ماڵێكدا تاقيكردنەوەيـەكى گـرنگ بۆ خاوەن ماڵەكه پێكدەهێنێ، پێويسته له سەريان سود لەمه وەربگرن، بۆ بەدەست هێنانى ڕەزامەندى خواى گەورە، هەروەك پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمويـەتى (خير بيـت فـى المسلمين بيـت فيـه يتيم يحسن اليه، و شر بيت فى المسلمين بيت فيه يتيم يساء اليـه، و انـا و كافل يتيم فى الجنة كهاتين) يشير باصبعه. رواه احمد.

واته: باشترين ماڵى مسوڵمانان ماڵێكه بـێ بـاوكێكى تێدايـه و چـاكن لەگەڵيـدا، خـراپترين مـاڵى مسـوڵمانيش ماڵێكـه بـێ بـاوكێكى تێدايـه

خراپن لەگەڵیدا، من و سەرپەرشیارانی بێ باوکان لە بەهەشتدا وەك ئەم دوو پەنجەیە واین.

ـ پێویستە لەسەرمان رێگری لە منداڵە بچوکەکان بکەین لە بینینی بەرنامەی توندوتیژی و هەواڵەکان کە وێنەی کوژراو و بریندار تێدا دەردەکەوێت، ئەمە لە ناخیاندا خراپترین شوێنەوار بەجێدێڵێت، چونکە منداڵان جیاوازی ناکەن لە نێوان واقیع و نواندندا.

ـ خستنە رووی هەڵەکان بە گرنگترین شێوازەکانی پەروەردەیی دێتە ئەژماردن، چونکە منداڵ ئاگادار دەکاتەوە لە هەڵەکانی و هەلێکی پێ دەبەخشێت بە پێداچونەوەی رەفتارەکانی بێ ئەوەی کەسایەتی لەکەدار بکرێت، بێ ئەوەی هاوەڵەکانی ئاگادار بکرێتەوە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەسەر مینبەرەوە فەرمویەتی (ما بال اقوام یفعلون کذا و کذا و دون ان یذکر اسم احد منهم) بە واتای: حاڵی ئەو کەسانە چیە کە وادەکەن و وا دەکەن بێ ئەوەی ناوی هیچ کەسێکیان بهێنێت.

ـ منداڵ رابێنە تا رێزی مامۆستاکانی بگرێت، چونکە رێزگرتنی خاوەن زانست بەشێکە لە رێزگرتنی زانستەکە، شافعی وتویەتی: چومە شاری مەدینە ئەوەی لە مالکی کوڕی ئەنەس بینیم شکۆمەندی و رێزگرتنی بوو لە زانست، بەمە ش ئەدەبم زیادی کرد، تا ئەوەی کاتێك لە لایدا بووم، و دەمویست لاپەڕەیەك لە کتێبەکان هەڵبدەمەوە بە هێواشی و لە سەرخۆیی هەڵمدەدایەوە تا ئیمام گوێی لێنەبێت!

ـ پێویستە منداڵ بە شێوازێکی روون و جوان لە هەڵەکانی ئاگادار بکرێتەوە، بەڵام تێگەیاندنی بەوەی کەوا کەسێکی خراپ و گەمژەیە بە دەرەنجامی خراپ دەشکێتەوە، ئەو کات هەست بە کەمی و لاوازی دەکات، لە روانگەی ئەو خۆ بە کەمزانینەوە هەڵسوکەوت دەکات.

ـ پاراستنی نیعمەتەکان ئەدەبێکە لە ئادابی ئیسلامی، وە بەشێکە لە سوپاسگوزاری خوای گەورە لەسەر ئەو بەخششانەی کە پێی بەخشیوین، پێویستە خێزان منداڵەکانی وا رابێنێت بڕێکی خواردنی زۆر زیاتر لە پێویستیەکانی خۆی نەخاتە نێو قاپی خۆراکەوە، گەر وای کرد پێویستە ناچار بکرێت بە خواردنی، تا جارێکی تر ئەمە دوبارە نەکاتەوە.

ـ گرنگە ئەگەر شتێکی بەنرخ لە ماڵدا شکا، یان هەڵەیەك ئەنجامدرا، نەمانزانی کێ کردویەتی با سزای ئەو منداڵەیان نەدەین کە راستی وتوە و چاو لە ئاست ئەوەی درۆی کردوە دابخەین، پێویستە لە سەرمان ئارامبگرین تا راستیەکان دەردەکەون، یان دڵنیایی ببەخشینە ئەوەی راست دەکات، هەرچەندە هەڵەکەشی کردبێت.

ـ کاتێك منداڵ لە تەمەنی دە یان یازدەساڵاندا بوو، ئەوا بۆ پێشەنگ و نمونەیەکی باڵا دەگەڕێت، چاك وایە لەم کاتەدا باسی ژیان و رەوشتی گەورە پیاوان و خاوەن کەسایەتی و کەڵە پیاوانیان بۆ بکەین تا بیکەنە سەرمەشق و لاساییان بکەنەوە.

ـ بایەخ پێدانی دایك بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی باش ئەوە دەخوازێت کە رۆژانە کاتێك دیاری بکات بۆ خوێندن بە منداڵە

بچـوکەکەی، و هەنـدێك لەوانـەی دەیخوێنێتـەوە بـۆ منداڵەکـەی ڕون بکاتەوە، ئەمەش لە تەمەنی پێنج ساڵان ودواتـردا، هـەروەها پێویستە هەوڵبـدات لـە میانـەی ئـەو خوێندنـەوەوە مانـاو چـەمکە ئیسلامیە بنەڕەتیەکان لە ئەقڵ و دەوونی منداڵەکەدا بچێنێت.

ـ زۆرجار منداڵان دەبنە مایەیی وەڕسبوونی کەسوکاریان بە تایبـەت لـەکاتی مۆڵەتەکانـدا، چـونکە هەسـت بـە بێـزاری و بێتاقـەتی دەکـەن، بۆیە ناردنی منداڵ بۆ ناوەندێکی هاوینەیی یان بەرنامەیەکی فێربوون یان پەروەدەیی بە کارێکی زۆر گرنگ دادەنرێت.

ـ هاوڕێیـەتی گرنگـە لـە ژیـانی منداڵـدا، گـەر منداڵەکـەتت بینـی هاوڕێیەتی کەسێکی خراپی دەکرد، ئەوا باسی خراپی ئەو منداڵـەی بـۆ مەکـە، بـەڵکو بـانگی ئـەو منداڵـە بکـە بـۆ ماڵـەوە تـا زیـاتر بیناسـیت، بـەهێمنی لەگـەڵ کوڕەکەتـدا گفتوگـۆ بکـە سـەبارەت بـە هەنـدێك لـەو شـتانەی کـە لـەو منداڵـەوە وەریگرتـوە، ڕاشـکاوانە باسـی هاوڕێکـەی بـۆ مەکە، هەوڵبدە ماوەی تێکەڵاوبونی لەگەڵ ئەو منداڵـەدا بـە پێـی توانـا کەم کەیتەوە.

ـ منداڵ ئاگادار بکەرەوە کە قسە بۆ کەسانی نەناس نـەکات، شـیرینی ودیارییـان لـێ وەرنـەگرێت، داوای لێبکـە لـە قوتابخانـە لەگـەڵ کەسـی نەناسدا دەرنەچێت، هەرچەندە وتی باوکت منی نـاردووە بەدوتـدا یـان دایکت منی بە دوتـدا نـاردووە، هەڵـەو کەمتەرخـەمی لـەم کاروبارانـەدا پێدەچێت ببێتە مایەی ڕودانی کارەسات.

ـ منداڵەکەت هانبدە کە یارمەتی بەساڵاچوان بدات بۆ پەڕینەوە لە شەقامەکاندا، هەروەها هانیان بدە تا یارمەتیان بدات لە هەڵگرتنی هەندێك لە کەلوپەلەکانیان،و دابین کردنی هەندێك لە پێویستیەکانیان، کاتێك ئەمانەی کرد ستایشی بکەو پاداشتی بدەرەوە، سەرسامی خۆتی بۆ دەرببڕە بەهۆی ئەم کارە چاکانەیەوە.

ـ پێویستە بەشێوازی جۆراوجۆر بۆ منداڵەکانی رونکەینەوە کە هەموو ئەو شتانەی لە خەڵکەوە دەیبیستین راست و ورد نین، تێیاندایە راست و وردە، هەروەها درۆشی تێدایە، هەروەها راستی وا هەیە ئەوانەی گێراویانەتەوە زۆرن و هەندێکیشی وا نییە، خوای گەورە فەرمانی پێکردوین بە وردبینیکردن پێش راستاندنی ئەو شتانەی پێمان دەگات.

ـ لەسەر دایباب پێویستە کاتێك کوڕ و کچەکانیان دەگاتە تەمەنی حەوت ساڵی لەسەر رۆژوو گرتن رایان بهێنن تا لەسەری ڕابێن، بۆ ئەم مەبەستە هان بدرێن نەك بە زبری توندوتیژی، چونکە رۆژویان لەسەر واجب نیە تا دەگەنە تەمەنی باڵغبوون.

ـ منداڵان پێویستیان بە کەسانێك هەیە فێری ئادابی مۆڵەت وەرگرتنیان بکات لە دەرگادان و سڵاوکردن، نەکردنەوەی هیچ دەرگایەکی داخراو لە ژورێکدا کاتێك کەسانێك تێیدا دانیشتبێتن یان نوستبێتن، هەندێك لە منداڵان لە دەرگا دەدەن بەڵام دەچنە ژوورەوە پێش ئەوەی بواری چونە ژوورەوەیان پێبدرێت، ئەمەش لە هەڵە باوەکانە.

ـ منداڵ رابێنە لە هەموو بارودۆخێكدا دامێنـی داپۆشـێت، بـەردەوام جەختكـەرەوە كـوڕی منـداڵ لەبەرچاوی كچدا جلـەكانی نـەگۆڕیت، وە كچـانیش جلـەكانیان لــە بەرچـاوی كوڕانــدا نــەگۆڕن، هەرچــەندە بچوكەكان خوشك و برای یەكدی بن.

ـ منـداڵ بـۆ ئـەوەی بزانێـت كـە خـاوەنی كەسـایەتیەكی بـەهێزە پێویستی بە زانینی ئەو شتانە هەیە كە پێی جیادەكرێتەوە لە كەسانی تـر، هـەروەها پێویسـتی بـە دەسـتەبەركردنی ئەندازەیـەكی بـاش لـە چــاودێری و بــەڵێن پێــدان هەیــە، ســەرەڕای دوركەوتنــەوە لــە رەخنەلێگرتنی بەرامبەر بە هاوەڵ و براكانی.

ـ كاتێـك یـەكێكمان دەیـەوێت ئامۆژگـاری منـداڵێكی بكـات بـەهۆی هەڵەیەكـەوە كـە كردویـەتی، بـا تـەمێكردنی منداڵەكـەی دوای هـێمن بونەوەو نەمانی توڕەییەكەی بێت، وە لە چوارچێوەی پاراستنی ئاشتی نێو ماڵ و پەیوەندی چاكی لەگەڵ نەوەكەیدا بێت.

ـ قسەكردن لەگەڵ منداڵدا بـە دەنگێكی نـزم تـوڕەیی كەمدەكاتـەوە، ئاماژەیەكیشــە بــۆ منــداڵ لەســەر توانــای پــەروەردكار بــۆ زاڵبــون بەســەرخۆی و ئەویشــدا، ئەمــەش شــتێكی گرنگــە تــا پــەروەردكار لەبەرچــاوی منداڵــدا وەك كەســێكی دانــا و بــەتوانا دەركــەوێ لــە ئەنجامدانی ئەركە پەروەردەییەكانیدا.

ـ گرنگـە كـاتێ ئێمـە منـداڵ رادێـنین لەسـەر خوێندنـەوە،و داوای لێبكــەین چــیرۆكێك یــان كتێبێــك بكاتــەوە بــا منداڵەكــە لــەباری حەسانەوەو دڵخۆشیدا بێت، گەر داوای خوێندنەوەیان لێبكـەین لـەباری

تــوڕەیی یــان ماندووبونــدا ئــەوا بەدەممانــەوە نایــەن، یــان زیــاتر دوردەکەونــەوە لــە خوێندنــەوە، لەراســتیدا ئەمــە بەســەر زۆرێــك لەکاروبارەکاندا دەچەسپێت.

ـ مــافی کــوڕان و کچــانە لــە ژوری تایبــەتی خۆیانــدا هەســت بــە تایبەتمەنــدی بکــەن و دەرگــای ژورەکانیــان دابخــەن، بــەڵام پێویســتە دڵنیابین لەوەی کەوا ئەمــە بــەکارناهێنن بــۆ ئەنجامــدانی هەنــدێ شــتی خــراپ و مەترســیدار، ئەگــەر وایــان کــرد پێویستە دەرگــای ژورەکانیــان کراوە بێت تا بەڵێن دەدەن بەوەی جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ سـەر ئـەو کارە خراپانە.

ـ منــداڵ زۆر حــەز دەکــات هــەموو شــتێك بگورێــت بــۆ کێبڕکــێ، پێویستە هانیان نەدەین بۆ ئەم کارە، چونکە زۆرجار کێبڕکێ پەیوەندە بــە خۆپەرســتی و خۆویســتیەوە، لــەبری ئەمانــە هانیــان بــدەین بــۆ هاوکــاری و هەماهــەنگی وخۆشــی خســتنە نیــو دڵ و دەرونــی هــاوەڵ و هاوڕێکانیەوە.

ـ زۆرێك لە منــداڵان لــە جێبــەجێکردنی ئــەرکی قوتابخانــەدا سســتن، ئەمەش کارێکی سروشتیە، پێویستە خێزان یارمەتی منداڵەکانی بــدات و دایــك لــە تەنیشــت منداڵەکەیــەوە دانیشــێت لــەکاتی جێبــەجێکردنی ئەرکەکانیدا، وە یارمەتیان بــدات بــۆ لەبــەرکردنی وانــەکان و گــوێگرتن لەو وانەیەی لەبەری کردوە، پێویستە بەوردی بەرامبەر کەمتەرخــەمی مامەڵە بکرێت کە هەندێکجار رودەدات.

ـ کاتێك رێگری له منداڵ دەکەین بۆ شتێك، چاك وایە جێگرەوەی ئەو شتەی کە رێگریمان لێکردوە بۆی ئامادە بکەین، گەر وتمان یاری بەوە مەکە، با پێی بڵێین دەتوانیت یاری بەمەیان بکەی، گەر پێمان وت هاوڕێیەتی فلان کەس مەکە ئەوا پێی بڵێین دەتوانیت هاوڕێیەتی فلان یان فیسار کەس بکەیت باشترە هەروەها...

ـ زۆرێك لە منداڵان گریانی بەردەوام و هاوار هاوار و شکاندنی هەندێ شت و بەکارهێنانی هەندێ وشەی نەشیاو بەکاردێنن بەمەبەستی سەرەنجڕاکێشان یان گەیشتن بە هەندێك لە داواکاریەکانیان، لەم بارەدا فەرامۆشکردن و گوێپێنەدان لە شێوازە چاکەکانی چارەسەرکردنە.

ـ هەندێك چیرۆك و نامیلکە بۆ منداڵەکەت بکڕە، کە باس لەو کەسانە دەکات کە رۆڵی سەرکردایەتیان بینیوە لەم نەتەوەو دەسکەوتی گەورەیان بەدەستهێناوە، ئەمەش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خولیاکانی منداڵ و دۆزینەوەی پێشەنگێك کە پێوەی هۆگربن.

ـ منداڵ هەوڵی دۆزینەوەی جیهانی دەوروبەری خۆی دەدات، لەرێگای دەست لێدان و هەڵوەشاندن، هەڵوەشاندنەوە هەندێك جار لە شێوەی تێکدانی هەندێك ئامرازی نێو ماڵدا دەردەکەوێت، ئەمەش پێویستی بە ئارامی و خۆگریە، وە هێنانی هەندێك یاری کە توانای کرندنەوەو بەستنی هەیە، تا منداڵ ئارەزووە دیاریکراوەکانی جێبەجێ بکات.

- ڕاهاتنی منداڵان تا لە ژیانیاندا پابەندی سیستەمێکی دیاریکراوبن کارێکی بنەڕەتیە لە پەروەردەدا، بەڵام پێویستە سەرەنجی ئەوە بدەین منداڵ پێش تەمەنی پێنج ساڵان دەرك بە مانای سیستەم و گرنگی پابەندبوون پێوەی نازانێ، جا پێویستە بەردەوام ئاگاداری بکەینەوەو فێری بکەین بەردەوام بێت لەسەر شێوازێکی ڕەفتارکردن، بەبێ ماندووبون و بێزار بوون.

- بە دەگمەن منداڵێك دەبینیەوە توڕە نەبێت، گەر منداڵێکمان بینی توڕە نەدەبوو وە هەڵچوونی نە بوو، ئەوا پێویستە دڵنیا بینەوە لەوەی ئایا کەسێکی تەندروستە، پێدەچێت ئەوە نیشانەی سستی گەشەکردنی بێت، پێویستە لەسەرمان هەرچۆنێك بێت منداڵ فێربکەین چۆن گوزارشت لە توڕەبونەکەی بکات بە گوتار نەك بە ڕەفتاری هەڵە.

- پێویستە پەروەردکار دەستەوەستان نەبێت بەرامبەر هەندێك لە هەڵسوکەوتی هەڵە، کە لە هەندێك لە منداڵەکانیەوە ڕودەدات،بۆ ئەم مەبەستە داوای ئامۆژگاری بکات لە هاوڕێیەکی سەرکەوتووی لە بواری پەروەردەدا، یان پرسیار لە کەسێکی پسپۆڕ بکات لەکاروباری پەروەردەدا، یان کتێبێکی باش بکڕێت کە ئاستی ڕۆشنبیری پەروەردەیی بەرزبکاتەوە.

- زۆرێك لە توێژینەوە پەروەردەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو باوکانەی بەسۆز و پەرۆش و یارمەتیدان جیادەکرێنەوە، ئەوانەی ستایشی هەوڵ و کۆششی نەوەکانیان دەکەن، بەم کارەیان هانی

نەوەکانیان دەدەن بەرەو خۆگری و کۆڵنەدان، دەبا میهرەبان بین لە هەست وسۆزو هاندانا.

ـ گرنگی راستگۆیی لە ژیانی مسوڵماندا بۆ منداڵەکەت رونبکەرەوە، فێری بکە مرۆڤ گەر نەیتوانی قسەی راست بکات با بێدەنگ بێت، چونکە کەسی بێدەنگ هیچ گوزارشتێکی ناخرێتە پاڵ و هیچ تاوانێکیشی ناگات، تا ئەو کاتەی دەستەوەستان بێت لە گوتنی حەقدا.

ـ بۆ فێربونی منداڵەکەت بەدەستکراوەیی پارە خەرج بکە، سەلمێنراوە کە فێربونی باش تێچونی دارایی زۆرە، بەلام لە مەودای دووردا فێربونی خراپ تێچونەکەی زۆر زیاترە.

ـ ئەمڕۆ گازندەکردن لە هەموو شتێکدا زیادی کردوە، هەروەها شێوازی رەخنەگرتنیش، زۆرێك لە دایکان و باوکان باس لە نارەحەتی و گرانی ژیان و گوزەران دەکەن، هەرچەندە ئەم شتانە سروشتیە، بەلام دەبێت بزانین لەگەڵ ئەوەدا پێویستە مژدەو گەشبینی بلاوبکەینەوەو باس لە بەخشش و نیعمەتەکانی خوای گەورە بکەینەوە کە هەموو سنورێکی تێپەڕاندوە.

ـ هەندێك لە دایکان و باوکان بێدەنگی و فەرامۆشکردنیان پیادەکردوە لە پەروەردە کردنی کوڕ و کچەکانیاندا، تا ئەو کاتەی کەسێکیان دەکەوێتە نێو هەڵەیەکی گەورەوە و ئەوکات بەرویدا هەڵدەشاخێن و سەرزەنشتی دەکەن، شێوازی پەروەردەی راست خۆی لە دانانی بنەمای رون و ئاشکرای هەڵسوکەوتکردندا دەبینێتەوە، هەروەها یادخستنەوەی منداڵەکانیش ناوبەناو بەو بنەمایانە.

ـ کاتێـك منداڵـەکان لـە ماڵـەوەدا لەسـەر یـاریکردن بـە یـەکێك لـە یاریەکانیان دەمەقاڵێ دەکەن، شێوازی راست ئەوەیە ئـەو یاریـە دەسـتی بەسـەردا بگریـت و بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو رێگرییـان لێبکـەیت لـە یاریکردن، تا شـێوازی پێکـەوە یـاری کـردن فێـربن و قەناعـەتێکیان بـۆ دروسـت دەبێـت کـە شـەڕکردن لەسـەر یارییـەکان بـە زیـانی هـەمویان کۆتایی دێت.

ــ ئاشــکرایە زۆرێــك لــە خێزانــە مســوڵمانەکان لــە هەســتانی منداڵــەکانیان بــۆ نوێــژی بــەیانی شکســتیان هێنــاوە، بــەهۆی جەختنەکردنـەوە لەسـەر گرنگـی نوێـژی بـەیانی و درەنـگ نوسـتنی منداڵـەکان لەشـەودا، ئەمـەش کـارێکی زۆر مەترسـیدارە، پێویسـتە بەوپەڕی خێراییەوە کاربکرێت بۆ لابردنی ئەم دیاردە خراپە.

ـ گەر خوای گەورە نیعمەتەکان و بەخششەکانی فـراوان کـرد لەسـەر خێزانێك، ئەوکات گرنگە ژورێك دیاری بکەن بۆ یاری منداڵان، ئەمەش هانیان دەدات لەسـەر یـاریکردن، ئـەوکات هـەموو ماڵەکـە بەشـێوەیەکی باش و بەهێمنی و رێکوپێکی دەمێنێتەوە.

ـ منـداڵی تەمـەن چوارسـاڵان پێویسـتە چـیرۆکی بـۆ بگێڕیتـەوە، و هەنـدێك چـیرۆکی خـۆش و بەسودیشـی بـۆ بخوێنیتـەوە، تـا منداڵەکـە چێژ وەربگرێت و بایـەخی زیـاتر بـدات بـە وانـەی بـۆی دەخوێنینـەوە، پێویستە ئەو چیرۆکانەی بۆ بخوێنینەوە کە باس لەو شتانە دەکات کـە منداڵەکە خۆشیدەوێت، وەك جۆرێکی دیاریکراو لە ئاژەڵ یان لە میوە.

ـ لـه هەڵـه پەروەردەییـەکان کـه دایکـان و باوکـان تێیدەکـەون، شـیکارکردنی ئـەرکی قوتابخانەیـه لـەبری منداڵـەکانیان، ئەمـەش وا دەکات منداڵەکه هەست بەوه بکات که دەستەوەستانه و هانی دەدات تـا له بەرپرسیارێتی رابکات.

ـ هەموو کوڕان و کچانێك هەڵەو رەفتارگەلێکیان هەیه حەز ناکەن باوانیان پێی بزانن، چاك وایه پەروەردکاری لێهاتوو خۆی لێ بێئاگا بکات، گەر پێویست بوو بیخاته روو، بەلاّم با بەشێوەی ئاماژەدان بێت نەك راشکاوانه.

ـ کاتێـك کەسـێك لەئێمـه تـا درەنگـانێکی شـەو دەمێنیتـەوە، بیردەکاتەوه له یارمەتیدانی منداڵەکەی تا لـه کاروبارێکدا پێشکەوێت، یـان کێشـەو بـارێکی بـۆ چـاکبکات، بـا ئاگـاداری نـەوەکانی بکاتـەوه، تـا هەستبکەن کەوا جێگای بایەخ و چاودێری کەسوکاریانن.

ـ نـەوەکانمان دەتـوانن باشـترین خـەڵات بەدەسـتبێنن گـەر توانیمـان رازییـان بکـەین، بـەوەی رۆژانـه نیـو کاتـژمێر تـەرخان بکـەن، بـۆ ئەنجامدانی کارێکی بەسود بۆ خۆیان یان بۆ خێزانەکانیان.

ـ بـەردەوامبون لـه ئامۆژگـاریکردنی منـدالاّن و فـەرمان پێکـردن و رێگریکردن لێیان زیانی دەرونی زۆریان پێدەگەیـەنێ، ئـەوکات لـەنێوان منداڵـەکان و ئەوانـەی پـەروەردەیان دەکـەن بەربەسـتی زۆر دروسـت دەبن، جا پێویسته فەرمان پێکـردن و رێگریکـردن وەك خـوێی چێشـت وابێت.

ـــ گــەر ویســتمان ستایشــی منــداڵێك بكــەین بــا ستایشــی كاروتێكۆشانەكەی بكەین نـەك خـودی خـۆی، وەك ئـەوەی پێـی بڵـێین: ئەو نمرانـەی لـە تاقیكردنـەوەی دواییـدا بەدەسـتت هێنـا نایابـە، ئەمـە چاكترە لەوەی كە پێی بڵێین: تۆ ئەی (خالید) قوتابیەكی تێكۆشەریت.

ـ منـداڵ فێربكـە بـە هێواشـی بـدوێت، وە رایبێنـە كـە پیتـەكان لـە دەروازەی راستی خۆیانـەوە دەربكات، ئەمـەش وا دەكات بایەخـدان بـە زمان لە ناخیدا چەكەرە بكات و لە سەرەتای ژیانیەوە دەست پێبكات.

ـ كاتێك خێزانێـك ویستیان بـە ئۆتـۆمبیلی خۆیـان گەشـتێكی درێـژ ساز بكەن، چاك وایە یەكێك لـە نـەوەكانیان راسـپێرن بـە ئامـادەكردنی پێشـبڕكێیەكی رۆشـنبیری و پێشكەشـكردنی لـە میانــەی گەشـتەكەدا، ئەمـەش بەمەبەسـتی سـود وەرگـرتن لـە كـات و بـوار نـەدان بـۆ شـەڕو دەنگەدەنگی منداڵان لەناو ئۆتۆمبیلەكەدا.

ـ منـداڵ رابێنـە ئـەو شـتانەی كـە لـە هـاوڕێ و هاوەڵـەكانی وەری دەگرێت ، بۆخاوەنەكانی بگێڕێتـەوەو دوای نـەخات، بیری بخـەرەوە كـە پێویسـتە لـە كـاتی گەڕانـەوەدا كەرەسـتەكان لـە بـارێكی باشـدابن وەك كاتی وەرگرتنی.

ـ پێویستە دایك و باوك خۆ بەدوربگرن لە لێدانی منداڵ، بەتایبـەت لە كاتی توڕەییدا ، گەر منداڵ هاواری بە خوای گەورە كرد، دەستبەجێ دەست هەڵبگرن لە لێدانی، تـا رێـزو گـەورەیی خـوا لـە نـاخی خۆیـان و منداڵەكانیاندا بەرجەستە بێت.

ـ پێویستە لەسەر دایباب منداڵەکانیان فێری دەربڕینی جوان بکەن، گەر منداڵەکە درۆی کرد با پێی نەڵێین: درۆت کرد، بەڵکو پێی بڵێین: ئەمە پێچەوانەی واقیعە، گەر رای خۆی گۆڕی پێی نەڵێین: تۆ هەر رۆژەی رایەکەت هەیە بەڵکو پێی بڵێین: دوێنێ راکەت جیاواز بوو.

ـ منداڵ هانبدە تا متمانەی بەخۆی هەبێت، وا مامەڵەی لەگەڵدا بکە کەوا کەسێکی متمانە پێکراوە، بەردەوام ئاگاداری بکەرەوە کە پشتیوان بە خوا لە ئایندەدا دەتوانێت زۆر کاری چاك ئەنجام بدات.

ـ چاك وایە لە باری ئاساییدا بەدورو درێژی لەگەڵ منداڵەکانماندا بدوێین، بەڵام لە کاتی رێنمایی و سەرزەنشتکردندا چاك وایە بەپێی توانا کورتی بکەینەوە.

ـ پێویستە دایك ژینگەیەکی ئارام بۆ منداڵەکانی فەراهەم بێنێت، ئەمەش لە میانەی هێمنی و ئارامیماڵەکەیدا، وە لە میانەی بلاوکردنەوەی خۆشەویستی و بەزەیی و رێزگرتنی دوولایەنە، ئەمەش هانی منداڵ دەدات خەڵکانی تری خۆشبوێت و گومانی باشیان پێ ببات.

ـ نەوەکانمان پێویستیان بە ئەقڵێکی کراوە هەیە تا ساز بێت بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی شتی نوێ ، دواتر هەڵوێستێکی پێگەیشتوانە لە بەرامبەریاندا بنوێنین، ئەمەش دەخوازێت گفتوگۆی هێمنانەی داڕێژراو لەسەر بنەمایەکی زانستی بکەینە میکانیزمێکی سەرەکی بۆ پەیوەندی لەگەڵ نەوەکانماندا.

ـ گەر ئەوانەی دەمانەوێت بیڵێین بە منداڵەکەمان هەموومان وت، ئەوا دواتر ناچار دەبین دووبارەی بکەینەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی بێزاری و بێتاقەتی، با هەوڵبدەین شتێکیان پێبڵێین کە حەز دەکەین پێیان بوترێت، ئەوانی تر هەڵگرین بۆ کاتێکی ترو بۆنەیەکی دی.

ـ شتێکی باشە خێزان دوو هەفتە جارێك هەستێت بە ئەنجامدانی گەشتێکی کورت، ئەمەش دەبێتە مایەیی زیادبوونی خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان ، هەروەها خۆشحاڵ و چالاکتریان دەکات بۆ کاروچالاکی و فێربونی زانست.

ـ کوڕەکەت هانبدە با هاوڕێیەکی باش بێت بۆ هاوڕێکانی، ئەمەش لە میانەی ستایشکردنی هاوڕێکانی لە بەرامبەر خەڵکیداو ئامۆژگاریکردنیان بەشێوەیەکی نهێنی و یارمەتیدانیان تا لە خوێندندا سەرکەوتوو بن.

ـ لەکاری چاکەدا پەروەردەی دەرون و چاککردنی خوو رەوشت بۆ مرۆڤ فەراهەم دێت ، گرنگە دایکان کچەکانیان هانبدەن یارمەتی بێوەژنان بدەن لە خزمان و ئەوانەی نیشتەجێی گەڕەکەکەن و هەندێ لە پێداویستیەکانیان بۆ دەستەبەر بکەن، ئەمەش پاداشتی گەورەی لای خوای گەورە هەیە، پلەی دایکان و کچانی پێ بەرز دەبێتەوە.

ـ منداڵ هانبدە با لە خەرجی رۆژانەیدا دەست بگرێتەوەو هانی بدە بەشێك لە خەرجیەکانی پاشەکەوت بکات بە مەبەستی خێرکردن و کڕینی هەندێك شتی گرنگ کە لەکاتی ئاساییدا ناتوانێت بیانکڕێت، بەهەر حاڵ منداڵانێك کە ئاستی زیرەکیان بەرزبێت، بەسروشتی

خۆیـان حـەز لـە چـاك ڕێكخسـتن و پاشـەكەوت كـردن دەكـەن لـە بەكارهێنانی دەرامەتەكانیاندا.

ـ هەنـدێك لـە دایكـان بڕوایـان وایـە پێـدانی شـروبی هـێمن كـەرەوە وخەولێخەر بـۆ منـداڵ باشـترین ڕێگایـە تـا بـە قـوڵی بخـەوێت و پشـوو بدات، ئەمە شـتێكی هەڵەیـە، چونكە شـروبی خەولێخـەر دەبێتـە هـۆی پەكخستنی گەشـەكردنی دەزگـای دەمارەكـان لـە منداڵـدا، لـەبری ئەمـە شۆرینێتی لە گەرماوێكی گەرمـدا، و خوێندنـەوەی چیرۆكێكی جـوان و دانسقەیە بۆی.

ـ هانی منداڵ بـدە تـا تێكـەڵاوی هاوڕێكـانی بێـت بـۆ یـاریكردنی بـە كۆمـەڵ، چـونكە یـاریكردن لەگـەڵ كۆمەڵێكـدا منـداڵ رادێنێـت لەسـەر بیركردنەوەی بە كۆمەڵ و خزمەتكردنی كۆمـەڵ، هـەروەها لـە میانـەی یـاری بـە كۆمەڵـەوە فێـری دادپـەروەری و پابەنـدبوون بـە یاسـاكانەوە دەبێت.

ـ یارمـەتی منداڵەكـەت بـدە پرسـیارەكانی بخاتـە روو، سـەرەنج و تێبینیەكانیشـی دەربـبڕێ، ئەمـە پێویسـتە كاتێـك زانـرا منداڵەكـە كەسێكی داخراوە، یان كەسێكە زۆر حەز لە یاریكردن دەكات و ڕۆچووە لە یاریكردندا.

ـ با یارمەتی منداڵەكان بـدەین تـا بـەزمانی پـاراو بـدوێن و بـۆ ئـەم مەبەستە هـان بـدرێن، دەشـێت هەنـدێك كاسـێتی بـۆ دابـین بكـەین كـە هۆنراوە و سـرودی پـاراوی تێـدا بێـت، خەڵاتیشـی بكـەین كاتێـك بـڕی لەبەركردنی زیادی كرد.

ـ کاتێك منداڵ دەگاتە تەمەنی یازدە ساڵی شیاوە بۆ ئەوەی رایبیێنین کاروباری تایبەتی وکەسی خۆی بنوسێتەوە، پێویستە بۆ ئەم مەبەستە هاوکاربین و هانی بدەین بۆ تۆمارکردنی هەموو ئەو کارو چالاکیانەی لەماوەی هەفتەیەکدا لە ئەستۆیدایە تۆماری بکات، ئەمەش یارمەتی دەدات تا کەسێکی وردو روون بێت لە کارەکانیدا.

ـ هەرچەندە پەروەردکار هەڕەشەکانی کەم بکاتەوە ئەوە بەڵگەیە لەسەر کارامەیی و لێهاتویی، بەهەر حاڵ راست نیە هەڕەشە لە منداڵ بکەی بۆ ئەنجامدانی کارێك کە ناتوانێ جێبەجێی بکات، وەك ئەوەی پەروەردکار پێی بڵێ: گەر لە ژورەکەت هاتیتە دەرەوە پێش تەواوکردنی ئەرکی قوتابخانەت ئەوا قاچت دەشکێنم! ئەم هەڕەشەکرنە بێسودە چونکە منداڵ دەزانێت ئەمە جێبەجێ ناکرێت.

ـ هەندێك لە منداڵان بە شەڕەنگێزیەوە گوزارشت لە ناڕەحەتیەکانیان دەکەن بە هۆی بچوکی و تەنگی ئەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێن و ناشێت بۆ جوڵەو یاریکردن، چارەسەر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هەندێك لە یاریەکانیان لەسەربان دابنرێت یان بردنیان بۆ پارك و شوێنی کراوە تا ئەوەندە یاری بکەن شەکەت و ماندووبن.

ـ کاتێك نەوەکانمان بەسۆز و خۆشەویستی پێویست پاراو ناکەین، ئەمە هانیان دەدات بۆ ئەنجامدانی زۆرێك لەکاری سەرەڕۆیی بەمەبەستی سەرەنجراکێشانی دەوروبەر، بایەخدان بە نەوەکان و ستایشکردنیان و پرسیارکردنی بارودۆخیان وا دەکات هەست بە سۆز و

عاتیفـەی تـەواو بکـەن، ئەمـەش لـە زۆر هەڵسوکەوتی هەڵـە دوریـان دەخاتەوە.

ـ پێویستە بەردەوام بۆ منداڵی رونبکەینەوە کە ژیانی دونیا خانـەی تاقیکردنەوەیە، هەموو خەڵکی لە تاقیکردنەوەدان، ئەم تاقیکردنەوەیە دەشێت بە دەوڵەمەندبوون بێت، یـان بـە هـەژاری، یـان بـە تەندروسـت باشی، یان بە نەخۆشی، کەسی سەرکەوتوو ئـەو کەسـەیە سوپاسـی خـوا بکات لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەموو بارەکاندا دامەزراو بێت.

ـ منداڵ ئاراستە بکە بەوەی بە چاکی ئاگاداری ئەوانـەی دەوروبـەری بێت، ئازاریان نەدات بە جوڵەیەك یان وشـەیەکی نـەگونجاو یـان دەنگە دەنگ و ژاوەژاو، کەسی بڕوادار سورە لەسەر ئـە وەی مسوڵمانان هیچی لێ نەبینێ جگە لە جوانی و چاکی و رێکی.

ـ منـداڵ لەسـەر هـەڵگرتنی بەرپرسیارێتی رابێنـە، سـەرەتا لـە نێـو خێزاندا ولە میانەی راسپاردنی بە کڕینی هەندێك شتومەکی پێویست لـە بـازاڕ و دوکانـدا، یـان ئامـادە کردنـی پێشبڕکێیەکی رۆشـنبیری یـان بەرنامەیەکی خۆشی، زۆرێك لە باوکان بایەخ بەم بابەتانە نادەن، بۆیـە پێگەیشتنی نـەوەکانیان دوادەکـەوێت، لەوانەیـە ئەمـەش ببێتـە مایـەی ئەوەی منداڵ ڕابێت لەسەر پاڵدانەوەو گوزەران لە پەراوێزی ژیاندا.

ـ گرنگە بۆ کوڕ و کچەکانمانی رونبکەینەوە کە ژیانی مسوڵمان لـەم دونیایـەدا بریتیـە لـە زنجیرەیـەك لـە ئامەنـەت پـارێزی، خـاوێنی و پایـەکانی ئیسـلام و راسـتگۆیی و دەسـتپاکی و پـاکیزەیی هـەمویان ئەمانـەتن و پێویسـتە جێبـەجێیان بکـەین، وەك چـۆن خـوای گـەورە

داوامان لێدەکات، ئەمەو هەوڵبدەین لە هیچ شتێکیاندا کەمتەرخەمی نەنوێنین.

ـ زۆرجار نەوەکان پرسیار و کێشەی زۆریان هەیە، بەڵام سەرقاڵی دایباب بواریان پێ نادات بیخەنە روو، بە بڕوای من کۆبونەوەی نیومانگی بۆ خێزان هەلی خوازراو بۆ ئەم مەبەستە دەڕەخسێنێ.

ـ گرنگە بەربەستی ناوەکی لای منداڵ دروست بکەین، تا لەشەرم و ترسی خوای گەورەدا دوور کەوێتەوە لە خراپەو کاری ناشیرین، یان لەبەر بەرزی وشکۆیی ناخودەرونی خۆی، ئەمەش پێویستی بە دوو شت هەیە پێدانی پانتاییەکی باش لە ئازادی لە زۆرێك لە کاروبارەکاندا، سپاردنی هەندێك بەرپرسیارێتی پێی بۆ ئەنجامدانی هەندێك ئیش وکار.

ـ منداڵ رابێنە تا ئەو پەڕی توانا سود لە کات وەربگرێت، ئەگەر وتی: نوسینەوەی ئەرکێك پێویستی بە کاتژمێرێکە پێی بڵێ: دەکرێت لە پەنجا خولەکدا جێبەجێی بکەیت، ئەگەر وتی سەردانێکی کورت پێویستی بە نیو کاتژمێرە پێی بڵێ دەکرێت خۆت رابێنی لە بیست خولەکدا جێبەجێی بکەیت هەروەها..

ـ بۆ منداڵەکەتی رونبکەرەوە چۆن خەڵکی تا رادەیەکی زۆر لێکدەچن، هەر بۆیە ئەو شتانەی ئازارمان دەدەن ئازاری خەڵکانی تریش دەدەن، ئەوشتانەی دڵخۆشمان دەکەن، خەڵکی دیکەش دڵخۆش دەکەن، گرنگە مرۆڤ هەوڵبدات خۆشی بخاتە نێو دڵ ودەرونی برا مسوڵمانەکانیەوە.

ـ ئەگەر منداڵ گازندەی کرد کە شتێك لە قوتابخانەدا بێزاری دەکات، ئەوا ئەو گلەییە فەرامۆش مەکەو بچۆ بۆ لای بەڕێوەبەرو گفتوگۆی لەگەڵدا بکە سەبارەت بەو گرفتە، گونجاو نیە لەگەڵ مامۆستاکان یان قوتابیەکاندا باسی بکەیت، چونکە کارەکان ئاڵۆز دەبن.

ـ گەر پەروەردکار هەستی کرد درۆکردنی منداڵەکەی زیاتر بووە،و بەردەوامە لە سەر درۆکردن تەنانەت دوای گفتوگۆکردنیش لەگەڵیدا، چاك وایە لەم کاتەدا بیبەی بۆ لای کەسێکی پسپۆڕ پێش ئەوەی درۆکردن ببێتە بەشێك لە هەڵسوکەوتی گشتی منداڵەکە.

ـ منداڵ ئاگادار بکەرەوە لەوەی لەگەڵ کەسی نەناسراودا سوارنە بێت یان نەڕوات بۆ شوێنێك، ئاگاداری بکەرەوە لەوەی شەوان بە شەقامی تاریك و تەنگەبەردا نەڕوات، داوای لێبکە ئاگادارت بکاتەوە لە هەر تەنگەتاویەك کە روبەڕوی دەبێتەوە.

ـ ئەرکی قوتابخانە رۆڵیکی گەورەی هەیە لە فێربونی نەوەکاندا، لەسەر کەسوکار پێویستە جەخت لەوە بکەنەوە کەوا نەوەکانیان بە چاکترین شێوە ئەرکەکانیان جێبەجێ کردووە، ئەمەو هاندان و پاداشتکردنیان لە هەندێ حاڵەتدا کارێکی بەسوودە.

ـ گەر منداڵ کارێکی ناشەرعی ئەنجامدا، شێوازی پەروەدەیی راست لێمان دەخوازێت پێی بڵێین: ئەمە کارێکی حەرامە، ئەم کارە خوای گەورە پێی رازی نیە، هەندێك لە دایك و باوکان دەڵێن: ئەو کارە عەیبە، یان زیان بەخشە، ئەمەش لە ناخی منداڵاندا دەچەسپێت، بۆیە

منداڵ لەبەر رووداني زيانێك يان كاتێك خەڵكى دەيبينێت لەوكارە دوور دەكەوێتەوە، ئەمەش كارێكى باش نيە.

ـ فشار مەخەرە سەر منداڵ تا يەكەم يان دووەم بێت بەسەر هاوڕێكانيدا، بەڵام هانى بدە بە شێوازێكى باش بخوێنێت، ژينگەيەكى لەبارى بۆ بڕەخسێنە تا يارمەتى بدات بۆ بەديهێنانى ئەم مەبەستە.

ـ مۆڵەتى درێژ پێويستى بە پلانى پێش وەخت هەيە، هەروەك چۆن رۆژانى كار پێويستيان بە پلانە، دانيشتنى منداڵان لەماڵدا بۆ ماوەى دوو يان سێ مانگ بە بێ بەرنامەيەك كە بەشێكى رۆژەكە سەرقاڵيان بكات، وا دەكات بۆڵە بۆڵ بكەن و هەست بە بێتاقەتى و دەست بەتاڵى بكەن و ببنە مايەى بێزارى بۆ دەوروبەرەكەيان.

ـ منداڵ رابێنە لەسەر گەشبينى و خەندەو ستايشكردنى خواى گەورە لە هەموو كاتێكدا، روبەڕوى ئارەزووى هەرزەكاران بەرەوە لە زێدەڕۆيى كردن لە گلەيى و گازندە و رەخنەگرتنى زبر.

ـ ئێمە وا تەماشاى لێدان دەكەين كەوا شێوازێكى پەروەردەيى نيە، لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر هات و باوك لە كوڕەكەيدا ، ناكرێت كوڕەكەى ناچار بكات پۆزشى بۆ بێنێتەوە دواى ئەوەى لێيداوە، وە پێش ئەوەى هێمن بێتەوە، چونكە ئەمە دەبێتە هۆى زەليل كردنى منداڵ و سوكايەتى پێكردنى.

ـ نەوەكانت ئاگادار بكەرەوە ئەو بەهايانەى منداڵانى خزم و هاوڕێ و دراوسێكان هەڵيانگرتوە، هەروەها ئەو رەفتارانەى دەينوێنن، ناكرێت هەمان ئەو بەهايانە بێت كە خێزانەكەتان هەڵى گرتەوە، ئەمەش لە

پێناوی هاندانی نەوەکانە، تا روو بەڕوی فشاری خراپ ببنەوە کە لە لایەن هەندێك لە هاوەڵەکانیانەوە توشی دەبن.

ـ ئەگەر منداڵ هەڵەی کردو شتێکی نەگونجاوی ئەنجامدا جاری یەکەم چاوپۆشی لێبکە، گەر بۆ جاری دووەم هەڵەکەی کردەوە پێی بڵێ جاری سێیەم سزات دەدەم، ئەگەر هەڵەی کرد ئەوا سزای بدە بە پێی گونجانی تەمەنەکەی، با سزادانەکە راستەوخۆ دوای رودانی هەڵەکە بێت.

ـ ئەگەر ویستمان منداڵ هەست بە کەسایەتی و بونی خۆی بکات، پێویستە بە رێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئاگاداری بکەینەوە کە بونی ئەو زۆر گرنگە لە ژیانی خێزانەکەدا، گەر توشی ناڕەحەتیەك بێت هەموو بۆی نیگەران دەبن.

ـ گرانترین شت لە پەروەردەدا پەروەردەی بچوکەکان نیە، بەڵکو خۆسازدانمانە تا شایستەی پەروەردەکردنیان بین، گەورەترین کێشە کە روبەڕوی هەوڵە پەروەردەییەکان دەبێتەوە لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا ئەو پانتاییە جیاکەرەوەیە کە لە نێوان گوتاری پەروەردەکاران و رەفتاریاندا هەیە.

ـ زۆرێك لە منداڵان لەگەڵ براو هاوەڵەکانیاندا بە زبری و توندی هەڵسوکەوت دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ئەمانە سەر بەخێزانی باش و ناودارن، هۆکاری ئەمە دانانی منداڵەکانە لەگەڵ خزمەتکار و شۆفێرەکاندا ئەوانیش توندوتیژییان لەگەڵدا پەیڕەو دەکەن و منداڵەکانیش لێیانەوە فێردەبن.

ـ چاکترین کۆششی پەروەردەیی کە هەوڵی بۆ بدەین ئەو کۆششەیە کە لەمیانەیەوە ژینگەیەکی پەروەردەیی چاك بینابکەین، چونکە ژینگەی خراپ نمونەی خراپ پێشکەشی منداڵ دەکات،و حەزەکانیان سنوردار دەکات، زۆرێك لە رێنمایی و ئاراستە پەروەردەییەکانیش بەهۆیەوە با دەیبات.

ـ دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکەتدا بکە، بواری بدەرێ تا بە ئازادی رای خۆ دەربېڕێت و باسی حەز و خولیاو ئازارەکانی بکات، گەر لە ماڵەکەیدا بەمانە نەگات ئەوا لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نایدۆزێتەوە.

ـ خێزانی زۆر هەیە گاڵتە بە هەندێك لە منداڵەکانی دەکات، ناوو ناتۆرەی ناشیرینیان پێوە دەنێت، ئەمەش کاریگەری خراپ ونەرێنی لە دەرونیاندا جێدەهێڵێت، بۆیە دەیانبینی کەسانی شەرمن وترسنۆکن، بە گرێی خۆبەکەم زانینەوە دەناڵێنن،و حەز و خولیاکانیان سنورداره ، ئەوەی خوازراوە بکرێت بریتیە لە هاندان و ستایش کردن و بیرخستنەوەی لایەنە باشەکان و سەرکەوتنە بەرجەستەکانی منداڵانە.

ـ هەندێك لە دایکان و باوکان هانی منداڵەکانیان دەدەن تا بڕێکی زۆر خواردن بخۆن، چونکە بڕوایان وایە منداڵە قەڵەوەکان تەندروستیان باشترەو بەختەوەرترن، ئەمەش راست نیە، منداڵ گەر نەخۆش نەبێت بە پێی ئارەزووی خۆی دەخوات، هیچ شتێکی باش و ئەرێنی تێدانیە هانی منداڵ بدەیت تا خواردنی زۆر بخوات.

ـ منداڵ لە بچوکیەوە رابێنە تا خۆی بڕازێنێتەوە بە چاکەیەك لە چاکە گەورەکان بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا، تا ئەوەی لە نێو خەڵکیدا بەو کارە بناسرێتەوە، وەکو راستگۆیی، میهرەبانی، گورجوگۆڵی، تێکۆشان ، یارمەتیدانی خەڵکی....

ـ منداڵ رابێنە تا کاروبارەکانی هەموی بگێڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، داوای پێداویستیەکانی لەو بکات، رایبهێنە با زۆر یاد و ستایشی خوای گەورە بکات، چونکە سەردەمەکەمان سەردەمی بێئاگایی و سەرقاڵبونە بە شتە بچوکەکانەوە.

ـ میهرەبانی و مژدەدان و بایەخپێدان لە سیفەتە جوانەکانی هەر مرۆڤێکن، گرنگە بۆ منداڵی رونبکەینەوە چۆن پێشوازی لە میوانەکانمان بکات، چۆن خزمەتیان بکات، چۆن بەڕێیان بخات، چۆن داوای لێبوردن بکات لە کەمتەرخەمی کردن لە بەرامبەریاندا....

ـ زۆرێك لە منداڵان لە بارەی مردنەوە پرسیار دەکەن، پێویستە ئامادەبیت بۆ وەڵامدانەوە، وەك ئەوەی پێی بڵێیت: هەموو مرۆڤێك کاتێك گەورە یان پیر دەبێت یان پەکی دەکەوێت دەمرێت ، مسوڵمانی باش دەچێتە بەهەشتەوە، لە بەهەشتیشدا خۆشی و نیعمەتی گەورە هەیە.

ـ گەر باوك یان دایك رەخنەیان لە یەکێك لە منداڵەکانیان گرت، لەکارێك لە کارەکاندا ئەوا پێویستە بوار بە منداڵەکە بدەن بەرگری لەخۆی بکات و هۆکاری رەفتارەکەی رونبکاتەوە، گەرنا ئەوا منداڵەکە هەست بە زوڵم و ستەم دەکات.

ـ پێویستە لەسەر هەریەکەمان یارمەتی نەوەکانی بدات بۆ هەڵبژاردنی هاوڕێی باش، چونکە هاوەڵی کردنی چاکەکان لەسەردەمی ئاشوبدا کەشتی رزگاریە و بەدەستهێنانی خێروچاکەی بێئەندازەیە، دەوترێت مرۆڤ لە میانەی تێکەڵاوبونی لەگەڵ چاکەکاندا نزیکەی ٦٠٪ ی نەریتە چاکەکان کەبەهرە مەندە پێی بەدەستدێنێت.

ـ هەندێك لە خێزانەکان بایەخ بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بە منداڵەکانیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو دەدەن و زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە، دواتر لەمەدا نەرمکێشی دەنوێن، منداڵەکانیش ئەوەی لەبەریان کردوە لە بیریان دەچێتەوە، راست ئەوەیە رایان بێنین لەسەر لەبەرکردنی کەم لەگەڵ چاودێریکردنی بەردەوامدا، هەروەك لە فەرمودەدا هاتەوە (فالمنبت لا ظهرا ابقى ولا ارضا قطع). بەواتای: رۆشتن بە بەردەوامی وبێ پشودان و حەسانەوە ناتگەیەنێتە مەبەست وماندووت دەکات، بەلاّم بەهێمنی و لەسەرخۆیی دەگەیتە مەبەست باماوەکەشی درێژبێت.

ـ پێویستیمان بەوەیە پەرە بە توانای منداڵ بدەین سەبارەت بە گوێگرتن لە دیدوتێڕوانینە جیاوازەکان، هەرچەندە ئەوەی دەوترێت کرچوکاڵ بێت یان لۆژیکی نەبێت..... چونکە دوای گوێگرتن گفتوگۆکردنە دواتر حوکم ئینجا بڕیاردان.

ـ هەندێك لە منداڵان لە تاریکی دەترسن، هەندێکی تریان لە پشیلە یان جاڵجاڵۆکە دەترسن، چارەسەری ئەمە بریتیە لە تێگەیشتنی ئەو بارانەو زۆر لێنەکردنیان لەسەر نزیك بونەوە لەو شتانەی لێی

دەترسن، بۆیان رونبکەیتەوە کەوا هیچ شتێك نیە مایـەی ترسـان بێـت، لەگەڵ ئارامگرتن لەسەر رەواندنەوەی ترسەکانیان هەنگاو بە هەنگاو.

ـ ئەگەر منداڵ مادەیـەکی نـامۆی قوتـدا وەك دەمبـوز یـان پـارە یـان قۆپچە، ئەوا هیچ مادەیەکی رەوانکەری پێ مـەدە، چـونکە ئـەوە سـودی بۆی نیەو ئازاری دەدات، بەڵام راستەوخۆ بیبە بۆ لای پزیشك.

ـ ئەگەر منداڵ هات بۆلای بـاوکی ومیـوانی لابـوو گونجـاو نیـە داوای پارەی لێبکات، یان بە دەنگی بەرز سەبارەت بە کاروباری خێزان قسـەی لەگەڵدا بکات، پێویستە باوك منداڵەکەی فێربکات چۆن کات و شـێوازی گونجاو هەڵدەبژێرێت بۆ ئەم کارانە.

ـ منداڵ فێربکە کە تۆمـەتبارکردنی هـاورێ منداڵـەکانی لـە شـتێکدا کـە تێیانـدا نیـە کـارێکی حەرامـە، هـەروەها کەمکردنـەوەی پێگـەی مەعنـەوی هاورێکـانی وەك ئـەوە وایـە موڵـك ومـاڵی مادیـان ببـەیت، سـوکایەتی کـردن بـە مسـوڵمان و جنێـو پێـدانی و خۆبەگـەورە زانـین بەسەریداو ترساندنی و باسکردنی ناموسی بە ناهـەقی، هـەموو ئەمانـە دەچێتە چوارچێوەی بەزاندنی مافە مەعنەویەکانی مسوڵمان و هـەموو ئەمانە حەرامن.

ــ خۆمــان کەســانی کامــڵ نــین، هەڵــەو کــەموکورتیمان هەیــە، نەوەکانیشـمان ئەمانـە دەبیـنن، جاکاتێـك ئێمـە نـەوەکانمان پـەروەردە دەکـەین پێویسـتە سـەرەتا کاربکـەین بـۆ چـاککردنی خۆمـان، چـونکە نــەوەکان لــە کەوتنــە نێــو هەڵەیەکــەوە دوورناکەونــەوە ، کاتێــك پەروەردکارانیان دەبینن دەکەونە نێو هەمان هەڵەوە.

ـ کاتێـك منـداڵ هەڵەیـەکی گـەورە دەکـات وەك شـکاندنی شـتێکی دەگمەن یان ڕژانی مەرەکەب بەسەر فەرشدا، زۆرجار هەست و هۆشمان لەدەستدەدەین، هاواربەسەر منداڵەکەدا دەکەین بـێ بیرکردنـەوە سزای دەدەیـن، ئـەم سـاتە وەختانــە خـراپترین سـاتە وەختـی باوکایـەتی و دایکایەتیە.

ـ پۆزش هێنانەوە لـە هەڵـە چاکەیەکە لـە چاکەکان، گرنگـە منـداڵ فێربکەین بڵێت: داوای لێبوردن دەکەم، کاتێك هەڵـە بەرامبـەر براکـەی یان هەر کەسێکی تر دەکات، دواتر هەستێت بە چاکردنی ئـەو شـتانەی بە هۆی هەڵەکەیەوە خراپ بون، دواتـر منـداڵ فێـری پـۆزش هێنانـەوە دەبێـت بەشـێوازێکی ئاشـکراو ئاسـان، کاتێـك بینـی گـەورەکان کـە هەڵەدەکەن پۆزش دەهێننەوە.

ـ کاتێـك ژن و مێـرد بەرامبـەر بـە منداڵـەکانیان دەمـەقاڵێ دەکـەن ئەوا منداڵەکانیان ڕوبەڕوی شەپۆلێك لە هەستی خـەمباری و پـەژارەو ترس و بیم دەبنـەوە، و مەترسیان لـە هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکـەیان هەیە، جا زۆر گرنگە هیچ گفتوگۆیەکی توند لـە نێوان دایـك و باوکـدا ڕونـەدات لـەکاتی ئامـادەبوونی منداڵـەکانیان، جـا پاسـاوو هۆکارەکـان هەرچیەك بن.

# ناوەڕۆك

- پێشەكی وەرگێڕ ........................................ ٥
- پێشەكی نووسەر ........................................ ٦
- بەشی یەكەم، پەیوەندە هاوسەران .............................. ٩
- بەشی دەووەم پەروەردەی منداڵان .............................. ٣٧